KURDISTAN



# ١٢ی بانەمەڕ

## خوێندکار بەشێکە لە نوخبەی داهاتووی کۆمەڵگە

بە بۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد لە نێوان داخوازییە سینفی و نەتەوەییەکاندا.................. ڕەحمان سەلیمی ..... ٣

٢- بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی لە ڕکەی فکری و ڕێکخراوەییدا.............................. ناسر باباخانی ..... ١٠

٣- سووژەی خوێندکار وتایبەتمەندییەکانی ........................................................ ڕەحمان سەلیمی ..... ١٧

٤- ئەرکی خوێندکاری کوردی نێو شۆڕش - وتوویژ لەگەڵ ناسر فەتحی................................ بێهزاد قادری ..... ٢١

٥- خوێندکاری کورد و پاراستنی زمانی دایکی - وتوویژ لەگەڵ ڕەند زارعی.......................... بێهزاد قادری ..... ٢٧

٦- ئەرکی خوێندکاری کورد لە دەرەوەی وڵات - وتوویژ لەگەڵ سیاوەش محەممەدی................. بێهزاد قادری ..... ٣٥

٧- خوێندکاری کورد و پرسی نەتەوەیی - وتوویژ لەگەڵ دیلان هەردی................................. بێهزاد قادری ..... ٤١

٨- خوێندکاری کورد و چالاکیی خوێندکاری - وتوویژ لەگەڵ داود عوسمانزادە.................... بێهزاد قادری ..... ٤٦

٩- بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران و کوردستانی خۆرهەڵاتدا؛ وتوویژ لەگەڵ کاردۆ ئەحمەدی............ ڕاوێژ ..... ٥٢

١٠- خەسارناسی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی.................................................... کۆماس شەبازی ..... ٦٣

١١- بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی.............................................................. جەمشید بەهرامی ..... ٦٧

١٢- گوتاری بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی، گوتارێکی ناسیۆنالیستییە........ بێستوون کوردنژاد:...............

........................................................................... یەکیەتیی خوێندکاران ..... ٧٣

١٣- بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕۆژهەڵات، بزووتنەوەیەکی بێ ڕێبەر و بەرەوهەڵدێر......... هەڵمەت مەعرووفی ..... ٧٩

١٤- ئەرکی خوێندکاری کورد لە کوردستان خۆرهەڵات لە قۆناغی ڕاسانەوەی خەباتدا؛ وتوویژ لەگەڵ ڕەحمان ئەمیری.......

................................................................................ ڕوژان عینایەتی ..... ٨٣

دۆخی خوێندکارانی کورد و بزاڤ و چالاکیی خوێندکاری؛ وتوویژی ژووری ڕۆژهەڤ............... ئیمان مواردوەیسی ..... ٨٨

١٥- فەرشاد دووستی پوور: بزوتنەوەی خوێندکاری کوردی دەبێت فرەیی حیزبی بخاتە پەراوێزی گوتارێکی نەتەوەی هاوبەش..................................................................... چاوپێکەوتن: ژیوار رەسوڵی ..... ٩٦

١٦- چییەتیی شانزەی سەرماوەزو بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی.................................. کاوە کەریمی ..... ١٠٢

١٧- ١٨ی پووشپەڕو کورتەیەک لە مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران......................... بیژەن قوبادی ..... ١٠٥

١٨- ڕەچەڵەکناسیی بزاڤی خوێندکاریی کوردی................................................ مەسعوود بینەندە ..... ١١١

١٩- بۆشایی پاراڵادایمیک؛ کێشەی بزاڤی خوێندکاری........................................... ئەمین سورخابی ..... ١٢١



سەرچاوە
Serchawe

# سووژەی خوێندکار و تایبەتمەندییەکانی



ڕەحمان سەلیمی

«خوێندکاران ئاڵاهەڵگری ئازادی و بزوێنەری شۆڕشەکانن، ئەوان ڕۆڵی کاتالیزۆر لە شۆڕشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەگێڕن.»

کاتێک هێربێرت مارکۆزە لە بیرمەندانی قوتابخانەی فڕانکفۆرت وەک باوکی مەعنەویی بزووتنەوەی خوێندکاریی دەیەی ٦٠ی زایینی شاهیدی جۆش و خرۆشی خوێندکاران لە شەقامەکانی پاریس و کالیفۆرنیا و ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی دوور بوو، بەم شێوەیە دوا.

بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێرانیش لە چەند قۆناغێکی مێژووییدا ڕۆڵی کاریگەری لە ئاراستە کردنی گۆڕانکارییەکان و ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی چەند دەیەی ڕابردوودا هەبووە.

هەر چەند پێکگرتنی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا (بە تایبەت دەیەی ٦٠) هەڵەیەکی مێتۆدیکە و گەڕان بەدوای ڕەگەزە هاوبەشەکانی ئەو بزووتنەوانە کارێکی زەحمەت و بێ سوودە، مەبەست لەو وتارەش گەڕانەوە نییە بۆ ئەو ڕۆژگارە پڕ قەیراناوییەی کە لە ئەنجامی دەرکەوتنی پاڕادۆکس لە هەناوی سەرمایەداری و مۆدێرنیتەدا سەری هەڵدا و بەشێک لە پێتەختەکانی گرینگترین وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەژاند. بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەکرێ لە سێبەری دروشم و

ئامانجەکانی بزووتنەوە خوێندکارییەکانی دەیەی ٦٠ی زایینیدا شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ ئەو ئاکسیۆن و جووڵە خوێندکارییانە بکرێ کە لە ئێراندا ڕوویان داوە. هەر لەو سۆنگەیەشەوە هۆکارەکانی ڕکوودی ئەو بزووتنەوەیە دەستنیشان بکرێن و ڕێکارەکانی دەربازبوون لەو بێدەنگییە بخرێنە ڕوو.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە لە بنەڕەتدا بوونی بزووتنەوەی خوێندکاری بەو واتا ڕادیکال و ئانارشیستییەی کە ناسراوە، دەرەنجامی ئەو بۆشاییە سیاسی و ڕێکخراوەییەیە کە لە کۆمەڵگا گەشەنەسەندووەکاندا هەبووە، یان بەرهەمی (توسعە)ی ناهاوسەنگی سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگایە. لە ڕاستیدا ڕەوابوونی چەمکگەلی وەک رادیکالیزم، پێکهاتەشکێنی، شۆڕشگێڕی و تەنانەت ئانارشیزم لەو بزووتنەوەیەدا و چاوپۆشین لە دەرکەوتە نێگەتیڤەکانی ئەو چەمکانە لە سەر کۆمەڵگا تەنیا بە هۆی بارودۆخی تایبەتی کۆمەڵگاوە و بە سپۆنسەریی خوێندکار پاساو هەڵدەگرێ کە ئاماژەی پێکرا.

## خواست تەوەری

بزووتنەوەی خوێندکاری وەک هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دی بزووتنەوەیەکی خواست تەوەرە، بەو واتایەی خوێندکار وەک هەر ئەندامێکی دیکەی کۆمەڵگا خاوەن کۆمەڵێک مافە کە پێویستە لە لایەن دەسەڵاتداران و بەرپرسانەوە ڕێزیان لێ بگیرێ. خواست تەوەری یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە بزووتنەوەی خوێندکاری دەتوانێ کەڵکی لێوەرگرێ و زیاترین خوێندکار لە پێناو بەدیهێنانی خواستە گشتییەکانی خوێندکاراندا بۆ ئاکسیۆنە خوێندکارییەکان مۆبیلیزە بکا. داواکردنی مافە سەرەتاییەکانی خوێندکاران لە زانکۆ وەک مافی خواردنی تەندروست، خەوتنگەی گونجاو، هەڵبژاردنی ئازادانەی جلوبەرگ، ناڕەزایەتی دەربڕین بە سیستەمی بەڕێوەبەریی زانکۆ و هتد دەتوانن ببنە هەوێنی ئاکسیۆنی جۆراوجۆر لە ئاستی زانکۆدا. ناسیاسی بوونی ئەو خواستانە دەرفەتێکی باش دەڕەخسێنێ بۆ چالاکیی خوێندکاران لە وڵاتانی نادێمۆکراتیک کە هەر داواکارییەکی سیاسی بە ئاژاوەگێڕی و هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەتی میللی دادەنرێ. واتە لێرەدا تەنانەت لە سیستەمێکی تۆتالیتێریشدا خوێندکاران وەک هاوڵاتی دەرفەتیان هەیە مافە مەدەنییەکانی خۆیان داخواز بکەن. جیاوازیی خواست تەوەری خوێندکاریی لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر لەوە دایە کە ناڕەزایەتیی خوێندکاران بە دۆخی ئارایی ئاوێتەی ڕادیکالیزم دەبێ و زۆرجار ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەق ڕوو دەدا.

گومان لەوەدا نییە کە بزووتنەوەی خوێندکاری بزووتنەوەیەکی ئیدەئالگەرایە و بەردەوام بە دوای ئیدەئالەکاندا وێڵە. هەر بۆیە کۆی ئەو خواستانەی ئاماژەیان پێکرا لە سەرەنجامدا ڕوخساری سیاسی وەردەگرن و خواستە گشتییەکانی کۆمەڵگا دەکەنە هەوێنی جووڵەکانیان و کۆی سیستەمی فەرمانڕەوایی دەکەنە ئامانج.

خاڵی دەسپێکی گۆڕانخوازیی خواست تەوەر پێکهێنانی ئەنجومەن و گرووپ و ڕێکخراوی جۆراوجۆرە کە بتوانێ بە خستنە سەر یەکی تواناکان بە شێوەیەکی کاریگەر خواستەکانی بخاتە ڕوو.

## سەربەخۆیی و بەسراوە نەبوون بە ڕەوتەکانی دەرەوە

دوای ئەوەی زانکۆکان لە پاوانی چینی خانەدان و ئەشراف هاتنە دەر و خوێندکاران لە چینی نێونجی شاری بە لێشاو ڕوویان کردە زانکۆکان، گەراکانی بزووتنەوەیەک سەری هەڵدا کە لە دەرکەوتەکانی مۆدێرنیتە بوو. زانکۆ وەک دامەزراوەیەکی مۆدێرن و خوێندکاران وەک مرۆڤی مۆدێرن بەرەوڕووی پاڕادۆکسێکی ڕاستەقینە بوونەوە لەگەڵ بیروباوەڕ، سیستەمی نۆرم و بەهاکان و دامەزراوە سوننەتییەکان. نەبەستراوەیی خوێندکار بە بنەماڵە و دامەزراوە ئیداری و ئابوورییەکان و هەروەها نەبوونی ئیرادەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لای خوێندکاران وایکردووە کە سەربەخۆیی بزووتنەوەی خوێندکاری وەک تایبەتمەندییەکی جەوهەری بێتە بەر باس. بە دەربڕینێکی دیکە ئامانجی بزووتنەوەی خوێندکاری پێشڤەچوونی کۆمەڵگایە لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری. لە پرۆسەی ئەم گۆڕانکارییەدا خوێندکار وەک سووژەیەکی سەربەخۆ و بە دوورەپەرێزی لە بەرژەوەندیی سیاسی کە خۆی لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتدا دەبینێتەوە نابێتە پاشکۆی ڕەوت و پارتە سیاسییەکان. لە کاتێکدا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دی بە زۆری خۆیان لە قالبی پارتە سیاسییەکان دا سازمان دەدەن وەک بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژینگەپارێزی، بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و...

هەڵبەت پاشکۆنەبوونی بزووتنەوەی خوێندکاری بەو مانایە نییە کە خوێندکاران ناکەونە ژێر کاریگەریی خەتە فکری و سیاسییەکانی دەرەوەی زانکۆ. هەروەک دەبینین زۆر جار ئیدئۆلۆگەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە دەرەوەی زانکۆن.

کاتێک شەپۆلەکانی نافەرمانی خوێندکاران لە ئورووپا و ئەمریکا لە ساڵی ١٣٦٨ی زایینیدا کە لە کۆنتێکستێکی تەواو شۆڕشگێڕانە و پێکهاتەشکێنندا ڕوویدا گەیشتە ئێران، بوو بە هۆی وەرچەرخانێک لە دیسکۆرسی بزووتنەوەدا و ڕەهەندێکی شۆڕشگێڕانە و تەنانەت چەکدارانەی بە خۆی گرت و خوێندکاران بوونە بەشێک لە تێکستی خەباتی چەکدارانە و چیتر لە کۆنتێکستدا قەتیس نەمانەوە. لێرە دایە کە سمایلی شەریفزادەکان کلاسەکانی دەرسی زانکۆ بەجێ دێڵن و ڕوو دەکەنە شاخەکانی کوردستان. لە ساڵەکانی دواتریشدا خوێندکاران لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا هەمان ڕێچکەیان گرتە بەر. هەر چەند ئەو حەرەکەتانە لە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی چەپ و سیمبۆلەکانی شۆڕشەکانی ئەو سەردەمە سەریان هەڵدا، لە هەمان کاتدا بەستراوەیی سازمانی و تەشکیلاتییان بە هیچ کام لە پارت و ڕەوتە سیاسییەکان نەبوو.



سەرچاوە
Serchawe

سەربەخۆیی بزووتنەوەی خوێندکاری ڕەسەنایەتییەکی بێ وێنەی بەو بزووتنەوەیە بەخشیوە کە وەک بزووتنەوەیەکی دەرووست و ئەخلاقگەرا لە کۆمەڵگادا ڕێزی لێ دەگیرێ.

## خوێندکار و عەقڵانیەتی ڕەخنەگرانە

ڕەگەزی هاوبەشی کۆی بزووتنەوە خوێندکارییەکان بوونی عەقڵانییەتی ڕەخنەگرانەیە. بەو واتایەی خوێندکار لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی بزووتنەوەدا سەرجەم خەبات و هەوڵەکانیڕ دەداتە بەر ڕەخنەیەکی بێ ڕەحمانە و بە تێپەڕین بە سەر دروشم و ئامانجەکانی بزوتنەوەدا بەرەنگاری چەمکە پیرۆزەکان دەبێتەوە و لە خاک و خۆڵیان وەردەدا. ئەوە لە ئاستی نێوخۆییدا و لە ئاستی دەرەکیشدا بە هەمان شێوە کۆی کەم و کورتییەکانی کۆمەڵگا دەخاتە ژێر پرسیار. عەقڵانییەتی ڕەخنەگرانە کە دژکردەوەیە بە عەقڵانییەتی ئامێری وەک دەرکەوتەی سەرەکی سیستەمی سەرمایەداری، خزمایەتییەکی نزیکی لەگەڵ سۆسیالیزم هەیە. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین بزووتنەوەی خوێندکاریی دەیەی ٦٠ بە جۆرێک هاوپەیوەندی خوێندکاران بوو لەگەڵ چینی کرێکاری پیشەیی. واتە خوێندکاران شۆڕشیان کرد بۆ گۆڕینی بەهاکانی کۆمەڵگا بە ڕەخنەگرتن لەو سیستەمە ئەرزشییەی کە هەبوو. ڕوحی پرسیارخوڵقێنی و ڕەخنەگرتن لە خوێندکاردا بەرهەمی ژینگەی مەعریفی و سروشتی قۆناغە تەمەنی و پیشەییەکەیەتی.

ئەوەی ئێستا لە زانکۆکانی ئێران دەبینرێ بێ دەنگییەکی گەورەیە لە ئاست چارەنووسی نەوەیەک، لە کاتێکدا ڕەسالەتی ڕووناکبیریی خوێندکاران، چاوەڕوانیی کۆمەڵگای لەو بزووتنەوەیە تا ڕادەیەک بەرز کردۆتەوە کە وەک پێشەنگ دەڕوانیتە خوێندکار و بزووتنەوەکەی...

## هاوسەنگیی دوو ڕەهەندی نەرم ئامێری و ڕەق ئامێری لە خەباتی خوێندکاریدا

**٢**

بزووتنەوەی خوێندکاری لە هەر کام لە وێستگەکانی خەباتی خۆیدا بە پێی هەلومەرج و ئامادەیی عەینی و زەینی کۆمەڵگا شێوازی جۆراوجۆری وەرگرتووە. بە شێوەیەک کە هەر کات زەمینەی عەینی بۆ پراکتیکی خوێندکاران لە ئارادا نەبووە و فەزای زانکۆ و فەزای گشتیی کۆمەڵگا دەرفەتی مانۆڕی عەمەلی لە خوێندکاران زەوت کردووە، ئەوا خوێندکاران هەوڵیان داوە بە تیۆریزەکردنی کۆنتێکستی شێوازێکی نوێ لە تێکۆشان، خۆیان بۆ قۆناغەکانی داهاتوو تەیار بکەن و دیسکۆرسی



سەرچاوە
Serchawe

بزووتنەوەی خوێندكاری دابڕێژن بە پێی هەلومەرجی ئارایی. لێرەدایە خوێندكار و مامۆستا دەكەونە پەیوەندییەكی ئۆرگانیك و دوو لایەنە، كە بەرهەمی ئەو پەیوەندییە دەبێتە هۆی هاتنە ئارای بزووتنەوەیەكی ڕووناكبیری بە خاوەنداره‌تیی خوێندكار. لە هەمان كاتدا ئەوە دەبێتە سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی ڕەهەندی ڕەق ئامێری بزووتنەوەی خوێندكاری. بە واتایەكی دیكە خەباتی نەرم ئامێری خوێندكاران لە پەیوەندییەكی هاوسەنگ دایە لەگەڵ ڕەهەندی ڕەق ئامێری ئەو خەباتە و وەك دوانەیەكی لێك دانەبڕاو لە هەموو بزووتنەوە خوێندكارییەكان لە سەرجەم وڵاتاندا ئامادە بوون و هەن.

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە خەباتی خوێندكاران لە وڵاتان و یەك لەوان ئێران، بەو دەرەنجامە دەگەین كە خوێندكاران بە شێوەیەكی دەوری ئەو دوو قۆناغە تێدەپەڕێنن، واتە ڕەهەندی نەرم ئامێری و ڕەق ئامێری خەبات وەك سیكلێكی بەردەوام لە كۆی بزووتنەوە خوێندكارییەكاندا دەبینرێ. هەڵبەت زۆر جار ناتوانین سنوورێكی زەمەنیی ڕوون بۆ ئەو دوو قۆناغە دەستنیشان بكەین، وەك هاوكات بوونی هەر دوو ڕەهەندی هزری و عەمەلی لە بزووتنەوەی خوێندكاریی دەیەی ٦٠ی زایینیدا.

ئەگەر لە لایەك بزووتنەوەی ڕووناكبیری كاریگەری گەورەی لە سەر بزووتنەوەی خوێندكاری هەیە و بیرمەندان و فیلسوفان وەك پێشەوای خوێندكاران دەور دەبینن لە ئاراستە كردنیان بەرەو ئامانجە گشتییەكانی كۆمەڵگا و دیمۆكراتیزەكردنی دەسەڵات، لە لایەكی دیكەش خوێندكاران خۆیان بەرهەمهێنەری ڕووناكبیر و بزووتنەوەی ڕووناكبیرین و زۆربەی ڕووناكبیران لە هەناوی ئەو بزاڤەدا گەشەیان كردووە و پێگەیشتوون. ئەو پەیوەندییە دیالێكتیكیەی بەردەوام لە نێوان ئێلیتی خوێندكاری و ڕووناكبیریدا بوونی هەیە نە تەنیا یارمەتی بە پەرەپێدانی بەهاكانی مۆدێرنیتە وەك ئازادی و دێمۆكراسی كردووە، بەڵكوو هێوركەرەوەی ڕوخساری توندوتیژی ئیدئۆلۆژییە ئاسمانی و زەمینییەكان بووە.

## پلۆرالیزەكردنی سیاسی و فەرهەنگیی كۆمەڵگا

زانكۆ شوێنی بەریەككەوتنی بۆچوون و ڕوانگە جیاوازەكانی خوێندكارە وەك سەمپڵێكی بچووك لە كۆمەڵگا. لە زانكۆدا كۆی ئاراستە سیاسی و فەرهەنگییەكان بە یەكەوە لە سەر زەوییەك تۆوی دیمۆكراسی و پێكەوەژیان دەچێنن كە بەروبوومەكەی دوورەدیمەنی كۆمەڵگا وێنا دەكا.

كاتێك خوێندكارانی لایەنگری بۆچوونەكانی شۆڕشی چین لە فەڕانسە دروشمەكانی مائۆیان بەرز دەكردەوە، لە پەنا خۆیان

شاهیدی وێنەكانی لێنین و چێگڤارا و كاسترۆ و... بوون كە لەلایەن هاوڕێ خوێندكارەكانیانەوە بەرز كرابوونەوە، لە هەمان كاتدا خوێندكارانی ئانارشیستیش كە سەر بە ڕەوتێكی فكری دیاریكراو نەبوون، بەشێك بوون لەو مانگرتنە خوێندكارییەی كە كۆمەڵە ئامانجێكی هاوبەش هەموانی بەیەكەوە كۆ كردبۆوە. هەموو ڕەنگە جیاوازەكان لە قالبی بزووتنەوەیەكی ناسنامەدار داوای ماف و ئازادییەكانیان دەكرد بۆ كۆمەڵگا.

**بێگومان زانكۆ گرینگترین شوێنە بۆ پلۆرالیزەكردنی كۆمەڵگا و نەهادینە كردنی فرەڕەنگی و فرەدەنگی، ئەویش بە چەند هۆیەك:**

**یەكەم:** دوورەپەرێزیی خوێندكار لە خواستی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات یان گەیشتن بە پلەی سیاسی و كۆمەڵایەتی لە ڕێگەی سیاسەتەوە، بەرهەمهێنەری شێوازێك لە تۆلێرانسە كە لە تایبەتمەندییە جەوهەرییەكانی بزووتنەوەی خوێندكارییە. واتە زانكۆ نابێتە گۆڕەپانی كێبڕكێی بۆ بەدەستهێنانی دەسكەوتی سیاسی بە واتا تایبەتییەكەی. ئەوەندەی خوێندكار بە دوای گۆڕینی بەها و ئەرزشە باوەكانی كۆمەڵگایە، عەوداڵی گەیشتن بە پلە و پایەی سیاسی و كۆمەڵایەتی نییە. خوێندكار هەوڵ دەدا لە ڕێگای پلەی ئاكادیمییەوە بگات بە پلەی سیاسی و كۆمەڵایەتی، نەك بە ڕێگای بەشداری لە بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتییەوە. ئەوەش متمانەیەكی زیاد لە بزووتنەوە كۆمەڵایەتییەكانی تری بە بزووتنەوەی خوێندكاری بەخشیوە، بە شێوەیەك كە بۆتە هۆی ئەوەی دەسەڵات لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو بزاڤەدا ناچارە تێچوویەكی قورستر بدا. هەر بەم هۆیەیە كە سەرجەم دەسەڵاتە نادیمۆكراتیكەكان پلانی تایبەتیان هەیە بۆ دەستەمۆكردنی خوێندكار و زانكۆ. ئەوەی لە سەرەتاكانی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لەلایەن كۆماری ئیسلامییەوە، زانكۆ بۆ ماوەی نزیك 3 ساڵ داخران، نیشانەی نیگەرانیی قووڵی ڕێبەرانی كۆنەپارێز و دیكتاتۆری ئێران بوو لە خواستی ئازادیخوازی و عەداڵەتخوازیی خوێندكاران.

**دووهەم:** پلەی زانستی و تێگەیشتوویی خوێندكار وایكردووە بزووتنەوەی خوێندكاری لە زۆربەی كاتەكاندا وەك بزووتنەوەی ئێلیتی نێو كۆمەڵگا وێنا بكرێ. ئەو بزووتنەوەیە تاكە بزووتنەوەیەكە كە تیایدا سنوورەكانی دەق و پەڕاوێز كەمڕەنگ و تا رادەی نەمان دەڕواتە پێش. بەشێوەیەك كە كۆی ستراكتۆری مرۆیی بزووتنەوە پێكهاتووە لە خوێندكار. ئەوە خوێندكارە هەم ڕێبەرە و هەم ئەكتەر. خوێندكار ڕێبەرایەتی بزووتنەوەیەك دەكا كە خۆی خاوەنیەتی و هەر خۆشی پراكتیزەی دەكا، بە دوور لە هەر چەشنە بۆرۆكراسییەكی ئیداری. خۆی بڕیار دەدا و جێبەجێشی دەكا. ئەوەش پێچەوانەی سەرجەم بزووتنەوەكانی دیكەیە كە كەس یان دەستەیەك فەرمان دەدا و ئەركی جێبەجێ كردنەكەی دەسپێردرێ بەوانی تر.



سەرچاوە
Serchawe

**سێهەم:** خوێندکار ماوەیەکی زەمەنی کورت لە زانکۆ حوزووری هەیە کە وا دەکا بەدەر لە بەرژەوەندیی درێژخایەن بۆ ژیانی داهاتووی، تێکەڵ بە بزووتنەوەیەکی ئیدەئالگەرا و ڕادیکاڵ بێ، کە ئەوەش دەبێتە هۆی دوور کەوتنەوەی لە هەر چەشنە تێبینییەک کە دەتوانێ کار بکاتە سەر ئەمنیەت و ئازادیی خۆی وەک تاک. واتە خوێندکار ئازادی و ئەمنییەتی دەکاتە قوربانیی ئازادی و ئەمنییەتی کۆمەڵگاکەی، بە شێوەیەک کە خاوەن کەسایەتییەکی بوێر و ڕاشکاو دەبێ و لە هەر چەشنە هەڕەشەیەک سڵ ناکاتەوە کە تاکێک لە دەرەوەی زانکۆ گیرۆدەیەتی. بۆ نموونە کاتێک خوێندکارانی چینی لە کۆتاییەکانی دەیەی هەشتای سەدەی ڕابردوودا بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی لە سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیست دەڕژێنە گۆڕەپانەکانی پکەن، بە هەموو توانایانەوە بەرەنگاری سوپای چین دەبنەوە کە بە تۆپ و تانک هێرشیان دەکرێتە سەریان. لەو هێرشەدا بە سەدان خوێندکار گیانیان لە پێناو ئامانجەکانیان دا بەخت کرد. دەتوانین هەمان بێ باکی و بوێری لە ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکانی دەیەی ٦٠ی زایینی ئورووپا و وڵاتانی تریش دا ببینین.

کۆی ئەو تایبەتمەندییانەی بە کورتی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا وایکردووە بزووتنەوەی خوێندکاری وەک بزووتنەوەیەکی ڕەسەنی کۆمەڵایەتی لە زۆربەی وڵاتاندا هیوای گەورەی لە سەر هەڵچنرێ و بتوانێ سەرنجی ئازادیخوازان و یەکسانی خوازان بەرەو لای خۆی ڕابکێشێ. هەروەک چۆن ناڕەزایەتیی خوێندکارانی فەڕانسە لە ساڵی ٦٨ی زایینی زۆر بە خێرایی توانی بە میلیۆنان کرێکاری عەودالی یەکسانی پەلکێش بکاتە نێو ناڕەزایەتییەکان و بیانکاتە هاوسەنگەری خوێندکاران لە شەقامەکاندا، بە هەمان شێوە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیش دەتوانێ دان بنێ بە ڕۆڵی پێشەنگی خوێندکاران و وەک پوتانسیەلێکی هەمیشە ئامادە متمانەیان پێ بکا.

(لە ژمارەی ٧٠٨ و ٧٠٩ی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئاگۆستی و ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# بزووتنەوەی خوێندكاریی كوردی لە ڕكەی فكری و ڕێكخراوەییدا



**ناسر باباخانی**

ئیزن دەخوازم سەرەتا بەم پرسیارە دەست پێبكەم كە ئایا لە بنەڕەتڕا لە ئێرانی ئێستادا، ئەم جموجوڵانەی دەكرێ، دەتوانین لە ڕوانگەی كۆمەڵناسییەوە بە پێی ئەو تایبەتمەندییانەی كە بۆ بزووتنەوە دیاری كراوە پێی بڵێین بزووتنەوە بە مانا گشتییەكەی؟ كە خۆیشی دواجار بە هێندێك ژێرمەجمووعەی دی یا وردەبزووتنەوە (خردەجنبش) دابەش دەبێ؟

بە باوەڕی من ئەمڕۆكە شتێك بەم ناوە لانیكەم لەسەر ساحەی سیاسیی ئێران بوونی نییە. چون هیچ كام لە پاڕامێترەكانی كۆمەڵناسی كە بۆ تاریفی ئەو چەمكە ڕەچاو كراوە، ئێمە نایبینین. بەڵام ئەگەر بكرێ بە «تەساهول و تەسامحەوە» قائیل بە بوونی بزووتنەوە بین، بزووتنەوە بە تەواوی ئەو سنووردارییانەی كە ئەمڕۆكە لە كۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە، دەكرێ ڕێك ئەو ئیستدلالەی كە بۆ بزووتنەوەی گشتی یا بۆ بزووتنەوەی سەراسەری دەكەین بۆ بزووتنەوەی خوێندكاری، بۆ بزووتنەوەی ژنان، بۆ بزووتنەوەی كرێكاری و سەرجەم بزووتنەوەكانی دیكەی ڕەچاو بكەین و بڵێین لە ڕاستیدا بە هۆی زەبروزەنگ و سیستمی داخراو و دەسەڵاتی تایبەت كە بەسەر ئەم وڵاتەدا حاكمە، ئێمە ئەو بزووتنەوانەمان نییە.

بەڵام ئەگەر بمهەوێ باسەكە گرێ بدەم لەگەڵ بزووتنەوەی خوێندكاری كوردی لەم سەردەمەی ئێستادا، دەبێ ئاوڕێك بدینەوە سەر بزووتنەوەی خوێندكاری لە ئێران. بزووتنەوەی خوێندكاری لە ئێران، بزووتنەوەیەكە كە ڕیشەیەكی

سەدساڵەی دیموکراسیخوازی هەیە و لە سەد و چەند ساڵی ڕابردوودا لەسەر بنەمای دیموکراسی و بەرابەری وەک ژێرمەجمووعەیەک لە بزووتنەوەی گشتی، لە ئێران بوونی هەبووە. کەوابوو دەکرێ بە جۆرێ بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی لە تای تەرازووی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێراندا هەڵسەنگێندرێ. بەڵام بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی تایبەتمەندییەکی زۆر گرینگی دیکەشی هەیە کە میراتگری شتێکە بە ناوی بزووتنەوەی نەتەوەیی. کەوابوو ئەگەر بە شێوەیەکی پێکهاتەیی بێنین باس لە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی بکەین، دەبینین کە بزووتنەوەی خوێندکاری لە بزووتنەوە دەست پێدەکا وەک بزووتنەوەیەکی سەراسەری و دواجار بە بزووتنەوەیەکی کوردی کۆتایی پێدێ. مەبەستم ئەوەیە کە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی هەم لە ئاستی بزووتنەوەی سەراسەریدا، هەم لە ئاستی بزووتنەوەی نەتەوەییدا و لە نێوان ئەو دوو گوتارەدا بوونی هەیە و کەڵکی لێوەرگرتوون. دیارە ئەمە بەم واتایە نایە کە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی پەلکێشی کردبێ بۆ لای بزووتنەوەی سەراسەری، بەڵام لە هەر شوێنێک کە بزووتنەوەی سەراسەری بە شێوەیەکی بەرحەق و دیموکراسیخوازانە، بە دژی دەسەڵات هەستابێ ئەوە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردیش تەئسیراتی تایبەتی خۆی لێ وەرگرتووە و توانیویەتی هاوتەریب لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی، لە نێوان ئەم دوو گوتارەدا ئەرکەکانی خۆی بەڕێوەبەرێ. کە وا بوو دەکرێ بڵێین بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی، جگە لە بزووتنەوەی خوێندکاری سەراسەری، لە هەمان کاتیشدا میراتگری بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی حەفتاوچەند ساڵەشە.

دەمهەوێ دەستەواژەیەکی ساموئێل هانتینگتۆن بە قەرز وەربگرم بۆ دەسنیشانکردنی هۆکاری سەرەکیی گوورانی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی و بە گشتی بزووتنەوەی خوێندکاری، کە ئەویش بریتییە لە «کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان». هانتینگتۆن پێی وایە کاتێک بزووتنەوەی خوێندکاری شکڵ دەگرێ کە خوێندکار دەچێتە شارێکی گەورەتر، دەچێتە کەلانشارێک و لەوێدا هەست بەوە دەکا کە لە باری کۆمەڵایەتی و چینایەتییەوە چ جیاوازییەکی بەرچاو هەیە و تەنانەت هەر لەم سۆنگەیەوە بۆ ڕادیکالیزمی بزووتنەوەی خوێندکاری پاساو دێنێتەوە.

کەوابوو ئەگەر بمانهەوێ ئەو تەعبیرەی هانتینگتۆن بەکار بەرین زۆر ڕاشکاوانە دەتوانین بڵێین ئەو مەسئەلەیە دەقاودەق لە نێو بزووتنەوەی خوێندکاری کوردیدا هەیە و لەسەر ئەم کەلێن و جیاوازییانە شکڵی گرتووە. واتە کاتێ خوێندکارێکی کورد لە کوردستانێک کە بە گشتی لە باری ئابوورییەوە، لە باری کلتوورییەوە، لە باری گەشەسەندنی هەمەلایانەوە بە نیسبەت گەورە شارەکانی ئێران زۆر لە دۆخێکی دواکەوتووتردا ڕاگیراوە، کاتێک هەست بەم جیاوازییە دەکا بە پێی جەوهەری زاتی خۆی واتە وەک: گەنجێتی، ئارمانخوازبوون و ڕادیکاڵ بوون وردە وردە وەک کاتالیزۆرێک بۆ بیچمگرتنی ئەو بزووتنەوەیە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ شوێندانەر دەبێ.



سەرچاوە
Serchawe

**بەڵام بۆچی بزووتنەوەی خوێندکاری بە گشتی لە ئێران و بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی لە کوردستان، لە سەر ساحەی سیاسیی ئێران لەوپەڕی کزی دایە؟**

ڕەنگە سووکەئاوڕێک بۆ سەر ڕابردوو یارمەتیدەرمان بێ بۆ وڵامی پرسیارەکە، بە تایبەتی مێژووی بزووتنەوەی ساڵانی چل تا کۆتاییەکانی دەیەی پەنجای هەتاوی، لەو کاتەدا کە بیری چەپ بە سەر کەشوهەوای سیاسی وڵاتدا حاکم بوو دەتوانێ بۆ پێکگرتنێکی ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوان سەردەمان یارمەتیمان بدا و دواجار بە ئاکامێکی ئیجابیمان بگەیەنێ. هەر وەک دەزانن بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران و لە ساڵانی چل تا نێوەڕاستەکانی پەنجای هەتاوی، بە تەعبیرێک «موتوری محرکە»ی سیاسی لە وڵاتدا جەریاناتی چەپ بوون کە بە شوێنەوەرگرتن لە بیری چەپی ئەو سەردەمی توانیبوویان لە بواری تیۆری و عەمەلییەوە بەسەر جەریاناتی جۆراوجۆری سیاسی نێوخۆی وڵاتدا شوێندانەر بن.

**ئەوەی ئەمڕۆ چ ڕووی داوە و بۆچی ئەو جەریاناتە نابینین و بۆچی ئەم دوو بزووتنەوەیە تووشی قەیران و بنبەست بوون، بە باوەڕی من دەگەڕێتەوە سەر چەند هۆکارێک کە زۆر بە کورتی و بە تیژی بەسەریاندا تێ دەپەڕم و ئاماژەیان پێ دەکەم:**

١) یەکەم شت کە زۆر گرینگە و دەبێ ئاوڕی لێ بدەینەوە پرسی تاکە، واتە دەوری تاک لە جەریاناتی سیاسیدا. دیارە نەک بە واتای کاریزماییەکەی، بەڵکوو بە مانا ڕووناکبیرییەکەی.

لەو سەردەمدا بزووتنەوەی خوێندکاری وامداری هێندێک سیمایە کە دواتر لە سەر هاوکێشە سیاسی و فەرهەنگی و تیۆریکییەکانی نێو ئەحزابی سیاسی شوێندانەر دەبن، یانی تا ئەو ئاستە ئەو شوێندانەرییە دەچێتە پێش کە لە سیماڕا یانی لە کەسایەتی، لە تاکڕا دێنە ئاستی ڕووناکبیری. بە چ مانا؟ بەو مانایەی کە دوو کارکردی داهێنەری و شوێندانەری لەو سیمایانەدا دەبیندرێ. یانی کەسایەتییەکی سیاسی، کەسایەتییەکی کە لە قالبی ڕێکخراوە و حیزبدا کار دەکا، ئەو ئاستە دەبڕێ بەرەو ئاستی ڕووناکبیری کە هەم داهێنەرە و هەم لە کۆمەڵگەدا شوێندانەرە.

ئەگەر بمەوێ ئاماژە بە ناوەکانی ئەو سەردەمە بکەم بۆ وێنە دەبێ ئاماژە بە مەسعوود ئەحمەدزادە، بیژەن جەزەنی، ئەمیرپەرویز پوویان، عەباس مێفتاحی و... بکرێ کە ئەوانە هەموویان بە تەئسیروەرگرتن لە بیر و باوەڕی چەپی ئەو سەردەمە بە تایبەتی «ڕۆژێ دۆبرۆی» کە بە قەولێک دەتوانین بڵێین مامۆستای تیۆریکی چێگواراش بوو، لەو سەردەمدا دێنن لە خەڵوەتی تاکەکەسی خۆیاندا پڕۆسەی داهێنان وەک یەکەم ئەرکی ڕووناکبیری دێننە گۆڕێ.

بۆ وێنە مەسعوود ئەحمەدزادە کتێبی «مبارزە مسلحانە، هم استراتژی هم تاکتیک» دەنووسێ، بیژەنی جەزەنی «پێشەنگیی شۆڕش و ڕێبەریی گەل» دەنووسێ، ئەمیر پەرویزی پوویان «ضرورت مبارزە مسلحانە» و «تئوری رد بقا» دەنووسێ. ئەوانە هەموویان بە تەئسیروەرگرتن لە بیری چەپی ئەو سەردەم دێنە گۆڕێ، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە لە خەڵوەتی تاکەکەسیدا بە شێوەیەکی داهێنەرانە دێنن ئەو بەرهەمانە دەخوڵقێنن و دواجار قۆناغی دووهەمی پرۆسەی ڕووناکبیری کە شوێندانەرییە لەسەر ڕێکخراوە و ئەحزابە سیاسییەکان و دواجار گیانیشیان لە سەر ئەو ڕێبازە دادەنێن و شوێندانەریی خویان لە سەر کۆمەڵگە تا هەنووکەش دادەنێن.

بەڵام لەم سەردەمەدا ئێمە ئەو سیمایانەمان نییە، ئێمە ئەو ئاستی ڕووناکبیرییەمان نییە، چ لە سەتحی ئێراندا و چ لە ئاستی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردیدا.

٢) هەموومان ئاگادارین کە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئەو سەردەمی لەگەڵ ئێستا جیاوازییەکەی یەکجار زۆرە. یانی ئەگەر تۆ ژینگەی سیاسی ئەو سەردەمی لەگەڵ ئێستا پێک بگری هەردووکیان سیستمێکی دیکتاتۆڕن بەڵام لانیکەمەکەی ئەوە بوو کە لە سیستمی ئەو سەردەمدا دادگایەک لە گۆڕێدا بوو، لانیکەم گوێبیستنێک لە گۆڕێدا بوو، بەڵام لەو سەردەمەدا بە پێی ئەوەی زەختەکان بۆ سەر خەڵک، بۆ سەر چینی خوێندکار ئەوەندە بەرز بۆتەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە جۆرێک پاشەکشە و پاشگەز بوونەوەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستان بە تایبەتی و بە گشتی لە سەراسەری ئێراندا بەدی بکەین.

٣) ئەگەر بزووتنەوە وەک گوتارێکی گشتی سەیر بکەین، دەتوانین بزووتنەوەی خوێندکاری وەک گوتارێکی تایبەت پێناسە بکەین و لە کۆتاجاردا دەتوانین لە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی وەک گوتارێکی تایبەتتر باسی لێوە بکەین، دەبینین کە لە هەرسێک لەو قۆناغانەدا بەرەبەبەرە بازنەی چالاکییەکان سنووردارتر و سنووردارتر دەبێ. واتە ئێمە لە بزووتنەوەی سەراسەریڕا دێینە سەر بزووتنەوەی خوێندکاری، لە بزووتنەوەی خوێندکاریڕا دێینە سەر بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی و ئەوە هەمان سنووردارتر کردنەوەی ڕادەی بەردەنگ یان با بڵێین گوتارە، لە گوتاری گشتیڕا دەڕۆین بەرەو گوتاری تایبەت و لە گوتاری تایبەتڕا دێین بەرەو گوتاری تایبەتیتر. کەوابوو لە نەفسی خۆیدا ئەو جۆرە بزووتنەوانە بە پێی ماهییەتەکەی خۆیان گوتارێکن بە بەردەنگی تایبەت بە خۆیانەوە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر جەوهەری خودی ئەو جۆرە بزووتنەوانە.

٤) هەرچەند بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی ئەو شانسەی هەبووە و هەیە کە پەیوەندییەکی ئەم ئەوێتی و ڕاستەوخۆی لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی هەبێ و بتوانێ هەم شوێندانەر و شوێنوەرگر بێ، بەڵام ئێستا بە پێی ئەو دۆخەی کە

بزووتنەوەی نەتەوەییش تێیدا قەتیس ماوە و بەداخەوە ئەو جۆرەی کە دەبێ چالاک نییە لە ئاستی وڵات و لە ئاستی کوردستاندا، کەوابوو ئەوەش بۆخۆی بووە بە هۆکارێک بۆ ئەوەی دووقات ئەوەندەی دیکە ئەم بزووتنەوەیە، بزووتنەوەیەک بێ کە گەیشتبێتە ئاستی قەیران.

هێبربێرت مارکووزە ڕستەیەکی جوانی هەیە دەڵێ: بزووتنەوەی خوێندکاری زیاتر هۆکارێکە بۆ گەشەونەشەی بزووتنەوەی نەتەوەیی. جا من دەمەوێ لەم ڕوانگەیەوە سەیری ئەو ڕستەیە بکەین کە بە هەرحاڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی و بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی پەیوەندییەکی دوولایانەیان هەیە کە وەک باسم کرد بەداخەوە ئێستا ئەم پەیوەندییە هەم لە لایەن بزووتنەوەی نەتەوەیی و هەم لە لایەن بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی، دەکرێ بڵێین زۆر لە کزی و نزمی داوە.

٥) لە سەردەمێکدا زانکۆ زۆر کەم بوون لە ئێران، بۆیە زۆربەی هەرەزۆری خوێندکارەکان ڕوویان دەکردە تاران و تەورێز وەک دوو گەورەشار کە لە باری سیاسییەوە بەتایبەتی تاران زۆر ئاوانگارد بوو و لەم زانکۆیانە خوێندکارەکانی شارەکانی دیکە یەکتریان دەگرتەوە، مەبەستم ئەوەیە کە زانکۆ ببوو بە شوێنێک بۆ کۆبوونەوە و لەو شوێنەدا ئەوانە یەکتریان دەدیتەوە و لێرەدابوو کە بیروبۆچوونەکان ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات.

بۆ وێنە ئەوان سەردەمان خوێندکارێک کە لە شاری مەهابادەوە بەرەو تاران دەبێ وەک شەهید سمایلی شەریفزادە، وەک زۆر خوێندکاری دیکە کە دەچنە ئەم گەورەشارانە و ئەو دۆخە دەبینن ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. هەر وەک ئیشارەم پێکرد بە دەستەواژەکەی هانتینگتۆن واتە کەلێن، کاتێ کەلێنە جۆربەجۆرەکانیان دەدی، دواجار کە دەگەڕانەوە بەرەو وڵاتەکەی خۆیان هەوڵیان دەدا کە لە ڕوانگەی ئەو شکافەوە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، بە شێوەیەکی ئارمانخوازانە قەرەبووی ئەو کەلێنانە بکەنەوە.

بەڵام لەو سەردەمەی ئێستادا بە پێی ئەوە کە زانکۆ لە هەموو کوێرەدێیەکی ئێستای ئێران ئەویش بەبێ کارناسی داندراوە [ زانکۆی سەراسەری، زانکۆی ئازاد، زانکۆی پەیامی نوور، زانکۆی جامعی عیلمی کاربوردی و زۆر زانکۆی کەرتی تایبەتیش...] دەبینین کە خوێندکار لە چوارچێوەی جوغرافیای ژیانی شوێنی خۆی ناچێتە دەر، یانی خوێندکارێک کە قەرار وابوو لە تەمەنی ١٨ و ١٩دا هەستێ بڕوا بۆ شارێکی دیکە و لەوێ هەست بەم جیاوازییانە بکا، نایبینێ و لە سنوورێکی زۆر بەرتەسکی جوغرافیایی ژیانی خۆیدا قەتیس دەمێنێ و دواجار ئەو ئاڵوگۆڕەی کە دەبێ بەسەر بیروبۆچوونیدا بێ، ئەو دگردیسی سیاسییەی دەبێ پێکبێ، نایەتە دی.

٦) هەوڵێکی جیددی و بەبەرنامە هەیە بۆ دەستەمۆ کردنی خوێندکار. لەوەتی کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەر کار، بە تایبەتی لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا هەولێک هەیە بۆ سڕینەوەی چەمکی سیاسەت لە گشت کۆمەڵگا بە تایبەتی لە زانکۆکان. ئێمە ئەگەر سەیری قسەکانی ڕێبەری ئەم وڵاتە دەکەین بەردەوام لە قسەکانیدا هەولی ئەوە دەدا کە زانکۆ نابێ ببێتە شوێنی مشتومڕی سیاسی، کەچی لە تەواوی دنیادا ئەوە زانکۆکانن کە دەبنە شوێنی مشتومڕی سیاسی و گۆڕینی بیروڕای جیاوازی سیاسی. شۆڕشی بە قەولی خۆیان فەرهەنگی لە زانکۆکان، سازکردنی هەندێ ڕێکخراوەی چاوەدێری خوێندکاران وەک ئەنجومەنی ئیسلامی لە سەرەتای شۆڕش و دواتر جامعەی ئیسلامی لە زانکۆکان هەموو ئەوانە بۆ ئەوەن کە کۆنترۆڵێکی بەردەوام و زیاتر بە سەر خوێندکاراندا هەبێ و لەم هێڵە سوورانەی بۆیان دیاری کردوون نەترازێن.

٧) ئەگەر لەبیرمان بێ لە ساڵانی ٦٧ و ٦٨ی زایینی، چینی گەنج و خوێندکاری کۆمەڵگای ئێمە وەک زۆر شوێنی دی کەوتبووە ژێر تەئسیری بیری چەپ و ئامانجی لابردنی ستەمی چینایەتی و نەتەوایەتی بوو. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەو بیرە شکڵی گرتبوو، بۆ وێنە لە جوغرافیای زۆر جیاواز، مەسەلەن لە تورکیە دێنیز گەزمیشمان هەبوو، لە کوردستان سمایل شەریفزادەمان هەبوو، لە باکووری ئێران مەسعوودی ئەحمەدزادەمان هەیە، هەمووی ئەوانە بە شوێنەوەرگرتن لە بیرۆکەی چەپ لە حەولی ئەوەدان کە بە شێوەیەکی ئارمانخوازانە ستەمی چینایەتی بە تایبەتی و لە لایەن ئێمەوە وەک نەتەوەی کورد ستەمی نەتەوایەتیش لاببەن. ئەوان لە باری سیاسییەوە زیاتر کەوتبوونە ژێر تەئسیری بیر و بۆچوونەکانی کتێبی «شۆڕش لە شۆڕش»ی ڕۆژێ دۆبرۆ، بیردۆزی فەرەنسی کە شاگردی لوویی ئالتۆسیری مارکسیست بوو و لە باری خەباتی چەکدارییەوە کەوتبوونە ژێر تەئسیری چێگوارا‌وە.

ئەمڕۆ ئێمە، لەسەر ساحەی سیاسی کوردستان، نە لە بواری سیاسییەوە ڕۆژ دۆبرۆیەکمان هەیە کە کتێبێکی پیرۆزی وەک شۆڕش لە شۆڕشمان بۆ بنووسێ - قەیرانی فکری - و نە لە بواری خەباتی چەکدارییەوە چێگوارایەکمان هەیە - قەیرانی ڕێکخراوەیی - . یانی لە هەموو ساحەکانی خەباتی چەکداری و خەباتی سیاسیدا ئێمە کەلێنمان هەیە. بۆیە ئەمن پێموایە لە نەبوونی ئەو دوو باڵەدا فڕین بۆ خوێندکاری کورد زۆر ئەستەمە.

## دواقسە:

دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە کە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی پێداچوونەوەیەکی جیددی بەسەر خۆیدا هەبێ و ستراتێژییەکی تۆکمە بۆخۆی دیاری بکا لەسەر سێ بنەمای: ئاوڕێکی ڕەخنەگرانە و لێکۆڵینەوەیی بۆ ڕابردووی، پێناسەیەکی سەرلەنوێ بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ئێستا و دواتر دۆزینەوەی ڕێکارێک بۆ داهاتوو.

به بۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد

ئەو کۆنفرانسە بۆیە گیراوە کە ئێمە خەسارناسی بکەین. دەبێ یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکاران و ئەو کەسانەی کە لە قالبی ڕێکخراوەکانی خوێندکاریدا کار دەکەن گۆڤاری تایبەت بە خۆیان هەبێ کە بە شێوەیەکی بەردەوام دەربچێ، بەردەوام دەبێ سمینار و لانیکەم کۆنفرانسی ساڵانەیان هەبێ، پەیوەندییان لەگەڵ ئەو شوێنانە هەبێ کە لە ڕوانگەی نێونەتەوەییەوە وەک سازمان و ڕێکخراوەی خوێندکاری چالاکن. من پێموایە ئەرکی سەرەکی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکاران دەبێ سازدانی پەیوەندییەکی ئۆرگانیک بێ لە سێکوچەکەیەک کە پێکهاتووە لە پێشمەرگە – خوێندکار، خوێندکار – تاراوگە، خوێندکار – نێوخۆ.

داوای لێبوردن کە بە پەلە کۆتاییم بە قسەکانم هێنا. زۆر سپاس.

( لە ژمارەی ٧١١ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد لە نێوان داخوازییە سینفی و نەتەوەییەکاندا



ڕەحمان سەلیمی

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەک بەرهەمهێنەری نۆرم و بایەخەکانی کۆمەڵگەن و لە لایەکی دیکەوە خۆیان بەرهەمی ئەو نۆرم و بایەخانەن کە لە پێناویدا خەبات دەکەن. واتە پەیوەندیی نێوان ئەو بزووتنەوانە و گەشەی کۆمەڵگە بە هەموو ڕەهەندە ئابووری، کولتووری و سیاسییەکانەوە پەیوەندییەکی دوولایەنە و تەواوکارانەیە. هەرچی توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە ڕێکخراوتر، ئامانجدارتر و شێلگیرتر لە بیاڤی گشتیدا دەرکەون، دێموکراتیزەکردنی دەسەڵات و وڵامدەربوونی، بەرچاوتر و ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگە خێراتر دەبێ. بە جۆرێک کە کۆمەڵگەی مەدەنی ڕایەڵەیەکی گەورەی هاوپەیوەندیی نێوان توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە درووست دەکا و لە ئەنجامدا ویژدانی جەمعی کاریگەریی لە سەر یاسا و دامەزراوە گشتییەکان دەکا.

بزووتنەوەی خوێندکاری بە یەکێک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێ کە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و فراوانترین بەستێنی لە نێو هەموو بزووتنەوەکان لەخۆ گرتووە. بەو واتایە کە ئامانج، ئاکسیۆن و ڕەهەندی خەباتی خوێندکاران دیارینەکراو، فرەچەشن و بە زۆری پێشبینی نەکراوە و خوێندکاران هەوڵ دەدەن زیاد لەوەی ڕوویان لە دەسەڵاتی سیاسی بێ، بەرەو کۆمەڵگە بڕوانن و کار بکەنە سەر سیستمی بەها و نۆرمەکانی کۆمەڵگە. خوێندکاران

هەستیارترین توێژی کۆمەڵگەن لە ئاست داهێنانە ڕووناکبیرییەکان و هەر بۆیە دەکەونە نێوان ڕووناکبیران و کۆمەڵگە و هزری نوێ دەکەنە هەوێنی تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە، کە لە ئەنجامدا عەقڵانییەتی ڕەخنەگرانەی لێ بەرهەم دێت کە دیارترین تایبەتمەندیی بزووتنەوەی خوێندکارییە.

دەنگهەڵبڕینی خوێندکاران لە ئاست نابەرامبەری و هەڵاواردن و ناکارامەیی دامەزراوە گشتییەکان، وای کردووە کۆمەڵناسانی سیاسی، بزووتنەوەی خوێندکاری بە بزووتنەوەی بەرگری بناسن. هانا ئارێنت دوو تایبەتمەندی بۆ بزووتنەوەی خوێندکاری دەستنیشان دەکا:

**یەکەم؛** ڕوحی پرسیارخوڵقێنی لە ئاست هەر پرسێک کە بەرژەوەندیی کورتخایەن یان درێژخایەنی بۆ کۆمەڵگە هەبێ.
**دووهەم؛** خاوەنی بیری ئارمانگەرایانەیە و لە هەمان کاتدا دژی هەموو ئەو پەیوەندییانە دەوەستێتەوە کە هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە.

نارەزایەتیدەربڕینی خوێندکارانی زانکۆی تاران دژی سەفەری نیکسۆن بۆ ئێران و سەرکوتی بێڕەحمانەیان لەلایەن هێزە چەکدارەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی سەرەتای دەرکەوتنی جیدیی بزووتنەوەی خوێندکارییە لە ئێران. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە خوێندکاران بەر لەو ڕێکەوتە پاسیڤ و بێ هەڵوێست بوون، بەڵکوو ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢ وێستگەیەکی گرینگ و مێژووییە لە خەباتی خوێندکاران لە ئێراندا. خوێندکاران لە ژێر کاریگەریی ڕەوتە سیاسییەکانی ئەوکاتی ئێران کە زیاتر چەپ و مەزهەبی بوون، خەبات دژی داگیرکاری و سەرەڕۆییان ڕاگەیاند. ڕەوتە سیاسییەکانی ئەوکاتی ئێران زۆرترین کارتێکەرییان لە زانکۆ وەردەگرت و زۆرترین ئەندام و لایەنگریشیان لە نێو خوێندکاران هەبوو، تەنانەت ساڵانی دواتر خوێندکاران بوون بە پێشەنگی خەباتە چەکدارییەکان. لەو نێوەدا بێگومان خوێندکارانی کوردیش ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە و تەنانەت پێشەنگ بوون. بزووتنەوەی چەکداریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی دەرەنجامی کاریگەریی ئەو ڕەوتە فکرییەیە لە سەر خوێندکارانی کورد.

هەرچەند لە کۆتاییەکانی دەیەی ٣٠ و سەرەتای دەیەی ٤٠دا ژمارەیەک خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی تاران و شارە گەورەکان بوونیان هەبوو، بەڵام بزووتنەوەیەکی خوێندکاریی کوردی شکڵی نەگرت.

**هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوەیە بریتی بوون لە:**

- کەمیی ژمارەی خوێندکارانی کورد

- ڕوانینی ئەمنییەتی بە نیسبەت خوێندکارانی کورد، کە خۆی بەرهەمی ترسی حاکمیەت بوو لە گەشەی ڕوحی نیشتمان پەروەریی کوردی

- لاوازیی چینی نێوەڕاست لەو ژینگەیەی خوێندکاری کورد تێیدا دەژیا. لە کوردستان بەهۆی گەشەنەکردنی ئابووری و فەرهەنگی و هەروەها نەبوونی شاری گەورە، چینی نێوەڕاست نەیتوانیبوو ببێتە هێزێکی شوێندانەر.

## ڕەگەزی نەتەوەیی بوون لە بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردیدا

ئەگەر ڕۆژئاوا بە سەرچاوە و ئاخێزگەی بزووتنەوەی خوێندکاری دابنێین، بۆمان دەردەکەوێ بزووتنەوەی خوێندکاری دیاردەیەکی مۆدێڕن و جیهانییە و ناتوانرێ ماهییەتی ئەو بزووتنەوەیە لە وڵاتانی جۆراوجۆر دابەش بکرێ؛ واتە بزووتنەوەی خوێندکاری لە فەڕانسە، بزووتنەوەی خوێندکاریی فەڕانسەوی نییە یان بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئەمریکا خاوەن تایبەتمەندیی نەتەوەیی نییە، بەڵکوو ئاراستەی هزر و کارکرد لە هەموویاندا هاوچەشنە. بە دەربڕینێکی دیکە بەها گشتگیرەکانی وەک ئازادی، دێموکراسی و دادپەروەری لە توخمە هاوبەشەکانی ئەو بزووتنەوەیەن لە سەراسەری جیهان.

پرسیار ئەوەیە؛ بۆچی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی؟ ئەو هۆکارانە چین کە خوێندکاری کورد لە خوێندکارانی نەتەوەکانی دیکە جیا دەکاتەوە؟ تێکەڵ کردنی ناسیۆنالیزم بە بزووتنەوەی خوێندکاری لادان نییە لە بنەمای ئینسانی و یەکسانی خوازی کە بەشێکن لە فەلسەفەی بوونی بزووتنەوەکە؟

هەروەک ئاماژەی پێکرا خەبات دژی کۆلۆنیالیزم لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی خوێندکارییە. کاریگەریی ڕەوتە فکری و سیاسییە چەپەکان لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و یەک لەوان بزووتنەوەی خوێندکاری بە تایبەت لە دەیەی ٦٠ی زایینیدا حاشاهەڵنەگرە. هیندێک لە بیرمەندانی کۆمەڵناسی قۆناغی گواستنەوەی چەپی کلاسیک بۆ چەپی نوێ بە دەرەنجامی ڕاستەوخۆی شۆڕشی خوێندکاران لە ئورووپا بە تایبەت لە دەیەی ٦٠ی زایینی دەزانن. خوێندکارانی کوردیش کەوتوونە ژێر ئەو کاریگەرییە گشتگیرە کە بەرهەمی گەشەی فکری چەپ بوو. کوردستان کۆلۆنییەکی داگیرکراوە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ئەو کەلێنە نەتەوەییەی لە نێوان کورد و نەتەوەی باڵادەست لە ئێراندا


**بە بۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد**

هەیە، بۆتە بەشێکی سەرەکی لە کەڵکەڵەی فکری و پراکتیکی خوێندکاران و هانیان دا بۆشایی لاوازبوون یان نەبوونی جووڵەی مەیدانیی ڕەوتە سیاسییە نەتەوەییەکان پڕ بکەنەوە. بەو شێوەیە دەبینین حەوزەی خەباتی خوێندکاری کورد بەرفراوان و لە هەمان کاتدا فرەچەشنە. خوێندکاری کورد لە پەنا هەوڵدان بۆ دەستەبەر کردنی داخوازییە سینفییەکانی خوێندکاران، نوێنەرایەتیی هەموو پرسەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەکا کە پرسی نەتەوەیی تیایدا گرینگترینیانە. تەنانەت دەتوانین بڵێین نیشتمانپەروەری شابەیتی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردییە، بە چەشنێک کە هەموو ئامانج و جووڵەکانی تری خوێندکاران دەکەونە پەراوێزی ئەو ناسنامەخوازییە. بە دیوێکی دیکەدا گەورەترین هاندەر و بزوێنەری خوێندکارانی کورد، داگیرکاری و هەلاواردنی نەتەوەییە لە لایەن نەتەوەی باڵادەستەوە. خوێندکاری کورد خاوەن دوو ڕەگەزی «خوێندکار» بوون و «کورد» بوونە کە هەر کامیان بە نۆرەی خۆیان بەشێک لە ئاراستەی فکری و کارکردیی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی پێک دێنن.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە نێوەرۆکی ئەو چالاکییانەی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکان کە لە چەندین وێستگەی دیاری ئەو بزووتنەوەیە لە ئێراندا ئەنجامیان داوە، بە ئاشکرایی دەرکەوتەکانی هەر دوو ڕەگەزەکە دەبینین. لە لایەک خوێندکارانی کورد هاوتەریب لەگەڵ خوێندکارانی سەر بە نەتەوەکانی تری ئێران لە پێناو ئازادی و دەستەبەر کردنی بەها ئینسانییەکان خەبات دەکەن و لە لایەکی دیکەوە پەرە بە وێژمانی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی دەدەن. تێکهەڵکێشکردنی ئەو شێوانە لە خەباتی خوێندکارانی کورد دەتوانێ کاریگەریی بەرچاوی لە سەر داهاتووی پاش ڕزگاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ و فەرهەنگێکی سیاسی - کۆمەڵایەتی بەرهەم بێنێ کە تیایدا ئازادی و مافی مرۆڤ و دێموکراسی لە ئەولەوییەتەکانی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسی بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# ئەرکی خوێندکاری کوردی نێو شۆڕش - وتوویژ لەگەڵ ناسر فەتحی



**وتوویژ: بێهزاد قادری**

**خوێندکاری کورد سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتیی کوردستانە و کاتێک ئەم سەرمایە کۆمەڵایەتییە دێتە ڕیزی خەباتی پێشمەرگانە و حیزبییانە دەبێ لە هێز و وزەی فیکریی خۆی لە پێناو باشتر کارابوونی کارکرد و شێوازی سیاسیی ڕێکخراوەکە کەڵک وەربگرێت.**

**لەم وتووێژەدا لەگەڵ کاک "ناسر فەتحی"، ماستەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، دەپەرژێینە سەر بابەتی "ئەرکی خوێندکاری کوردی نێو شۆڕش:"**

**بێهزاد قادری**: خوێندکارێکی کورد کە خوێندنی زانکۆی تەواو دەکات و دێتە ڕیزی شۆڕشەوە و دەبێتە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، چۆن دەتوانێت لەنێو شۆڕشدا ڕۆڵێکی ئەرێنی و کاریگەر بگێڕێت و چۆن دەتوانێت لە پێشکەوتنی حیزبەکەیدا ڕۆڵی هەبێت؟

**ناسر فەتحی**: کاتێک باس لە خوێندکاری کورد دەکەین ئاماژە یان تەنیا پێناسەی سێنفی لە خوێندکاری کورد ناکەین بەڵکوو لە چەمکێک کەڵک وەردەگرین کە خاوەن مانا و پێناسەی تایبەتییە و ناتوانین تەقلیلی بدەینەوە بۆ داخوازییە

سێنفییەکان.

پێم باشە بڵێم خوێندکاری کورد ئاماژە بە واتایەک دەکات کە هەر چەند دەتوانێت پرسێکی ئاسان نەبێت بەڵام دەتوانین بڵێین تاکێکی ئاگایە بە ژین- جیهانی خۆی کە ڕەساڵەتێکی مێژوویی بۆ کردەوەی ڕزگاریخوازانە و بۆنیاتنەرانەی لەهەمبەر دۆخی باو و سەپاوی قائیلە، بە واتایەک خوێندکاری کورد هەوڵ دەدات ئەرکی سیاسیی خۆی لە شوێن- کاتی کوردستان بە زیندووکردنەوەی هێژامەندیی سیاسی لەسەر بناغەی عەمەڵی خەیر و گوتاری مافویستی، ڕزگاریخوازی و دێموکراسی ئەرک و فیگۆڕی خوێندکاری پێناسە بکات.

خوێندکاری کورد سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتییە، کاتێک ئەم سەرمایە کۆمەڵایەتییە دێتە ڕیزی خەباتی پێشمەرگانە و حیزبییانە دەبێ لە هێز و وزەی فیکریی خۆی لە پێناو باشتر کارابوونی کارکرد و شێوازی سیاسیی ڕێکخراوەکە کەڵک وەربگرێت و نیشانیشی بدات، تاکوو متمانەی ژینگەی دەوروبەری بۆ خۆی ڕابکێشێت، لە هەمان کاتیشدا پێشمەرگە خاوەن کەسایەتییەکی پیرۆزە کە لە پێناو ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەکەی، بەرژەوەندیی گشتی لە سەرەوەی بەرژەوەندیی کەسی دادەنێت، ئەو کردەوەیەی کە دروستە ئەنجامی دەدات، بە واتایەک ئەرکی شۆڕشگێڕانە و مەعریفەتناسانەی پێشمەرگە بایخگەلێکی خوڵقاندووە و هەرکات دەگەڕێنەوە بۆی لەگەڵ ئەخلاقی سیاسی و بەها و بایخگەلێک ڕووبەڕوو دەبینەوە کە مانا و ئەرزشی بۆ شۆڕشی کوردستان خوڵقاندووە، کەوابوو لەم بەستێنەدا کردەوەی خوێندکار کە دێتە ڕیزی پێشمەرگە دەبێ لە درێژەی هەمان بایەخ و هێماگەلە بن کە باسمان لێ کرد. مەجال و دەرفەتەکانی عەرزەکردنی توانایییە فیکری و ئەندێشەییەکانی خوێندکار لەم سەردەمەدا ئاسانتر و بەرفراوانترە، ڕاستە لەنێو حیزبێکی شۆڕشگێڕدا فەزا تا ڕادەیەک دەتوانێت جیاواز بێت، ئەوەی گرینگە خوێندکارێک بە ئاگایی لە هەلومەرجی تایبەت دەست بۆ ئەو هەڵبژاردنە دەبات، کەوایە لێرە ئەزموون و زانستی خوێندکارێک دەتوانێت ڕاندۆمانی کاری و بەڕێوەبەریی مرۆیی نێو ڕێکخراوە بباتە سەرەوە و لە هەمان کاتدا لەسەر بەرنامە و پلانەکانی داهاتوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو کۆمەڵگە لە وزە، ڕاوێژ و زانستیان کەڵک وەربگیردرێت. ئێمە لەنێو شۆڕش و دوای شۆڕش پێویستمان بە کەسایەتییە شارەزا و خاوەن پرەنسیپەکان هەیە کە لەگەڵ کەڵکەڵە و کێشەکانی کۆمەڵگە ئاشنا بێت، لە شۆڕشێکی مودێڕنی نەتەوەیی دێموکراتیکە کە پێویستی بە تێگەیشتن، گوتار و بەڕێوەبەریی بەهێز و کارامەیە بۆ ئەوەی زۆرترین سەرمایەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

**بێهزاد قادری: بە ڕای جەنابتان حیزبی دێموکرات چۆن دەتوانێت یارمەتیی خوێندکارانی نێو شۆڕش بدات تاکوو بتوانن لە تواناکانی خۆیان بۆ پێشکەوتنی حیزب و پەروەردەی پێشمەرگەکانی تر کەڵک وەربگرن؟**

**بە بۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد**

**ناسر فەتحی**: کۆمەڵگە لە کوردستاندا بە بەراورد لەگەڵ چەند دەیەی ڕابردوو گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، یەکێک لەو گۆڕانانە ئەوەیەی کە توێژی خوێندکار لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات و دەرەوەی کوردستان ڕێژەیان بەرچاوتر بووە و دەتوانین بڵێین تا ئاستێکی زۆر گەشەی کردووە؛ هەروەها هەر ڕێکخراوەیەک کۆمەڵێک ئامانج، گوتار و ستراتێژیی تایبەتی شۆڕشگێڕانە و حیزبییانەی خۆی هەیە کە خاوەن پێناسە و مانای خۆیەتی، هەر بۆیە ئەم بابەتە هێندێک ئیلزاماتی خۆی دەوێت، چ لە کاتی دیاریکردنیان و چ لە کاتی بەڕێوەبەرییان، لێرەیە کە پێویستمان بە کەسانی خاوەن فیکر و بەپرەنسیپ هەیە تا بە سەرمایەی فیکری و زانستیی خۆیان بتوانن زۆرترین بەرژەوەندی و پەیوەندی بۆ کۆمەڵگە کۆ بکەنەوە. ڕۆڵی خوێندکارەکان لێرە بەرچاو دەبێت لەبەر ئەوەیکە ئەم سەرمایە کۆمەڵایەتییە بە لۆژیکی ڕەخنەگرانەی خۆی لەسەر ئەساسی ڕساڵەتی مێژویی و نیشتمانی هەوڵ دەدات دۆخی هەنووکەیی و داخراو بگۆڕێت، ئەم بناغەیە دەتوانێت لە سازوکارەکانی نێو ڕێکخراوە پانتای فەزای گشتی چالاکی بەرینتر و بەرفراوانتر بکات. کەڵکوەرگرتن لە پوتانسییەلەکانی نێو کۆمەڵگە ئەمرێکی ئاوەزمەند و خرەدمەندانەیە، لەم نێوانەدا دەبێ متمانە و ڤەخۆگرتن لە ئاستێکی عەقڵانی ساز بێت.

**بێهزاد قادری**: **پەیوەندیی نێوان خوێندکارانی نێو شۆڕش لەگەڵ کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆنە؟ ئایا دەتوانن کاریگەریی باشتریان لەسەر کۆمەڵگە هەبێت؟**

**ناسر فەتحی**: خوێندکارانی نێو شۆڕش دەبێ زۆر جیدیتر و بەهەستیارتر و وەسواسی زۆرتر لەسەر کۆمەڵگە ڕاوەستن، ئەمەیش تەنیا بە خوێندنەوەی ورد و ڕاستەقینە لە دۆخی سەپاو و هەنووکەیی بەدی دێت، ئەم پەیوەندییە کاتێک لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیی بێت، دەبێ لە ڕووی ڕێکخستنی، ئاڵوگۆڕی فیکری، لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بەهێز بێت، ئەمە بە مانای هاوکاری و ئاوئاهەنگی لەگەڵ نێوخۆ شکڵ دەگرێت و دەرنجامەکەی پاڵپشتی و دۆزینەوەی نەخشە ڕێگاکانە. جیاوازیی شۆڕش لە کوردستان لە بەراورد لەگەڵ ئێران ئەوەیە کە ڕێکخستنیتر و حوزووری بەردەوامی پێشمەرگە و ڕێکخراوەکە لەگەڵ ناوخۆیە، ئەمانە فاکتەر و حەلقەی گرینگی ئەم زەنجیرەیە کە بوون لە فەزای سیاسی لە ڕۆژهەڵات، خوێندکارانی نێو شۆڕش یان ئەندامانی نێو ڕێکخراوەکە لەگەڵ دۆخی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە بێگانە ناکات، ئەمە خاڵی جەوهەرییە لە باشتر کارکردن و کردەوەی شۆڕشگێڕانە؛ ئەمن باوەڕم وایە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی فیکری و کردەوەیی ئێمە لە پێناو بونیاتنانەوەی کۆمەڵگەیە لەسەر ئەساسی هێژامەندییە ئەخلاقییەکانە و ڕزگاریی خاکی کوردستان لە دۆخی داگیرکراوی و فەزای ئاسنین و داخراوە. هەر بۆیە دەبێ بڵێم بەڵێ دەکرێت ئەم پەیوەندییە باشتر و کاراتر بکرێت، ئامانج یان کۆمەڵگەی هەدەفی حیزب نێوخۆی ڕۆژهەڵاتە، کەوایە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە چ حوزووری ڕێکخراوەیی و چ پێوەندیی فیکریمان لە درێژەی گوتاری ڕزگاریخوازیی نەتەوەییە.

**بێهزاد قادری**: پەیوەندیی نێوان خوێندکارانی نێو شۆڕش پێکەوە چۆنە؟ چۆن دەتوانن پێکەوە کاری هاوبەش و کاریگەر و زانستی بکەن؟ لەمبارەوە چ پێشنیارگەلێکتان هەیە؟

**ناسر فەتحی**: پەیوەندیی خوێندکارانی نێو شۆڕش لە ئاستی یەکەم بە مەسەلەی پێشمەرگایەتییەوە بەستراوەتەوە، هەر بۆیە وزە و توانایان تەنیا بۆ ئەوەی نییە کە بزاڤی خوێندکاری ببەنە پێشەوە بەڵکوو مەسەلە شۆڕشی کوردستان و بەهێزکردنی بەرەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردە.

بەڵام وەک خوێندکاران لێرە لە یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان پێکەوە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەنێوانیاندا هەیە کە دەتوانن بۆ پێشخستن پلان و بەرنامەکان بۆ چالاککردنی ئەرکی بزاڤی خوێندکاری لە نێوخۆی کوردستان یارمەتیدەر بن، دەبێ ئەم مەسەلەیە باس بکەم کە بابەتی خوێندکاران، ژنان و لاوان لە مەسەلە گرینگەکانی نێو کۆمەڵگەیە هەر بۆیە بە شێوازی تایبەت بەرنامە و ئامانجی بۆ دیاری کراوە، لەسەر ئەم گرینگایەتییەیە کە دەبێ وڵام بدەمەوە لەسەر ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی خوێندکاران و لە ڕووی بەرنامە و ئامانجە دیاریکراوەکان، خوێندکارانی نێو شۆڕش ئەرکدار کراون کە لەم بەشەی کاتێک باس لە خوێندکاران دەکەین باس لە هێزی زانستی و فیکریی ئەم توێژە دەکەین هەر بۆیە دەبێ لە پلاتفۆرمی خۆیاندا ئەرک و ڕاسپاردنیان بەڕێوە بەرن، هەر وا کە ئاماژم پێدا لێرە لەو دوو بوارەدا کارەکانیان ئەنجام دەدەن، بە هاوبیری و هاوکاریی یەکتر تا بە بیر و فیکری یەک خوێندنەوەیەکی هاوبەش بۆ ئەم قوناغەی شۆڕش چۆن تێبپەڕێنن.

**بێهزاد قادری**: پەیوەندیی نێوان خوێندکارانی نێو شۆڕش لەگەڵ خوێندکارانی نێوخۆی ڕۆژهەڵات چۆنە؟ لە چ بوارگەلێکەوە دەتوانن پێکەوە هاوکارییان هەبێت؟

**ناسر فەتحی**: **یەکەم** دەبێ بڵێم ئێمە بەردەوام شرۆڤەی خۆمان لەسەر دۆخی خوێندکاران و زانکۆکان لە ئێران و کوردستان هەیە هەر بۆیە ئەم مەسەلەی بناغەی هاوکارییەکانمانن لەگەڵ خوێندکارانی نێوخۆ، ناکرێت بێ لەبارچاوگرتنی دوخی هەنووکەیی زانکۆکان لە ئێران بە داخوازیی ناڕاست و نادەقیق ئەرکەکان دیاری بکرێن، ئامانجی ئێمە نێوخۆی وڵاتە بەڵام نامانەوێت لە سەرەوە چاو لە خوێندکارانی ناوخۆ بکەین، بەڵکوو خۆمان هاوئامانج و هاوکاری ئەوان دەزانین بۆ لە یەکتر نزیک بوونە و لە یەکتر تێگەیشتن، هەر بۆیە ئەم پەیوەندییانە لە ڕاستای پێکهێنانی گوتارێکی هاوبەش، پاڵپشتیی چالاکانی ناوخۆ، دروستکردنی هیوا، ئەمانە لە ڕووی ڕێکخستنی، چالاکی زانستی و لێکۆڵینەوە هاپەیوەندی ساز دەکەین.



سەرچاوە
Serchawe

بۆ ئێمە لەم قۆناغەدا گرینگە پەیوەندیی نێوان شار و شاخ بەیەکەوە بەهێزتر بکرێت، زانکۆ وەک دامەزراوەیەکی مودێڕن لە ئەولەوییەتەکانی ئێمەدایە بۆ بەهێزترکردنی ڕێکخستنەکانمان لە پلاتفورمێکی هاوبەش و کارادا.

**بێهزاد قادری**: ڕاتان لەسەر ئەسپاردنی ئەرک لەلایەن خوێندکارانی نێو شۆڕش بە خوێندکارانی نێوخۆی ڕۆژهەڵات بۆ بردنی سیاسەتی حیزبی دێموکرات بۆ نێو خوێندکاران و کۆمەڵگەی کوردستان، چییە؟

**ناسر فەتحی**: وەک ئاماژەم دا تەنیا ئامانجی خوێندکار لەنێو شۆڕشدا ئەوە نییە بە شوێن داخوازییە سێنفییەکانەوە بێت، ئەم مەسەلەیە لەنێو حیزب دەبێ وا خوێندنەوەی بۆ بکرێت خوێندکاران پێشمەرگەن و لە درێژەی بەرنامەی حیزبی کار دەکەن، هەر بۆیە هەر بەرنامە و ئامانجی ئێمە لە درێژەی گوتاری حیزبیمانە و هەوڵی پتەوترکردنی ڕێکخستنەکانمان و بڵاوکردنەوەی گوتاری شۆڕش لە شارە، بۆ ئێمە گرینگە کە سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان ئەرک و ڕۆڵی خۆیان لە شۆڕشدا ببیننەوە، ئێمە هەموومان وەک تاکی کۆمەڵگە و نیشتماندۆستان ئەرکی ئەخلاقیمان لەهەمبەر کۆمەڵگە دیارە بۆیە دەبێ بڵێم کە لە وەها حاڵێکدا خوێندکاری کورد سەرلەنوێ دەبێ لە بەرامبەر دۆخی هەنووکەیی ڕەساڵەتی مێژوویی خۆی، کە هەمان لۆژیکی ڕەخنەگرانەیە، هەوڵی گۆڕانکاری بدات. کارکردی خۆی لە فەزایەکی داخراو و ئاسنین بۆ فەزایەکی گشتیتر و پانتایی کۆمەڵگە بگوازێتەوە و لەم ڕێگەیەدا کە خوێندکاری کورد بە داڕشتنەوەیەکی نوێ لە ئەرکی خوێندکاری ڕووبەڕووی سیاسەتی ناپاراتووسەکانی دەوڵەتی داگیرکەر و سیستمی زاڵ و باڵادەست دەبێتەوە.

**بێهزاد قادری**: پەیوەندیی نێوان خوێندکارانی نێو شۆڕش لەگەڵ خوێندکارانی کوردی دەرەوەی وڵات چۆنە؟ لە چ بوارگەلێکەوە دەتوانن پێکەوە هاوکارییان هەبێت؟

**ناسر فەتحی**: تۆڕی پەیوەندییەکان دەبێ بەربڵاوتر بێت بۆیە دەبێ بڵێین ئەو شتەی هەیە لە ئاست ئامانج و شۆڕشەکەماندا نییە و دەبێ ئەم پەیوەندییانە چڕتر و بەهێزتر بکرێن، یەکێک لەو ئامانجانە کە دەبێ بە شوێنیدا بین گەیاندنی پرسی کوردە لە ناوەندە زانستی و لێکۆڵینەوەکانی دەرەوەی کوردستانە، دروستکردنی بنکە و دامەزراوەکانی زانستییە هەتا لەو چوارچێوەیەدا بتوانین ڕەوایەت و گێڕانەوەی خۆمان هەبێت و بە شێوازی زانستی ئەو کارانە کە دەکرێن و کراون بێتە ڕۆژەڤی زانستوانان و لێکۆڵەرە غەیرە کوردەکان، لە دەرەوەی کوردستان کەسایەتیی ئاکادمیسییەنی بەناوبانگ و ڕووخساری ئاشنا بۆ وڵاتانی دەرەوە هەن کە ئەم کەسایەتییانە دەتوانن لە پوتانسییەل و دەرفەت ناو ئاشنایی و بەناوبانگیان بۆ دروستکردنی پردێک لەنێوان شۆڕش و دنیای دەرەوە بێت، کاتێک باس لە ڕۆڵی خوێندکار و خوێندەڤان دەکەین هەموومان دەکرێتە بەر ئەو فیگۆڕە خوێندکارییە و ئەو ئەرکە مەعریفەتناسانە و ئەرکی سیاسییە تەنیا تایبەت بە شار و شاخ نییە




سەرچاوە
Serchawe

بەڵکوو دیاسپۆرایش دەگرێتەوە، کاتێک ئەوان دەرفەت و کەرەستەی باشتریان لەبەر دەستە و دەتوانن ئاسانتر لەگەڵ ناوەندەکانی دەرەوە پەیوەندی ساز بکەن و لە هەمبەر ئەو سیاسەتەی کە سیستمی داگیرکەر لە چەند دەیەی ڕابردوو لە دەرەوە بۆ تێکدانی ڕووخساری شۆڕشی کوردایەتی ئەنجامی داوە و توانیویە بە دامەزراندنی بنکە و ناوەندە فەرهەنگی، زانستی و میدیایی ڕووخسارێکی ترلە خۆی نیشان بدات، دەرەنجام ئەوەی گرینگە لەم سەردەمەدا دەرفەتەکان بۆ گوشارهێنان بۆ بیری ناوەندگەرایی و سیستمی زاڵ زۆرە و کەرەستەکان بۆ پاڵپشتیی شۆڕشی کوردستان بەرفراوانترە لە پێشوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٢

# خوێندکاری کورد و پاراستنی زمانی دایکی - وتوویژ لەگەڵ ڕەند زارعی



**وتوویژ: بێهزاد قادری**

**توخمێکی گرینگ کە هەر نەتەوەیەکی پێ دەناسرێت، زمانە. زمان نەک هەر بە قسە و ئاخاوتنی ڕۆژانە، بەڵکە بە خزمەتپێکردن زیندوو و بەردەوام دەبێت. هەتا زمانێک زیندوو بێت، گەلێکیش ناوی دەمێنێت و زیندووە. خزمەتپێکردن بە زمان وا دەکات کە ئەو زمانە نەفەوتێت، گەشە بکات و تەنانەت پەلوپۆ باوێ. لەم نێوانەدا خوێندکارانی کورد ئەرکێکی تایبەتتریان لەسەر شانە.**

**لەم وتوویژەدا لەگەڵ کاک "ڕەند زارعی" کە لە کوردستان کارگێڕیی کار و لە نۆرویژ لە زانکۆی ئۆسلۆ کۆمەڵناسیی خوێندووە، دەپەرژێینە سەر بابەتی "خوێندکاری کورد و پاراستنی زمانی دایکی":**

**بێهزاد قادری: داگیرکەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە گەشەکردنی زمانی کوردی نادات؛ لە وەها دۆخێکدا چالاکی خوێندکاریی کورد لە ڕۆژهەڵات چ ئەرکگەلێکی لە ئەستۆیە؟**

**ڕەند زارعی: باشترە پرسیارە بکەینە دوو کوتەوە، بەشێکی بۆ باسی داگیرکاری و داگیرکرانی کوردستان و بەشێکیشی بۆ باسی ئەرکی ئێمە وەک داگیرکراو تەرخان بکەین، بەو تێبینییەوە کە لێرەدا پتر ئاوڕ لە ڕۆڵی خوێندکاران دەدەینەوە.**

زۆر بە كورتی، هەروەک چۆن ئاوەدانكردنەوەی وڵاتێک، بە گەشەكردنی سەرخان و ژێرخانی ئەو كۆمەڵگەیە لە زۆر بواردا دەلوێ، لە بەرامبەر ئاوەدانكردنەوەشدا، بەو شێوەیەش ئامانجی داگیركەر كاولكردنی ژێرخان و سەرخانی ئەو نیشتمانەیە كە داگیری كردووە. دەزانین كە بەشێک لە كوردستان كە دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی كوردستان، لەلایەن دەسەڵاتێكی فاشیستی- ئایینی وڵاتی ئێرانەوە داگیر كراوە كە ڕۆحی فارسیزم و پانئێرانیزمی لەبەرە. بۆ ئەوەی باسەكە دووردرێژ نەبێتەوە، بۆ ڕوونكردنەوەی مەبەستەكەمان لە كاولكاریی سەرخانی كوردستان لە ڕۆژهەڵات، هەر ئەوەندە بەسە كە بڵێین پاش زیاتر لە ٤٠ ساڵ دەسەڵاتدارێتیی ئەم ڕێژیمە داگیركەرە، ناوچە كوردییەكانی ڕۆژهەڵات لە هەموو بارێكی ئاوەدانییەوە لە زۆربەی بەشەكانی تری ئێران لە دوان و پشتگوێ خراون و تەنانەت ڕێ لە ئاوەدانكردنەوەی خۆجێییش و خەڵكییش دەگیردرێت، بۆ نموونە: دۆخی ڕێگاوبان، ناوەندە گشتی، ناوەندە بەرهەمهێنەر و گەشەپێدەرەكان بە هیچ شێوەیەک لە هیچ كام لە بەشەكانی كوردستان لەچاو حەشیمەت، داواكاری، چاوەڕوانی و تەنانەت پێداویستییەكانی ژیانی سەردەمدا نییە.

بەڵام مادام ئێمە پتر دەمانەوێت لەسەر تەوەرێكی ژێرخانی داگیركراوی كوردستان بدوێین، وا باشە كە بە تێروتەسەلی ڕوونی بكەینەوە كە مەبەستمان لە ژێرخانی داگیركراو یان ژێرخانی كۆمەڵگەكەمان كە ڕێژیم هەوڵی كاولكردنی دەدا چییە؟ ژێرخانی هەر نەتەوە و كۆمەڵگەیەک شتێكی هەستپێكراو و بەرچاوەكی نییە، بەڵام وەک شادەمار و گیانی ئەو كۆمەڵگەیە دێتە پێش چاو. مەبەست لە ژێرخانی كۆمەڵگەیەک لایەنی گەشەی كۆمەڵایەتی و كولتووریی ئەو كۆمەڵگەیەیە. هەروەک سەرخانەكان بە سەرمایە و پارە و داهات و دەستكەوت دەناسرێن، ژێرخانەكانیش بە سەرمایەی كولتووریی وڵاتێک دەزاندرێن. ژێرخانی كولتووریی هەر وڵات و كۆمەڵگەیەک زۆر لق و پۆپی لێ دەبێتەوە كە بۆ وێنە دەتوانین بڵێین گەشەكردن لە بوارەكانی زمان، دابونەریت، هونەر، پەروەردە، پێگەیشتوویی و تێگەیشتوویی فكری و كۆمەڵایەتی و تەنانەت ئایینیش نموونەی زەقی ئەو سەرمایە كولتوورییانەین. با لە خۆمان بپرسین باشە ئەم توخم و بابەتانە بۆ گرینگن؟ وڵامێكی كورت و خێرا بۆ ئەو پرسیارە ئەوەیە كە چونكە ئەم توخمانە كاریگەرییان لەسەر ئاستی هۆشیاریی تاک لەمەڕ ناسنامەی خۆی هەیە. واتە مرۆڤێک بەم بابەتگەلەوە دەتوانێت ناسنامەی خۆی پێناسە بكات. بەم توخمانەوە دەتوانێت بڵێت كێیە، چییە و چی كردووە و تەنانەت چی دەوێت و دەیهەوێت ببێت بە چی. زۆر بە كورتی، ئەمانە لە هەنگاوی یەكەمدا ناسنامەی هەر تاكێک و لە هەنگاوی دووهەمدا ناسنامەی گشتیی كۆمەڵگە یان خەڵكانێكن كە خۆیان لەسەر بنەمای ئەم بنەما كولتووری یان لایەنە ژێرخانییەدا دەناسێنن. واتە بابەتەكە پەیوەندیی هەیە بە خۆناسینەوە و ئەم ژێرخان و سەرمایە كولتوورییە وا دەكات كە ئێمە بزانین كێین و سنوور و توخمەكانی ناسنامە و "ئێمە كێینی خۆمان" دیاری بكەین.

به بۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد

هەروەک ڕوونم کردەوە، زمان یەکێکە لە توخمە بنەڕەتییەکانی ژێرخانی کۆمەڵگەیەک. مەبەست لێرە زمان هەر قسەکردنی ئاسایی نییە، مەبەست لە خوێندن و نووسین و بەرهەمهێنانی هونەر و زانستە بە زمانێک، بە کورتی پەروەردە بە زمانێک. ئایا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نزیک بە تەواوی دانیشتووانی کوردن، پەروەردە بە زمانی کوردییە؟ نەخێر! بە پێچەوانەی ئەوە، تەنانەت ئەگەر کەسێک خۆبەخشانەش لەو بوارەدا کار بکات، یان دەیکوژن، وەک مامۆستا فەرزاد کەمانگەر، یان دەیگرن، وەک مامۆستا زارا موحەممەدی، یان تووشی تەنگ و چەڵەمەی دەکەن، وەک ئەو هەزاران هەزار چالاکی زمانەوانی و نووسەر و مامۆستایانەی کە ژیانیان لێ تاڵ کراوە. ئەمە بۆ دەکرێت؟ بۆ ئەوەی ئەو زمانە لاواز بکرێت، دەرفەتی گەشەی پێ نەدرێت، لەنێو بچێت و تەنیا لە ئاستی پلاکارد و سیمبۆلیکدا، وەک شتێکی عەنتیکە دەرفەتی هەناسەی پێ بدرێت و بەس. ئێستا بە بەراوردکردنی دوو بواری سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەوەی هەروەک چۆن کوردستان - مەبەست لە هەموو بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە - لە باری ڕێگاوبان و کارخانە و بوارەکانی تری سەرخانی ئابووریدا نەک هەر گەشەی نەکردووە، تەنانەت کاولکاریشیی تێدا کراوە، هەر بەو شێوەیە لە بواری کولتووری، زمانی، هونەری و پەروەردەشەوە کارەساتی گەورەی تێدا خولقاوە کە هیچ دەرفەتی بۆ ئەوە نەهێشتووەتەوە کە ئەم داگیرکەرییە بە بەربەریسم و فاشیزم ناو ببەین.

ئێستا کە ڕوونمان کردەوە کاری داگیرکەر چییە و چۆن سیاسەتی داگیرکاری و کاولکاریی خۆی لە هەر دوو لایەنی ژێرخان و سەرخانی ئابووریدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەبات، با بزانین خوێندکاران کێن و ئەرکیان چییە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، خوێندکاران ئەو توێژەن کە لە توێژێکی کۆمەڵگەوە بەرەو توێژ یان چینێکی تری کۆمەڵگە دەچن و بەزۆری وایە کە بەرەو توێژی سەرووتر هەڵدەکێشن، واتە خوێندن وەک سەرمایەیەکی کولتووری (کە دەکەوێتە خانەی ژێرخانی ئابووریی کۆمەڵگەیەکەوە کە پێشتر ئاماژەم پێ دا)، دەرفەتی ئەوەیان پێ دەدات کە لە باری چینایەتیی کۆمەڵایەتییەوە Class بەرەو سەرتر یان باشتر وایە بڵێین بەرەو ئێلیتەیی Elite بچن. بۆچی گرینگە کە باس لە کلاس و ئێلیت بکەین، چونکە ئەم توێژەی کۆمەڵگە لە بەرهەمهێنانی مەعریفە و بیردا زۆرترین پشکیان پێ دەبڕێت، واتە ئەوان دەبنە زمان و زەینی کۆمەڵگەیەک. بە دیوێکی تردا، هەتا خوێندکار پتر گرینگی بە زمانێک بدات، لێرە پتر دەمانەوێت بڵێین زمانی کوردی، هەر بەو ڕێژەش کۆمەڵگەکەمان خاوەن زمان و بیرێکی کوردی یان کوردانە دەبێت. بابەتی زمان و بیری کوردانە بۆ ئێمەی کورد یەکێکە لە کۆڵەکەکانی بەرەوپێشچوونی خەباتی کورد بۆ وەدەستهێنان یان نزیکبوونەوە لە ئامانجە ئینسانی و نەتەوەییەکانی. خوێندکاران، وەک توێژێک کە لە پێشڕەوی کۆمەڵگەدان، وەک پیلێک کە بەرەو لووتکەی هێرەمی کاتەگۆری لە کۆمەڵگەیەکدا هەڵدەکێشن، دەبنە ڕچەشکێن و ڕێبری توێژەکان یان چینەکانی خوارووتر و تەنانەت سەرووتری کۆمەڵگە. بۆیەش ئەرکی خوێندکاران لە هەمبەر زمانی کوردیدا، هەم پاراستن و هەمیش گەشەپێدانی ئەو زمانەیە. بە دیوێکی تردا دەتوانین بڵێین کاری پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی لەلایەن خوێندکارانی کوردەوە، وەک



سەرچاوە
Serchawe

پەرچەکردارێک دژ بە داگیرکاری خۆی دەنوێنێت و لێرەوەیە کە خزمەت بە زمانی کوردی، ڕاستەوخۆ چوونە سەنگەری بەرگریکردنە لە نیشتمانی داگیرکراومان. بۆیەشە شتێکی سەیر نییە کە دەسەڵاتی داگیرکەر بەمجۆرە چالاکی و خزمەتانە بە زمانی کوردی دڵخۆش نەبێت و کاردانەوەی تووندوتیژی جۆراجۆری دژ بەم چالاکییانە هەبێت.

**بێهزاد قادری**: خوێندکارانی کورد بۆ بەرهەمهێنان و دەوڵەمەندکردنی دەقی کوردی لە دونیای خوازەکیدا (تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان) لە بواری خوێندنی خۆیان، دەبێ چی بکەن؟

**ڕەند زارعی**: وەک دەزانن، دنیای خوازەکی بووەتە بەشێک لە ژیانی مرۆی سەردەم. ئەستەمە لەم سەدەدا بژی و بڵێی لە دنیای خوازەکی دادەبڕێم. چونکە پتر وەک پێویستییەک خۆی دەنوێنێت تاکوو خوازەکیبوون. چونکە مرۆڤی سەردەم لەو ڕێگایەوە هەم پەیوەندی لەگەڵ دنیای شاراوە و دیاری مرۆڤەکانی تر دەگرێت، سەفەر بۆ هەموو شوێنێکی دنیا دەکات، زانیارییەکانی زۆرتر و بەرۆژ دەکاتەوە و بەشێک لە پەیوەندی و تەنانەت پێویستییەکانیشی هەر لەو ڕێگایەوە دابین دەکات. ئەمە یانی تێپەڕاندنی سنوورەکان، چ سنووری هەستپێکراو و چ سنووری سێمبولی بن. پێشتر کە دنیای خوازەکی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەم شێوەیە بەرین نەبوون، سیستەمی دەوڵەتان لە هەموو شوێنێک کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر ئەندامانی کۆمەڵگە دادەنا. هەر بۆ وێنە ئێران، لە دەرەوەی ماڵ لە ڕێگای پاسدار و هێزی ئینتزامی و بەکرێگیراو و زۆر دامودەزگای تر ژیانی خەڵکیان کۆنترۆڵ و لەژێر چاودێریدا دەگرت، لە ماڵەشەوە لە ڕێگای ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تێلێڤیزیۆنەوە ئەوەی پێیان خۆش بوو بڵاویان دەکردەوە. واتە لە پرۆسەی داگیرکردن و کاولکردنی ژێرخان و سەرخانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەموو سنوورە کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییەکانیشی تێپەڕاندبوو تا سیاسەتی فاشیزمی فارس- ئێرانی بەڕێوە ببات. ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەموو ماڵ و ناخی هەر مرۆڤێکدا کە بیهەوێت دژ بە سیاسەتی داگیرکەریی ئێران ڕاوەستێت، وەک سەنگەر و قەڵخانێکی لێ هاتووە. تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەرفەتی ئەوەیان بە مرۆڤی کورد داوە تا لانیکەم سنوورە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و بنەماڵەییەکانی خۆی دیاری و پێناسە بکات و تەنانەت بەرگرییان لێ بکات، واتە بەشێکی بەرچاو لەو کەسانەی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا چالاکن، لەڕاستیدا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە دەرفەتێک دەزانن بۆ وەرگرتنی زانیاری و بۆ بەرگریکردن لە ناسنامەی خۆیان.

بەشێک لە ئەرکی خوێندکار یان توێژی چاوکراوەی کۆمەڵگە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیشدا ئەوەیە کە دەرفەتی ڕۆشنگەری و فێرکاری و گەشەکردنی زمان و کولتووری کوردی بڕەخسێنن. بەخۆشییەوە خەڵکێکی زۆر، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چ وەک تاکەکەس و چ لە ڕێگای کاری بەکۆمەڵ و ڕێکخراوەییەوە لەو پەیوەندییەدا چالاک بوون کە جێی دەستخۆشی و دڵخۆشییە.

بە بڕوای من، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ئەرکی خوێندکارانیان هاسانتر کردووەتەوە، بەو واتایە کە خوێندکاری کورد لە ڕێگای چالاکبوون لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا چ بە نووسین و چ بە ڤیدیۆ و دەنگ و ڕەنگی جۆراوجۆر دەتوانن بچنە نێو ماڵ و ناخی هەر مرۆڤێکی کوردەوە و لەو ڕێگایەوە سەنگەری بەرگریکردن و گەشەپێدانی زمان و کولتووری کوردی بەرینتر و بەهێزتر و تەنانەت ڕێکخراوتریش بکەن.

**بێهزاد قادری: بۆچی گرینگە کە خوێندکاری کورد بە زمانی کوردی دەقی زانستی بەرهەم بهێنێت یان دەقی زانستی وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی؟**

**ڕەند زارعی**: تـوخمێکی گرینگ کە هەر نەتەوەیەکی پێ دەناسرێت، زمانە. زمان نەک هەر بە قسە و ئاخاوتنی ڕۆژانە، بەڵکە بە خزمەتپێکردن زیندوو و بەردەوام دەبێت. هەتا زمانێک زیندوو بێت، گەلێکیش ناوی دەمێنێت و زیندووە. خزمەتپێکردن بە زمان وا دەکات کە ئەو زمانە نەفەوتێت، گەشە بکات و تەنانەت پەلوپۆ باوێ.

هەروەک لە وڵامی پرسیارەکانی پێشووتردا ئاماژەم پێ کرد، داگیرکەر بۆ ڕامالین و سڕینەوەی کورد لە نیشتمانی خۆی دەستی لە هیچ جینایەتێک نەپاراستووە، یەکێک لەو کارەساتانەی دەوڵەتی ئێران هەر ئێستاش خەریکە بەڕێوەی دەبات هەوڵی سنووردارکردن، لاوازکردن و تەنانەت سڕینەوەی زمانی کوردییە. بۆ؟ چونکە ئەگەر زمانەکە نەمێنێت و ببێتە فارسی، کە فارسیزم سەرەڕای جێگۆڕکێی دەسەڵاتی شا و ڕێژیمی ئیسلامی بووەتە خوێنی پانئێرانیزم، هاسانتر پرۆسەی داگیرکاری و سڕینەوەی کورد بەڕێوە دەچێت.

خوێندن و بەرهەمهێنانی دەق وێڕای قسەکردن و پاراوڕاگرتنی زمانی کوردی دوو دیوی دراوی مانەوە و گەشەی زمانی کوردین. سەیر نییە ئەگەر بڵێین ئەگەر هەر کام لەو دوو توخمە، واتە قسەکردن و نووسین، پەکی بکەوێت، ئەوە زمانەکەمان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو لاوازی و فەوتان دەچێت. مەبەست لە قسەکردن پاراستنی کولتوور و دابونەریت و هەموو ئەو لقوپۆپانەیە کە پەیوەیستن بە قسەکردنەوە، واتە بە کوردی سیاسەت بکەین، بە کوردی بیر بکەینەوە، بە کوردی لەگەڵ یەکتری بدوێین، بە کوردی بژین و دابونەریت و بۆنە ئایینی و کولتوورییەکانمان بە کوردی بەڕێوە ببەین. مەبەست لە نووسین، هەر تەنیا نووسین و بەرهەمهێنانی دەق بە زمانی کوردی نییە، مەبەست ئەوەیە کە زانیاری و زانستی بەو زمانە بەرهەم بێنین، بە کوردی پەروەردە بکەین و بە کوردی کاری فێرکاری بکەین و فێرخوازێکی زمانەکەمان بین. جا وەک دەبینن، بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی چڕوپڕ بەرگری لە زمانەکەمان بکەین، پێویستیمان بە هەر دوو توخمی قسەکردن و نووسینە بە زمانەکەمان.

بەرهەمهێنانی دەق بە گشتی بە زمانی کوردی و بەتایبەتی دەقی زانستی کە ئێستا پێویستییەکی زمانەکەمانە، جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ پاراستن و هێشتنەوەی زمانەکە، هەوڵێکی جیددیشە بۆ پاراوترکردن و پەرەپێدانی زمانەکە. وەک چۆن نووسەر و خولقێنەری دەقێک بە زمانی کوردی جیهانبینییەک بەو زمانە دەپارێزێت یان گەشەی پێ دەدات، خوێندنەوەشی ئەو کولتوور و جیهانبینییە جێگیر دەکات و وەک ڕەگی دارێک بە ناخی نەتەوەیەکدا دەیباتە خوار. ئەرکێک کە دەقی زانستی لە ئێستادا زۆرتر وەخۆی دەگرێت ئەوەیە کە فێرخوازی کورد بۆ فێربوون یان وەرگرتنی زانیاری لەمەڕ بابەتێک پێویستی بەوە نییە بە زمانێکی تر بخوێنێتەوە. خوێندنەوە بە زمانێکی تر کارهاسانی دەکات بۆ گواستنەوەی جیهانبینییەکان و هاسانکاری دەکات تا وشە وەرگرتن زۆرتر بێت و بەرەبەرە ئەو کەسە لە هەموو ڕوویەکەوە دەکەوێتە ژێر کارتێکەری دەق و زمانی دەقەکە. بۆیەش بەڵێ، بەرهەمهێنانی دەقی جۆراوجۆر و بەتایبەتی دەقی زانستی ئێستا یەکجار گرینگن تا خوێنەری کورد زمانەکە بۆ کاری فێرخوازیش بە زمانی یەکەمی خۆی بزانێت.

بە سەرنجدان بەوەی کە خوێندکاران توێژی هەرە چالاکی کۆمەڵگەیەکن لە هەڵکشان و داکشان لەنێوان توێژ و چینەکاندا، لە بەرهەمهێنانی بیر و مەعریفەدا، لە خزمەتکردن بە زمان و کولتوور و تەنانەت تێرکردنی خواستی کرێکار و بەرهەمهێنانیشدا، بۆیەش شتێکی زۆر ئاساییە کە بزانین بەرهەمهێنانی دەقی زانستی لە زمانی کوردیدا، هەم یارمەتیی خوێندکاران دەدات تا هاسانتر بچنە پێش و سەرکەوتووتر بن و هەم دەرفەتی گەشەی بەردەوام و درێژخایەن بە زمانەکەش دەدات. بۆیە ڕۆڵی خوێندکار، چ وەک بەرهەمهێنەر و چ وەک بەردەنگ و خوێنەری دەقە زانستییەکان یەکجار گرینگ و بنەڕەتییە.

**بێهزاد قادری**: بەڕێوەبردنی سمینارگەلی جۆراوجۆر (سیاسی، فەرهەنگی و زانستی و...) لە زانکۆکان و لەلایەن خوێندکارانی کوردەوە بە زمانی کوردی، دەتوانێت چ کاریگەرییەکی لەسەر خوێندکارانی کورد هەبێت؟

**ڕەند زارعی**: زۆر گرینگن. هەر بە دیاریکراوی زمان بابەتێکی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوە، واتە گرێبەستانەیە. بۆ وێنە من و تۆ و هەموو ئەوانەی وەک من و تۆ لە واتای وشەکان بە شێوەی هاوبەش تێدەگەن، گرێبەستێکمان هەیە کە هەر دوور نەڕۆین بەم دیالۆگەی نێوانمان بڵێین وتووێژ و بە ئاو بڵێین ئاو و بە بەرد بڵێین بەرد. ئەم گۆڕینەوەی مەبەستە لە واتا نەگۆڕ و جێکەوتووەکانی وشەکاندا خۆی جۆرێک ڕێکخستنە و هەتا زۆرتر بچینە نێو ڕێکخستنەکانی زمانێکەوە، پتر گرێبەستە زمانی و بەرزنرخێندراوەکانی زمانێکمان بۆ دەردەکەوێت. بە بڕوای من ئەوە کە زۆر کەس دەڵێن زمانێک لە زمانێکی تر دەوڵەمەندتر یان بەهێزترە، ڕەنگە ناڕاستەوخۆ مەبەستیان هەر ئەم بەرزنرخاندن و ڕێژەی ئەم گرێبەستانە بێت. بە زمانێکی ساکار، وشەی زۆرتر، گرێبەستی پتر، وشەی زۆرتر، بەرز نرخاندنی بەرزتر. هەر لەم سۆنگەوە بە بڕوای

من بە دوو لایەندا دەتوانین کۆڕ و کۆبوونەوەکان هەڵسەنگێنین. یەکەم: هەروەک ئاماژەمان پێ دا، خۆی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەمجۆرە کۆڕ و کۆبوونەوەگەلە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە بەرزنرخاندنی زمانەکە. وەک بڵێی بە کۆڕ و کۆبوونەوەمان بمانەوێت بڵێین ئەم گشتە گرێبەستە بپارێزن و گرینگ و بەنرخن. بۆچی گرینگ و بەنرخن، ئەوە شتێکی ترە کە پەیوەندیی بە پەروەردە بە زمانی زگماک و چارەنووسی سیاسی و گەلێک باسی دیکەوەیە کە لێرە پێویست ناکات بچینە نێو ئەو باسەوە. دووهەم: ڕێکخستنی کۆڕ و کۆبوونەوەکان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتین و وەک چۆن زمان خۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و گرێبەستانەیە، ئەم کۆڕ و کۆبوونەوانەش وەک نوێکردنەوەی پەیمان و گرێبەستەکان خۆیان دەرخەن. بۆ زمانێکی وەک زمانی کوردی، ئەم کۆڕ و کۆبوونەوانە پتر لایەنی هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد بەخۆوە دەگرن تا هەمووان لە مەترسیی لەنێوچوون یان زەرەر و زیان لێکەوتن لە زمانەکەمان ئاگادار بکرێنەوە. وەک بڵێی، لە ڕێگای زمانەوە پرسی داگیرکەری بخرێتەوە ڕوو و لە بابەتێکی ناهەستیارەوە ببێتە بابەتێکی هەستیار، یان لە شتێکی هەستپێنەکراو و نادیارەوە، ببێتە شتێکی هەستپێکراو و دیار. بۆیە بە بڕوای من ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە یەکجار گرینگن.

**- بێهزاد قادری:** بۆ پاراستن و گەشەی زمانی کوردی، چ پێشنیارێکتان بۆ خوێندکارانی کورد کە لە زانکۆکانی تری ئێراندان، هەیە؟

**ڕەند زارعی:** هەروەک ئاماژەمان پێ کرد، توێژی خوێندکاران، کە دەڵێین خوێندکار مەبەستمان هەموو ئەوانەیە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خوێندکار بوون، چاوکراوەن، چالاک و بیرکراوەی کوردستانن. واتە ئەوان زۆرتر هەست بە ژانی برینەکە دەکەن و شتێکی ئاساییە کە کاردانەوەشیان جیاواز و کاریگەرتر دەبێت. بە بڕوای من کوردی ڕۆژهەڵات لەهەمبەر خزمەت بە زمانی کوردی، سەرەڕای هەموو لەمپەر و گیروگرفتەکان، بە گشتی هەوڵی گرینگی داوە و لەو پێناوەدا کاری زۆر گرینگ و گەورەی بە زمانی کوردی کردووە. ئەوە کە ئایا هەوڵەکان وڵامدەری پێویستییەکانن یان هەوڵەکان تا چەند توانیویانە زمانەکە بپارێزن یان گەشەی پێ بدەن باسێکی ترە، بەڵام نابێ لە بیرمان بچێت کە هەتا سیستمی پەروەردە زمانی کوردی بە فەرمی نەناسرێت و لە شوێنە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکاندا نەبێتە بەشێک لە ڕۆتینی ڕۆژانە و نەکەوێتە پلانی خوێندن و پەرەوەردەوە هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا بەرزترین ئاستەکان، ئەستەمە هەوڵەکان کاردانەوەیەکی قووڵ و هەمەلایەنەیان هەبێت. لەبۆیەش، سەرەڕای هەوڵی تاکەکەسی و گرووپی بۆ زمانی کوردی، پێویستە خوێندکاران و هەمووانە کە بابەتی پەروەردەی منداڵی کورد بە زمانی کوردی بەرز بکرێتەوە.

زانکۆکان یەکێک لەو گۆڕەپانە باش و لەبارانەن کە خوێندکاری کورد دەتوانن داخوازی پەروەردە بە زمانی کوردی تێدا بهێننە گۆڕێ. جگە لەوەی کە خودی باسکردن و یان بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوەکان بە زمانی کوردی یان باسکردن لەسەر



سەرچاوە
Serchawe

**بە بۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد**

زمانی کوردی لەو زانکۆگەلەدا خۆی بەرزنرخاندنی زمانەکەیە و ڕێگا خۆش دەکات کە سەهۆڵەکانی ڤین و دڵڕەشی کە ڕێژیم لەنێوان گەلان و زمانەکانی تر و زمانی فارس و زمانی فارسیدا هەڵیچنیون زووتر بتوێنەوە. لەگەڵ ئەوانەشدا، خۆ لە ئێراندا هەر کورد و فارس ناژین، بەڵکە ئازەری و بلووچ و عەرەب و نەتەوەکانی تریش لە زانکۆکاندا چاویان بەم کۆڕ و کۆبوونەوانە دەکەوێت و ڕەنگە ئەم بابەتە ببێتە پاڵنەر و هاندەرێک بۆ ئەوەی ئەوانیش چ ئێستا و چ لە داهاتووی ئەو وڵاتەدا داخوازیی پەروەردە بە زمانی زگماک بێننە گۆڕێ. بۆیە بە بڕوای من هەتا کۆڕ و کۆبوونەوەی زۆرتر لە زانکۆکانی تری ئێراندا لەمەڕ زمانی کوردی و بە زمانی کوردی بەڕێوە بچن، زووتر داخوازی پەروەردە بە زمانی کوردی لە کوردستان دەچەسپێت. لە بیریشمان نەچێت، بەرزنرخاندنی زمانێک لە هەر کام لەو کەمینە نەتەوانەی دیکە لە ئێراندا، دەرفەتی گەلەکۆمەگی زۆرتر دژ بە ڕێژیمی داگیرکەر دەڕەخسێنێت و ئەمە وا دەکات کە لە داهاتووی ئێراندا هاسانتر بتوانین بە ئامانجەکانمان بگەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe

## ئەرکی خوێندکاری کورد لە دەرەوەی وڵات - وتووێژ لەگەڵ سیاوەش محەممەدی




**وتووێژ: بێهزاد قادری**

خوێندن لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژاوایی و پەروەردەبوون لە سیستمێکی دێمۆکراتیک، ئەو مەجالە بە کوردەکان دەدات کە لانیکەم لەسەر ئەو بابەتانەی کە لە نێوخۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان تابۆن، کار بکەن، ئەمەش تەنها زانستە مرۆییەکان ناگرێتەوە، بەڵکوو بە گشتی زۆربەی بوارەکانی خوێندن دەگرێتەوە.

لەم وتووێژەدا لەگەڵ کاک "سیاوەش محەممەدی"، خوێندکاری ماستەری ئەنستیتۆی ڕۆژهەڵات و ئاسیاناسی (بەشی ئابووری و کۆمەڵگە) لە زانکۆی بۆنی ئاڵمان، دەپەرژێینە سەر بابەتی " ئەرکی خوێندکاری کورد لە دەرەوەی وڵات":

**بێهزاد قادری:** خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات (وڵاتانی ڕۆژاوایی) چ دەرفەتگەلێکیان لەبەر دەستە تاکوو بتوانن خزمەتی نەتەوەی خۆیان بکەن (چ لە زانکۆ و چ لە کۆمەڵگەی ڕۆژاواییدا)؟

**سیاوەش محەممەدی:** بە گشتی دەتوانم ئەوە بڵێم کە لێرە دەرفەت بۆ خزمەتی نەتەوەکەیان و خاک و وڵاتی خۆیان زۆرە. خوێندن لێرە و پەروەردەبوون لە سیستمێکی دێمۆکراتیک، ئەو مەجالە بە مرۆڤ دەدات کە لانیکەم لەسەر ئەو بابەتانەی کە لە نێوخۆی ئێران تابۆن، کار بکەی، ئەمەش تەنها زانستە مرۆییەکان ناگرێتەوە، بەڵکوو بە گشتی زۆربەی بوارەکانی



سەرچاوە
Serchawe

خوێندن دەگرێتەوە. بۆ نموونە لە ئێران زۆر زەحمەتە کە کەسێکی کورد بتوانێت لە بواری زانستی سەربازی بخوێنێت و بچێتە ئاستێکی باڵا، بەڵام ئەو دەرفەتە لانیکەم لە بەشێکی زۆری وڵاتانی ڕۆژاوایی ڕەخساوە. لە ئێران زۆر زەحمەتە کە خوێندکارێکی کورد بتوانێت لەسەر فڕۆکە و درۆن و... بخوێنێت لە حاڵێکدا کە لە دەرەوە و لە وڵاتانی ڕۆژاوایی ئەو بەربەستانە زۆر کەمن. لە بواری زانستە مرۆییەکانیش کە دەستی خوێندکاران لێرە زۆر ئاوەڵایە، ئەوان دەتوانن زۆر بە ئازادانە لەسەر پرسی کورد و کۆمەڵگە و مێژوو و سیاسەت و... بخوێنن و ئەو زانستە و ئەو ئەزموونە بگوازنەوە بۆ نێو چینی ئاکادمیای کوردستان، یان دروستکردنی تۆڕێکی پەیوەندی لەنێوان ئاکادمیای ڕۆژاوا و ئاکادمیای نێوخۆ.

دیارە لە هەموو ئەو بوارانەی کە ئاماژەم پێدان، نەتەوەکانی تر کە خاوەنی دەوڵەتی خۆیانن، دەمێک ساڵە سەرقاڵی ئەوەن، وەک ئەوەی کە چینییەکان دەیکەن، واتە لە ڕۆژاوا دەخوێنن و ئەو زانستە دەگوازنەوە بۆ وڵاتی خۆیان. کاتی خۆی یەکیەتیی سۆڤییەتیش هەمان سیاسەتی هەبوو، بە ناردنی خوێندکار بۆ دەرەوە تێدەکۆشا ئەو زانستە بگوازێتەوە بۆ نێوخۆ و خۆماڵی بکات.

ناردنی خوێندکار بۆ دەرەوە لە ئێرانیش مێژوویەکی دووردرێژی هەیە. هەرچەند ناتوانین ڕێکەوتێکی دیاریکراو بڵێین، بەڵام لە سەردەمی قاجارەکانەوە یەکەمجار بە ناردنی فەرماندەرانی سوپا بە تایبەت بۆ فەرانسە و خوێندن لە ئاکادمیە سەربازییەکانی فەرانسە دەگەڕانەوە ئێران و لە سوپای قاجارەکان، گەلان و نەتەوە بندەستەکانی ئەو جوغرافیایەیان سەرکوت دەکرد.

ناردنی خوێندکار بۆ دەرەوە، تایبەت لە بواری سەربازیدا قەتیس نەکراوەتەوە، ئەو ڕەوتە هەموو بوارەکانی خوێندنی گرتووەتەوە، تەنانەت لە بواری زانستە مرۆییەکانیش دەسەڵاتە ناوەندییەکان و تەنانەت دەسەڵاتە ناوچەییەکان کەسانی خۆیان دەنارده دەرەوە. هەر کۆمەڵێک لەو خوێندکارانەی نەتەوەی باڵادەست کە کاتی خۆی لە سەردەمی قاجارەکان نێردرابوونە ئاڵمان، کۆمیتەیەک بە ناوی "کۆمیتەی برلین"یان ساز کرد و بە هاوکاریی کۆمەڵێک ڕۆژهەڵاتناس و ئلیتی نەتەوەپەرستی ئاڵمانی (لە چوارچێوەی پەرەدان بە تیۆریی ڕەگەزی "ئاریایی") ناسیۆناڵیزمی ئێرانییان لە برلین تیۆریزە کرد و یارمەتیدەری هاتنە سەر کار و پراکتیزەکردنی تیۆرییەکانیان لە سەردەمی "ڕەزا پەهلەوی"دا بوون.

ئەم ڕەوتە لە سەردەمی پەهلەوییەکان و ڕێژیمی خومەینیش بە شێوەی سیستماتیک درێژەی کێشا و ئێستاکە دەبینین بەشێکی زۆری فەرماندەرانی نیزامی و کەسایەتییە ئێرانییەکان لە دەرەوەی وڵات خوێندوویانە و بەشی زۆری زانستە ڕۆژاواییەکانیان گواستووەتەوە بۆ نێوخۆی ئێران. ئەوانەش کە لە بواری زانستە مرۆییەکان خوێندوویانە و نەگەڕاونەتەوە ئێران، بەشی

هەرەزۆریان زانستەکەیان خستووەتە خزمەت بالادەست مانەوەی نەتەوەکەی خۆیان و لە هەمان چوارچێوەی گوتاری نەتەوەیی خۆیان دەجووڵێنەوە.

دیارە بەداخەوە دۆخی کورد لەو بوارەدا لەگەڵ ئەو نەتەوانەی کە دەوڵەتیان بووە بەراورد ناکرێت، هەرچەند نموونەی مێژوویی لەو کوردانەی کە بە هەر هۆکارێک توانیویانە بێن لە دەرەوە بخوێنن و دواتر بە جۆرێک زانستەکەیان بخەنە خزمەتی نەتەوە و بزووتنەوەی کوردستان، یەکجار زۆرن، لێرەدا دەتوانین لە ئەفسەرانی نێو شۆڕش، کەسانێک وەک سەرگۆرد عەباسی، عەلیارەکان، خەلیل خەلەبان و فەرماندە چەکۆ یان شەهید د. قاسملوو و شەرەفکەندی و دەیانی تر ناو ببەین.

**بێهزاد قادری**: پەیوەندیی خوێندکارانی کوردی دەرەوەی وڵات لەگەڵ خوێندکارانی وڵاتانی تر چۆنە؟ چۆن دەتوانن لە ڕێگای خوێندکارانی وڵاتانی ترەوە خزمەی کورد و کوردستان بکەن؟

**سیاوەش محەممەدی**: وەکو باسم کرد ڕستەکەی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ لە چ بەشێکدا دەخوێنێت. بۆ نموونە ئەگەر ئەتۆ لە بەشی ئەلکترۆتکنیکدا بخوێنیت پانتایی چالاکییەکانت جیاوازە لەگەڵ کەسێک کە زانستە ڕامیارییەکان دەخوێنێت. زۆر ئاساییە کە پاش خوێندن و کۆتاییهێنانی خوێندنەکەت، هێندێک لە هاوکلاسییەکانت بۆ نموونە ببنە بەرپرسی کۆمپانیییەکی گەورەی وزەی خاوێن، ئەوکات دەکرێت لە ڕێگەی تۆوە هانیان بدەیت کە لە کوردستان سەرمایەگوزاری بکەن. یان هاوکلاسێکت دەبێت بە کارمەندێکی وەزارەتی دەرەوە، دەکرێت لەو پەیوەندییە تاکەکەسییانە کەڵک وەربگریت. جگە لەوەش زۆرجار خوێندکارانی بەشی زانستە مرۆییەکان هێندێک دەستیان ئاوەڵاترە، دەتوانن لەو بوارەی کە دەخوێنن، وتار و لێکۆڵینەوە لەسەر کورد و کوردستان بکەن، بەو شێوە هەم کوردستان بە مامۆستاکانیان و هاوکلاسەکانیان دەناسێنن و هەمیش لەو بوارەدا و لە بواری زانستی خزمەتێکیان بە دۆزی کورد کردووە.

**بێهزاد قادری**: پەیوەندیی خوێندکارانی کورد لە دەرەوە لەگەڵ خەڵکی نێوخۆی کوردستان چۆنە؟ ئایا لەنێوان خەڵک و خوێندکارانی دەرەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکی باش و گونجاو بوونی هەیە؟

**سیاوەش محەممەدی**: ئەمن پێم وایە کە زۆربەی ئەو پەیوەندییانە، پەیوەندیی تاکەکەسی و خزمایەتین، واتە ئێمە تا ئێستاکەش بە شێوەی سیستماتیک نەمانتوانیوە پلاتفۆرمێکمان هەبێت کە ببێتە هۆی دروستکردنی پردێکی پەیوەندی لەنێوان ئەو دوو توێژە. هێندێک کاری ورد و ناتەواو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کراوە. ئەوەش پێم وایە زۆر کەمە و وڵامدەر نییە.

ئێمە پێویستمان بە ناوەندێک یان ڕێکخراوێکی فەرمی و گەورە هەیە، کە بتوانێت ئەو ئەرکە بە شێوەی سیستماتیک و ڕێکوپێک بەڕێوە ببات.

**بێهزاد قادری**: ئەم پرسیارەم چەندین بەشە: پەیوەندیی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات پێکەوە چۆنە؟ ئایا پلان و بەرنامەیەکیان بۆ داهاتووی کوردستان هەیە؟ پەیوەندیی نێوان خوێندکارانی کوردی دەرەوەی وڵات لەگەڵ خوێندکاران نێو شۆڕش (خوێندکارانی پێشمەرگە لە حیزبی دێموکراتدا) چۆنە؟ لە چ بوارگەلێکەوە دەتوانن پێکەوە هاوکارییان هەبێت؟ بۆچی تا ئێستا نەتوانراوە پەیوەندییەکی باش بۆ کاری هاوبەش و کاریگەر لەنێوان خوێندکارانی کورد لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات دروست بکرێت؟

**سیاوەش محەممەدی**: لەو بوارەدا ئەمن زانیاریم لەسەر وڵاتانی تر نییە. ئەوەی لە ئاڵمان دەیبینم، بەداخەوە زۆر زۆر لاوازە، بەتایبەتتر لەنێوان خوێندکارانی کوردی ڕۆژهەڵات.

کوردەکانی باکووری کوردستان کە ڕێژەیان لە ئاڵمان یەکجار زۆرە، هێندێک ڕێکخراو وەک "یەکیەتیی خوێندکارانی کوردستان"یان هەیە، کە ئەو ڕێکخراوەیە وەک دەستەخوشکی پەکەکە ناسراوە و بەو بۆنەوە، لە زۆر هەرێمی ئاڵمان یان قەدەغە کراوە یان چالاکییەکانیان بەرتەسک کراونەتەوە.

پاش ساڵی ٢٠١٥ و هاتنی شەپۆلێک لە پەنابەرانی ڕۆژاوای کوردستان بۆ دەرەوە، ئێستاکە کۆمەڵەک ڕێکخراوی خوێندکاری، خوێندکارانی کوردی ڕۆژاوا دامەزراوە کە لێرە و لەوێ چالاکییان هەیە، ئەوانیش لە دەستپێکی کارەکەدان و هێشتا بیچمیان نەگرتووە.

بە نسیبەت خوێندکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەداخەوە تا ئێستاکە لانیکەم لە ئاڵمان ئەمن ڕێکخراو، یان پالتفۆرمێکی جددیم نەبینیوە.

پەیوەندیی خوێندکارانی کورد لەگەڵ خوێندکارانی نێو شۆڕش، تەنها شتێک کە ئێستا هەیە، کۆمیتەیەکی یەکیەتیی خوێندکارانە کە لە سەرەتاکانی دەستپێکی کاری خۆیدایە. ئەمن نازانم کە بە گشتی چەند خوێندکاری کورد لەو کۆمیتەیەدا ئەندامن و چەندەیان ئێستاکە لە زانکۆکانی ئاڵمان خوێندکارن، وەک خۆم پێم وایە ئەگەر ڕێژەیەکی باش لە خوێندکارت هەبێت دەکرێت کاری باش بکرێت. بۆ نموونە لەنێو منداڵانی ئەو بنەماڵانەی کە ساڵانێکە لێرە دەژین و منداڵەکانیان لێرە



سەرچاوە
Serchawe

چوونەتە قوتابخانە، بەشێکی زۆری ئەو مندالانە، کوردی نازانن، یان لانیکەم نووسین و خوێندنەوەی کوردی نازانن و ئەلفوبێی کوردییان نەخوێندووە، دەکرێت یەکیەتیی خوێندکاران، یان خوێندکارانی نێو شۆڕش کۆمەڵێک دەورەی فێرکاریی زمانی کوردی بۆ ئەو خوێندکارانە دابنێن، فێری کوردی نووسین و خوێندەوەیان بکەن. ئەزموونی تورکەکان لەو بوارەدا زۆر ئەزموونێکی سەرکەوتوو بووە، بالوێزخانە و وەزارەتی دەرەوەی تورکیە بودجەیەکی تایبەتی بۆ دامەزراندن و بەڕێوەبەری خولی فێرکاریی زمانی تورکی داناوە. کوردەکانی باکووریش هێندێک چوونەتە پێشەوە، ئەو خوێندکارانە فێری کوردی نووسین و خوێندن دەکەن و دواتر ئەو کەسانە لە بواری ڕاگەیاندن و پەیوەندی بۆ پارت و ڕێکخراوەکانی باکووری کوردستان زۆر بەکەڵک دێن. بریا کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکرات یان کۆمیتەی یەکیەتیی خوێندکاران و لاوانیش ئەو کارانەیان کردبا. لە وەرزی هاوین کۆمەڵێک دەورەی فێرکاریی زمانی کوردییان دانابا. کۆمیتەی گشتیی حیزب لە ئاڵمان هەم پارەی هەیە و هەمیش دەتوانێت لە حکوومەتی ئاڵمان بۆ کارێکی لەو شێوە هەزاران یۆرۆ بودجە وەربگرێت، کە بەداخەوە جگە لە هێندێک کۆمیتە لە وڵاتانی ئیسکاندیناڤی، شتێکی ئەوتۆ لەو بوارەدا نەکراوە.

وەبیری ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەیەکی ئاڵمانی کەوتمەوە کە ئاماژەی بەوە کردبوو کە ڕێکخراوە مەدەنییەکانی سەر بە ڕێژیمی ئێران لە ئاڵمان ساڵانە نزیکەی ٣٥٠ هەزار یۆرۆ بودجە لە حکوومەتی ئاڵمان وەردەگرن تا خەڵکی خۆیان پەروەردە بکەن! دیارە ئەوەی کە بۆ شتێکی وا تا ئێستا بیچمی نەگرتووە، هۆکار زۆرن، یەکیان ئەوەیە کە ئاڵمان وڵاتێکی پان و بەرینە و نزیکەی هەشتا و پێنج ملیۆن کەس دانیشتووی هەیە و سەدان زانکۆی لێیە و زۆر زۆر زەحمەتە بکرێت لە هەموو ئەو زانکۆیانە، خوێندکاری کوردی ڕۆژهەڵاتی بدۆزیتەوە کە ئامادەی کارکردن بێت، بەڵام دەبێ ئەوەشمان بە تایبەت پاش پاندمی کۆرۆنا لەبەرچاو بێت، کە هێندێک پلاتفۆرمی وەک زووم و ئینترنت ئەو کیشانەیان تا ئاستێکی زۆر لا بردووە و هیوادارم لێرەبەدوا کاری زیاتری لەسەر بکرێت.

کێشەییەکی تر کە دەبێ لەبەرچاومان بێت ئەوەیە کە بەداخەوە بەشێک لەو خوێندکارانەی کە ڕاستەوخۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ خوێندن هاتوونەتە ئێرە، دەیانهەوێت بەبێ کێشە هاتوچۆی بنەماڵەکانیان بکەن و خۆیان لە هەر ڕەوتێکی سیاسی و پلاتفۆرمێکی لەو چەشنە بە دوور دەگرن. بەڵام هۆکاری کۆتایی و سەرەکی لای من ئەوەیە کە بەڕاستی ڕێژەی خوێندکارانی کوردی ڕۆژهەڵاتی لە ئاڵمان بە نیسبەت بەشەکانی تری کوردستان و نەتەوەکانی تری ناوچەکە یەکجار زۆر کەمن.

**بێهزاد قادری: خوێندکارانی کورد لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات چۆن دەتوانن پێکەوە لە پێوەندیدا بن و چۆن دەتوانن بە یارمەتیی یەکتر خزمەتی نەتەوەکەیان بکەن؟**

**سیاوەش محەممەدی**: وەک پێشتریش باسم کرد، ئەمە تەنها لە قاڵبی ڕێکخراودا دەتوانێت ڕێکخراو بکرێت، دەنا هەر وەکوو تا ئێستا کە بینیومانە هەموو چالاکییەکان و پەیوەندییەکان بنەماڵەیی و تاکەکەسین. دەبێ ڕێکخراوێکمان هەبێت کە لەو بوارەدا کار بکات، ماڵپەڕی تایبەتی هەبێت، لانیکەم بە چەند زمانێک، لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ئەکاونتی تایبەتی خۆی هەبێت و ڕێگەی پەیوەندی بە بەڕێوەبەران و ئەندامانی ئاسان بێت. دەبێ کۆمەڵێک خوێندکارمان هەبێت کە ئامادەی کار بن، بەرپرسیاریەتی بە ئەستۆ بگرن و کات دابنێن. ئەو کارانە پێویستییان بە بودجە و پارە هەیە، دەبێ ڕێکخراوێک، یان حیزبێکی نیشتمانی پشتی ئەو پرۆژەیە بگرێت، پارەی بۆ دابین بکات و پێرسۆنێلی پێویستی بۆ دابین بکات. ئەگەر ئەمانە نەبن، وەک باسم کرد پەیوەندییەکان هەر وەک جاران دەبن، تەنها لە چوارچێوەی ناسیاوەکان و هاوڕێیانی تاکەکەسەکان قەتیس دەمێننەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

# خوێندکاری کورد و پرسی نەتەوەیی - وتووێژ لەگەڵ دیلان هەردی



**وتووێژ: بێهزاد قادری**

**کێشە نەتەوەییەکانی گەلی کورد هێشتا چارەسەر نەکراون و لەمبارەوە تاک بە تاکی ئێمە دەبێ ئەرکە نەتەوەییەکانی خۆمان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەجێ بگەیەنین تاکوو چیدی لە چوارچێوەی دەوڵەت و نەتەوەیەکی دیکەدا پێناسە نەکرێین. لەم نێوانەدا خوێندکاری کورد وەک بەشێک لە چینی خوێندەواری کۆمەڵگە لەهەمبەر پرسە نەتەوەییەکانی کورد زۆرتر لە خەڵکی ئاسایی بەرپرسە و دەبێ زیاتر لە هەمووان هەوڵی خۆی بدات.**

**لەم وتووێژەدا لەگەڵ کاک "دیلان هەردی"، خوێندکاری دوکتورای زانستی سیاسی لە زانکۆی "لیل" لە وڵاتی فەرانسە، دەپەرژێینە سەر بابەتی "خوێندکاری کورد و پرسی نەتەوەیی":**

**بێهزاد قادری: گرینگیی پرسە نەتەوەییەکان بۆ گەلی کورد چییە و لەو نێوانەدا خوێندکاری کورد چ ئەرکێکی لەسەر شانە؟**

**دیلان هەردی**: کورد لەو دەگمەن نەتەوانەیە کە کێشە نەتەوەییەکانی بەبێ چارەسەری گواستراونەتەوە بۆ سەدەی بیست و یەکەم، لە حاڵێکدا دەبوایە لە سەدەکانی پێشوودا چارەسەر کرابان. لە سەردەمی ئێستادا ئەگەر نەتەوەیەک خاوەن دەوڵەت و ناسنامەی نەتەوەیی دیاریکراو نەبێت، بە ناچاری لە چوارچێوەی دەوڵەت و نەتەوەیەکی دیکەدا پێناسە دەکرێت، چونکە یاسا و ڕێسا جیهانییەکان و نەزمی نوێی جیهان لەسەر بنەمای دەوڵەتی نەتەوەیی و سنوورەکان ڕێک خراوە. تاکی

کورد کە ئەو وێنەیە لە جیهان دەبینێت، دەزانێت کە نەتەوەی بێ دەوڵەت چ واتایەکی هەیە. بۆیە ئەو پرسیارە لە خۆی دەکات کە بۆچی پرسی کورد تا ئێستا چارەسەر نەبووە؟ لەو نێوەدا، خوێندکاری کورد کە بەشێکە لە چینی خوێندەوار و ئاکادیمی، زیاتر لە خەڵکی ئاسایی دەچێتە نێو ناوەرۆکی بابەتەکەوە و هەوڵ دەدات بە دوای دۆزینەوەی وڵام و هۆکارەکان وەهەروەها چارەسەریشدا بگەڕێت. ئەو بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێت کە لەلایەک بە دوای هۆکارەکاندا بگەڕێت و لەلایەک هەوڵ بدات ڕۆشنگەری لە کۆمەڵگەدا دروست بکات. خوێندکاری کورد پێویستە هەم خۆی گرینگی بە سیاسەت بدات و هەم وا لە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیش بکات کە گرینگی بە سیاسەت بدەن. سیاسی نەبوونی کۆمەڵگە و گرینگی نەدان بە سیاسەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەبێتە هۆی ئەوەی پرسی کورد هەروا بە چارەنەکراوی بمێنێتەوە و داگیرکەر بە ئاسانی پیلانەکانی بۆ تواندنەوەی کورد پیادە بکات. بۆ ڕاکێشانی کۆمەڵگە بۆ نێو سیاسەت پێویستە باسە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەدا بهێندرێنە بەر باس و تاکەکان لە کردە سیاسییەکاندا بەشداری بکەن. خوێندکاری کورد کەسێکی شیاوە بۆ ئەو کارە.

**بێهزاد قادری**: چینی خوێندکار لە پرۆسەی گەشەی وشیاریی نەتەوەیی و پێشەنگبوونیان لە کۆمەڵگەدا چ ڕۆڵێکیان هەیە؟

**دیلان هەردی**: خوێندکار بەشێکە لە نوخبەی داهاتووی کۆمەڵگە و ڕۆڵی پێشەنگ لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگەدا دەگێڕێت. بە تایبەت ئەگەر بابەتەکە پەیوەندیی بە نەتەوەوە هەبێت. ئەگەر قوتابی لە قوتابخانە ناچارە لەژێر کاریگەریی سیستەمی خوێندنی داگیرکەردا بێت و هەم لە ڕووی تەمەن و هەم لە ڕووی تواناییەوە ناتوانێت لە چوارچێوەی ئەو دەرسانە دەربچێت کە سیستەمی خوێندن بۆی دیاری کردووە، بە پێچەوانەوە، خوێندکاری زانکۆ خۆی بە دوای زانستدا دەگەڕێت و خۆی هەڵدەبژێرێت کە چ بخوێنێت و چ بخوێنێتەوە. ئەوە بەو واتایەیە کە مێشکی خوێندکار بە ئاسانی لەلایەن سیستەمەوە داگیر ناکرێت، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی تێگەیشتنی چینی خوێندکار و دواتر کۆمەڵگە. چونکە خوێندکار لە کۆمەڵگەدا دەژی و کۆمەڵگەش ڕێزی تایبەت بۆ خوێندکار دادەنێت و گوێ لە بیر و بۆچوونەکانی دەگرێت. هەر خوێندکارێک لە هەر بوارێکی زانستیدا کە بخوێنێت، کاریگەریی خۆی لەسەر کۆمەڵگە دادەنێت و بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە هەموو بوارێکی خوێندن پێویستە، چونکە هەموو سێکتەرەکانی کۆمەڵگە لێک گرێ دراون، بواری زانستی، ئابووری، پیشەسازی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئەدەبی و هەموو ئەوانی دیکە گرێدراوی پرسی نەتەوەیین. لەو نێوەدا، ئەرکی خوێندکارانی زانستە مرۆییەکان زیاترە، چونکە ڕاستەوخۆ بواری خوێندنەکەیان پەیوەندیی بە کۆمەڵگە و ڕای گشتی و هزری تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، هەر بۆیەش ڕێژیمی ئێران هێندە بەو بوارە هەستیارە و بە توندی کۆنترۆڵی دەکات. وشیاریی نەتەوەیی لە هەموو جیهان بەرهەمی گەشەی عەقڵ و زانستە کە لە هەموویاندا خوێندکار بە بەرهەمهێنانی زانست و هزر پێشەنگ بووە. خوێندکار هزر بۆ کۆمەڵگە بەرهەم دێنێت و پرسیار لە مێشکی تاکەکاندا

دروست دەکات و پرسە سەرەکییەکان کە گرینگترینیان پرسی نەتەوەییە دەورووژێنێت.

**بێهزاد قادری**: چالاکی خوێندکاریی کورد بۆ گۆڕینی هەستی نەتەوەیی بۆ بیری نەتەوەیی دەبێ چی بکات؟

**دیلان هەردی**: پرسی نەتەوەیی کورد پرسێکی ئاڵۆزە و لە چوارچێوەی نەزمی نوێی جیهانیدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەوڵی ئاڵۆزترکردنی دەدرێت، لە هەمان کاتیشدا هەستی نەتەوەیی لە کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەرزبوونەوەدایە. لەگەڵ بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوەیی، دەوڵەتی داگیرکەریش هەوڵ دەدات پرسی کورد بەلاڕێدا ببات. بۆ ئەو مەبەستەش دەیهەوێت کۆمەڵگەی کوردی لە ئاستی نەتەوەییەوە دابەزێنێت بۆ ئاستی کولتووری زمانی و زاراوەیی. واتە دەیهەوێت لە هزری تاکی کورددا هەندێک دەمارگرژیی زاراوەیی و ناوچەیی و کولتووری دروست بکات و جێگەی هزری نەتەوەیی پێ بگرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش لە خوێندکار و لە زانکۆکان کەڵک وەردەگرێت و کۆمەڵێک کەسی نزیک لە خۆی وەکوو شارەزا زەق دەکاتەوە تا دژایەتیی هزری نەتەوەیی بکەن. لێرەدا دیسان خوێندکاری کورد ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، کە ئەویش بەرهەمهێنانی هزری نەتەوەییە لە ڕێگەی تیۆریزەکردنی پرسی نەتەوەیی کورد بە شێوەی ئاکادیمی. جگە لەوە هەر خوێندکارێک بە تایبەت لە بواری زانستە مرۆییەکان، پێویستە ئاگادار بێت و نەکەوێتە داوی ئەو نووسین و توێژینەوانەی کە بە مەبەستی دابەزاندنی پرسی نەتەوەیی بەرهەم هاتوون. چونکە بەشێکی توێژینەوەکانی زانکۆکانی ئێران سەبارەت بە کورد بەرهەمی داگیرکەرن کە تێیدا کورد وەکوو نەتەوە ناهێننە ئەژمار. خوێندکاری کورد پێویستە بۆ توێژینەوەکانی پشت بە سەرچاوەگەڵێک ببەستێت کە دوور بن لە هزری داگیرکەر.

**بێهزاد قادری**: چالاکانی خوێندکاریی کورد بۆ ورووژاندنی پرسە نەتەوەییەکانی کورد لەنێو خوێندکارانی کورد و زانکۆکانی کوردستان دەبێ چی بکەن؟

**دیلان هەردی**: هەر خوێندکارێکی کورد پێویستە هەوڵی خۆ ڕێکخستن لەگەڵ ئەو خوێندکارانە بدات کە کار لەسەر پرسی نەتەوەیی دەکەن، چونکە هەر چالاکییەک بۆ سەرکەوتن پێویستی بە ڕێکخستنە. ڕێکخستنی خوێندکارانی کورد لەنێو زانکۆکاندا فاکتەرێکی بەهێزە و کاریگەرییەکانی پێشتر بینراون. خۆ ڕێکخستنی خوێندکاران لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی خوێندکاریی نەتەوەیی، یان ئەنجومەنێک دەتوانێت خوێندکارانی کورد لە پەرش و بڵاویی هزری دوور بخاتەوە و پێشەنگ بێت بۆ ئەو کەسانەی لە قوتابخانە و لەژێر سیستەمی پەروەردەی داگیرکەرەوە دەچنە زانکۆ. هەروەها دەتوانێت فاکتەرێکی سەرەکی بێت بۆ ئاراستەکردنی خوێندکاران لە بەرهەمهێنانی هزر و زانست و هەڵبژاردنی سووژەی کۆتایی خوێندنەکەیان وەکوو ماستەر و دوکتورا. خۆ ڕێکخستن لە چوارچێوەی پرسی نەتەوەیی لەنێو زانکۆکانی سەرانسەری کوردستان و ئێران



سەرچاوە
Serchawe

دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێندکارانی کورد بە تایبەت لە بەشی زانستە مرۆییەکان سەرچاوە زانستییەکانی یەکتر بە کار بێننەوە و پشت بە سەرچاوەی کەسانی گوماناوی نەبەستن. بە خۆشحاڵییەوە ئێستا زۆرێک لە خوێندکارە کوردەکان بۆ وەدەستخستنی سەرچاوە، پشت بەو سەرچاوانە دەبەستن کە لە دەرەوەی وڵات بەرهەم هاتوون و بیر و هزری داگیرکەر بەسەریاندا زاڵ نییە.

**بێهزاد قادری**: چالاکانی خوێندکاریی کورد بۆ ورووژاندنی پرسە نەتەوەییەکانی کورد لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان، چەندە دەتوانن کاریگەر بن؟

**دیلان هەردی**: چالاکی خوێندکاری تاکێکی کۆمەڵگەیە و لە کۆمەڵگەدا دەژی و کاریگەریی چالاکییەکانیشی ڕاستەوخۆ لەسەر کۆمەڵگە دیارن. چالاکی خوێندکاری پێویستە پاڵپشتی ویستی کۆمەڵگە بێت. کە باس لە ویستی کۆمەڵگە دەکرێت، تەنیا لە مافی نەتەوەییدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو جۆراوجۆرن، لە مافی کرێکارێکەوە بگرە تا ویستێکی سیاسی. لە ئێستادا بەهۆی سیاسەتە هەڵەکانی کۆماری ئیسلامی زۆرینەی خەڵکی کوردستان گیرۆدەی کێشەیەکی ئابووری، کۆمەڵایەتی یان سیاسییە. لەوانەیە ئەو کێشانەی کە پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە، خەڵک سەرقاڵ بکەن و ڕێگر بن لەوەی پرسە نەتەوەییەکان بورووژێن. چونکە هەوڵدان بۆ ژیان و بۆ نان مەجالی ئەوە ناهێڵێتەوە تا خەڵک بیر لە پرسی سیاسی و نەتەوەیی بکەنەوە. لێرەدا ڕۆڵی خوێندکار بەرجەستە دەبێتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی مەجالی خوێندنەوە و بیرکردنەوەی لە خەڵکی دیکە زیاترە. چالاکی خوێندکاری هەوڵ دەدا هەموو ئەو کێشانەی کۆمەڵگە لەژێر چەتری کێشەی نەتەوەییدا کۆ بکاتەوە، واتە ئەو تێگەیشتنە لە کۆمەڵگەدا بەرهەم بێنێت کە هۆکاری هەموو کێشەکان دەسەڵاتی داگیرکەرە. ئەگەر بۆ وێنە کۆڵبەرێک و کاسبکارێک و بازارییەک ناتوانن بژێویی ژیانیان دابین بکەن و پێیانوایە بیرکردنەوە لە کێشەی نەتەوەیی لە ڕیزبەندی یەکەمی نیگەرانیی ڕۆژانەیاندا نییە، چالاکی خوێندکاری دەتوانێت ئەوەیان بۆ بسەلمێنێت کە هۆکاری ژیانی سەختی ئەوان هەلاواردنە کە داگیرکەر لەسەر گەلی کوردی پەیڕەو دەکات. واتە ئەو قەناعەتە دروست بکات کە هەموو کێشەکان لە کوردستان بەهۆی داگیرکارییەوەیە و چارەسەری پرسی نەتەوەیی دەتوانێت چارەسەری پرسی ئابووریش بێت. هەروەها چالاکی خوێندکاری پێویستە لە هەموو ناڕەزایەتییەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە دژی حکوومەت بەشدار بێت، چ بە خۆپیشاندان و چ بە پشتیوانیی سەمبۆلیک. ئەوەش لەبەر ئەوەی چالاکانی خوێندکاری متمانە لەلای چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دروست بکەن و کێشەکانی کۆمەڵگە بە کێشەی خۆیان بزانن و ئاراستەی دروستیان پێ بدەن و لە ڕووی هزرییەوە دەوڵەمەندیان بکەن.

**بێهزاد قادری**: خوێندکارانی کورد بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ بەلاڕێدابردنی پرسە نەتەوەییەکانی



سەرچاوە
Serchawe

**کورد و پرسی شوناسخوازیی کورد، دەبێ چۆن هەڵوێست بگرن؟**

**دیلان هەردی**: هەروەک لەسەرەوە ئاماژەم پێ کرد، لەگەڵ بەرزبوونەوەی هزری نەتەوەیی لە کوردستاندا، ڕێژیمی ئێران کە ناتوانێت پێش بەو هزرە بگرێت، هەوڵ دەدات بە لاڕێیدا ببات. ئەرکی چینی خوێندکار دروستکردنی گوتارێکی نەتەوەییە کە بتوانێت چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە لە دەوری خۆی تەیار بکات. ئەو گوتارە پێویستە سادە و ڕوون و ئاشکرا بێت کە لە ڕووی دەروونییەوە بتوانێت قەناعەت بە تاکەکانی کۆمەڵگە بکات و لە ئەنجامدا بتوانێت ڕووبەڕووی پیلانەکانی حکوومەت ببێتەوە. واتە کاتێک لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بۆ بەلاڕێدابردنی هزری نەتەوەیی پیلانێک پیادە دەکرێت، بەر لەوەی ئامانجی خۆی بپێکێت، خوێندکاری کورد دەتوانێت مەبەستەکانی پشتی ئەو پیلانە بۆ کۆمەڵگە شی بکاتەوە و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پیلانەکە لە ڕووی هزرییەوە ئامادەیان بکات، چونکە بەشی زۆری کۆمەڵگە لەبەر سەرقاڵبوون بە ژیانی سەختی ڕۆژانەی خۆیان مەجالی بەدواداچوونیان نییە و ناتوانن بە وردی بچنە نێو ناوەرۆکی بابەتەکانەوە.

**بێهزاد قادری**: چالاکانی خوێندکاریی کورد کە نەتەوەیی بیر دەکەنەوە، بۆ پەروەردەی نەتەوەیی ئەو خوێندکارە کوردانەی کە تازە دەچنە زانکۆکانەوە، دەبێ چی بکەن؟

**دیلان هەردی**: کەسێک کە تازە لە قوتابخانەوە دەچێتە زانکۆ و خاوەنی هەستی نەتەوەییە، پێویستە وەکوو هەر تاکێکی دیکە یارمەتیت بدرێت تا بەشداری باسە سیاسییەکان ببێت. هەروەها ئەگەر بیهەوێت چالاکی بکات، لە دوو ڕووەوە پێویستە هاوکاریی بکرێت: یەکەم لە ڕووی ڕێکخراوەیی و ڕێکخستنەوە پێویستە لەلایەن چالاکانی خوێندکارییەوە لە بواری خۆیدا ڕێک بخرێت و لە بەهرەکانی کەڵک وەرگیرێت. دووهەم لە ڕووی زانستییەوە لە خوێندکارە کوردەکانی دیکە گرێ بدرێت و تۆڕێکی بەهێزی زانستی لەنێوانیاندا دروست ببێت. بە تایبەت ئەگەر لە بواری زانستە مرۆییەکاندا دەخوێنێت، لە ڕووی سەرچاوە و بابەتی ئاکادێمی هەڵبژاردنی سووژەوە هاوکاری بکرێت. دروستبوونی تۆڕێکی بەهێز لەنێوان خوێندکارە کوردەکان دەتوانێت گوتاری نەتەوەیی لەنێو خوێندکارە کوردەکان و زانکۆکانی کوردستان زاڵ بکات، کە ئەوەش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستان و هەروەها زانکۆکانی ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣١ی جۆزەردانی ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## خوێندكاری كورد و چالاكیی خوێندكاری - وتووێژ لەگەڵ داود عوسمانزادە



**وتووێژ: بێهزاد قادری**

**هەر لە سەرەتای دامەزراندنی زانكۆ لە كوردستان، ویست و داخوازییە سیاسییەكان خۆیان خزاندووەتە نێو زانكۆكان و كاریگەریی لەسەر جەمسەربەندییە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان و چالاكییەكان هەبووە. هەروەها لە یەك دەیەی ڕابردوودا گوتاری ڕزگاریخوازی و دژەكۆلۆنیالیستی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان و بەتایبەتی لە زانكۆكان بەرەو ڕادیكاڵیزەبوون ڕۆیشتووە و لە هەموو دەرفەتێك بۆ دەربڕینی ویست و خواستەكانی خۆی كەڵك وەردەگرێت. بەڵام پرسیاری ئێمە ئەوەیە كە لە هەنووكەدا خوێندكاری كورد لە بواری چالاكیی خوێندكارییەوە دەبێ چی بكات تاكوو كاریگەرتر بێت؟**

**لەم وتووێژەدا لەگەڵ كاك "داود عوسمانزادە"، خوێندكاری ماستەری لێكۆڵینەوەكانی ناسیۆنالیزم لە زانكۆی ناوەندیی ئورووپا، ڤییەنا، دەپەرژێینە سەر بابەتی "خوێندكاری كورد و چالاكیی خوێندكاری":**

**بێهزاد قادری: لە ئێستادا دۆخی چالاكیی خوێندكاری (لە بواری زانستی) لە زانكۆكانی كوردستان چۆنە؟**

**داود عوسمانزادە: دۆخی چالاكیی خوێندكاری لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان گرێدراوی دۆخی گشتیی سیاسیی جوگرافیای**

کۆلۆنیالیستیی ئێرانە. بەم مانایە، لەبەر نەبوونی کەشی گونجاو بۆ چالاکیی ئاشکرا، بەشێکی زۆری چالاکییەکان بە شێوەی نهێنی، یان ناڕاستەوخۆ و لە بازنەی کۆڕ و کۆبوونەوە هاوڕێیەتییاکاندا بەڕێوە دەچن. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، لە یەک دەیەی ڕابردوودا گوتاری ڕزگاریخوازی و دژەکۆلۆنیالیستی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی لە زانکۆکان بەرەو ڕادیکاڵیزەبوون ڕۆیشتووە و لە هەموو دەرفەتێک بۆ دەربڕینی ویست و خواستەکانی خۆی کەڵک وەردەگرێت.

گەر بمانهەوێت لە بواری کۆمەڵناسیی سیاسییەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، دەتوانین بڵێین، دۆخی زانستی بەهۆی ئەوەی لەژێر کاریگەریی کەلێنە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندایە لە کوردستان، بووەتە هۆی بەهێزکردنی ئاستی زانستیی خوێندکارە کوردەکان لە زانکۆکانی کوردستان و ئێران. بەڵام، گەر بمانهەوێت باس لە زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، دەتوانین بڵێین دۆخی گشتیی زانکۆکانی کوردستان لە بواری زانستییەوە زۆر لەژێر کاریگەریی دۆخی گشتیی دەوڵەتی کۆلۆنیال لەم جوگرافیا سیاسییەدایە؛ ئەگەرچی لێرە و لەوێ هەندێک جیاوازی هەن کە ئەوانیش بۆ خودی زانکۆکان ناگەڕێنەوە، بەڵکوو بۆ بەستێنی کوردستانیبوونی ئەم زانکۆیانە دەگەڕێتەوە.

**بێهزاد قادری**: **لە ئێستادا دۆخی چالاکیی خوێندکاری (لە بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی) لە زانکۆکانی کوردستان چۆنە؟**

**داود عوسمانزادە**: گەر بمانهەوێت لە بەستێنێکی مێژووییەوە سەیری ئەم بابەتە بکەین دەتوانین تا ڕادەیەک بڵێین، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی زانکۆ لە کوردستان، ویست و داخوازییە سیاسییەکان خۆیان خزاندووەتە نێو زانکۆکان و کاریگەریی لەسەر جەمسەربەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییەکان هەبووە.

ئێستایش دۆخی چالاکیی خوێندکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم تایبەتمەندییە بێبەری نییە. دوای دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی "ئیسڵاحتەڵەبی" و "ئیسڵاحتەڵەبەکان" لە کوردستان و جوگرافیای سیاسیی ئێران و ڕادیکاڵیزەبوونی گوتاری ڕزگاریخوازی، چالاکیی خوێندکاریی خوێندکارە کوردەکانیش تا ڕادەیەکی بەرچاو چووەتە ژێر کاریگەریی ئەم دۆخەوە، لەلایەکی دیکەیشەوە خوێندکاری کورد بۆ خۆی بەشێکی خوڵقێنەر و ئەیجنتی ئەم دۆخە ڕادیکاڵە ڕزگاریخوازییە.

**بێهزاد قادری**: **هەندێک لە چالاکانی خوێندکاریی پێشوو ڕایان وایە کە چالاکیی خوێندکاری لەم دوو سێ ساڵەدا لە زانکۆکانی کوردستان لاواز بووە؛ ڕاتان لەسەر ئەم بابەتە چییە؟**

**داود عوسمانزادە**: من پێم وا نییە چالاکیی خوێندکاری لاواز بووبێت، بەپێچەوانەوە پێم وایە بەهۆی هەندێک هۆکاری بابەتی، وەک داخراوتربوونی دۆخی سیاسی و هەندێک هۆکاری خودی، وەکوو سەرهەڵدانەوەی ڕادیکاڵیزمی سیاسی، فۆڕم و شێوازەکانی چالاکیی خوێندکاری گۆڕاوە. بۆ نموونە، گەر لە سەردەمی بەناو ئیسڵاحاتدا خوێندکاری کورد زیاتر لە چوارچێوەی هەندێک ڕێکخراوی پەیوەست بە زانکۆ و هەندێک بڵاوکراوەوە ویستەکانی خۆی دەردەبڕی و هەندێک کات ئەکتێکی سیاسی پێشان دەدا؛ ئێستا لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی ئۆنتۆلۆژیکی پرسی کورد و بەدەفکردنی مەعریفەناسانەی ئەم پێناسانە لە دوو ئاستدا چالاکی دەکات: ئاستی یەکەم، لە کاتی پەیوەندیگرتن بە کۆمەڵگە، لە کۆڕ و کۆبوونەوە کەسی و خێزانییەکاندا. ئاستی دووەمیش لە ڕێگەی بەشداریی زیاتری لە گۆڤار و بڵاوکراوە و چالاکییەکانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئەوەیشمان لەبیر نەچێت کە لەم قۆناغەدا تا دێت زیاتر تیۆرییە ڕادیکاڵە ئەنتی کۆلۆنیالیستییەکان چوارچێوەی تیۆریک و ئەدەبیاتی توێژینەوەی نامەکانی لێکۆڵینەوە پێک دەهێنن. دەمهەوێت بڵێم، چالاکیی خوێندکاری هەروا بەردەوامە، بەڵام فۆڕم و ناوەڕۆکەکەی بەپێی دۆخەکە گۆڕاوە.

**بێهزاد قادری**: خوێندکارانی کوردی چالاک لە زانکۆکانی کوردستان و ئێران پێویستە لە چ بوارگەلێک پەرە بە چالاکییەکانی خۆیان بدەن؟

**داود عوسمانزادە**: بە بۆچوونی من، پێش هەموو شتێک خوێندکارە کوردەکان لە زانکۆکانی کوردستان و ڕێژیمی کۆلۆنیال پێویستە لە بواری زانستییەوە خۆیان پێبگەیەنن. ئەوە دەرئەنجامی بەرهەستتری دەبێت لە درێژخایەندا. یەکێک لە بوارەکانی دیکە، پێویستە خوێندکاری کورد هەوڵی دیکۆلۆنیازکردنی پرسی کورد بدات. ئەمە پرسێکە کە پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ زانکۆ و دەزگا مەعریفییەکانی دیکەوە هەیە. خوێندکاری کورد دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم ئامرازە زانستی و تیۆریکییانەی هەیەتی، هەوڵی پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی هەموو جومگەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بداتەوە و دووبارە کێشەکان پرۆبلماتیک بکاتەوە. بۆ نموونە، لە پرسی ڕزگاریی نەتەوەیی، جێندەری، چینایەتی، پرسەکانی ژینگە، منداڵان و هتد خوێندکاری کورد دەتوانێت دووبارە پێناسە بۆ ئەم کێشانە بکاتەوە و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر دیاری بکات. ئەمانە بە پرۆژەی درێژخایەنی زانستی دەکرێن، خوێندکارەکانی ئەمڕۆ، ئاکادیمیسییەن و ڕوناکبیرانی دواڕۆژن کە دەبێ ئەم پرۆژانە گەڵاڵە بکەن و تیۆریزەیان بکەن.

**بێهزاد قادری**: چالاکیی خوێندکارانی کورد لە بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەتوانێت چ کاریگەرییەک لەسەر کۆمەڵگە دابنێت؟

**داود عوسمانزادە**: ئەم پرسیارە زۆر گرینگە. خوێندکار و ئاکادیمیسییەنی کورد بەپێی ئەوەی کە لە چ پاڕادایمێکی زانستیدا دەهزرێ، ڕەنگە جۆری پەیوەندی و کاریگەرییەکەی لەگەڵ کۆمەڵگە جیاواز بێت. بەڵام بەگشتی، گەر لە ڕوانگەی تیۆرییە ڕەخنەگرانەکانی وەکوو قوتابخانەی فرانکفۆرت، پاڕادایمی کۆلۆنیالیستی و تیۆرییە فێمێنیستییەکانەوە بمانهەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە دەبێ بڵێین، ئەرکی لێکۆڵەر، خوێندکار و ئاکادیمیسییەن بریتییە لە هەوڵدان بۆ ڕۆشەنگەریی کۆمەڵگە، ئاشکراکردنی میکانیزمە شاراوەکانی چەوسانەوە و سەپاندن، یارمەتیدانی کۆمەڵگە بۆ ڕزگاری لەم میکانیزمە سەرکوتکەرانە و داڕشتنی پلان، میکانیزم و تیۆریی ڕزگاری. لە هەموو ئەم دیمانەیەدا مەبەستی من لە ڕزگاری مەبەستێکی هەمەکی، گشتی، داینامیک و بەردەوامە؛ جا لە ڕزگاریی نەتەوەییەوە بگرە هەتا ڕزگاریی جێندەری و چینایەتی و هتد.

خوێندکاری کورد پێویستە حوزوورێکی تۆخی لەنێو کۆمەڵگەدا هەبێت، هەوڵ بدات زمانی ئاخاوتنی لە زمانی ئەوان نزیک بکاتەوە و ئاگایی و ڕۆشەنگەریی ڕەخنەگرانە و ڕزگاریخوازانە بە زمانێکی سادە بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بگوازێتەوە. هاوکات، لەگەڵ ئەمەیشدا، خۆی وەکوو هەڵگری تاقانەی حەقیقەت نەبێت و گوێی بۆ کۆمەڵگە شل بکات.

**بێهزاد قادری**: چالاکیی خوێندکارانی کورد لە بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەتوانێت چ کاریگەرییەک لەسەر زانکۆکان و خوێندکارانی تر دابنێت؟

**داود عوسمانزادە**: خوێندکارەکان لە پرۆسەی یەکترناسیندا، هەم خۆیان و هەم کۆمەڵگەکەیان زیاتر دەناسن، ئەمەیش بەرهەمی کارلێکێکی کۆمەڵایەتیی ئەم ژینگە تایبەتەیە. بەرهەمی ئەم کارلێکە دەبێتە هۆی گۆڕانی بەردەوام. کاریگەری یەکێک لە بەڵگەنەویستترین ڕووداوەکانی کارلێکەکانە. ئیتر ئەوەی کە ئاراستەی کاریگەرییەکە چی دەبێت زۆر پێشبینی ناکرێت و گرێدراوی زۆر گۆڕاوی دیکەیە. بەڵام، هەوڵدان بۆ دروستکردنی کەشێکی لێکتر تێگەیشتن لەنێوان خوێندکارە کوردەکانی بەشە جیاوازەکانی کوردستان، پێناسەکردنی پرۆژەی تایبەت، دروستکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتن لەگەڵ خوێندکارەکانی نەتەوە کۆلۆنیکراوەکانی دیکەی وەکوو تورک، عەرەب، بەلووچ و هتد، دەتوانێت سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتیی گەورە دروست بکات، سەرمایەیەک کە بتوانێت ببێتە هەوێنی متمانە بۆ کار، پرۆژە و چالاکیی هاوبەش.

**بێهزاد قادری**: خوێندکارانی کورد لە کوردستان و ئێران بۆ بەهێزکردنی چالاکییەکانیان چۆن دەبێ لەگەڵ خوێندکارانی کوردی دەرەوەی وڵات هاوکاری بکەن؟



سەرچاوە
Serchawe

**داود عوسمانزادە**: لە ڕێگەی پێناسەی پرۆژەی هاوبەش و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان، وەک ئەوەی لە گرووپی "بەرەو باشترین زانکۆکانی جیهان دا دەکرێت.

**بێهزاد قادری**: ڕێژیمی ئێران بەردەوام لە بەردەم چالاکانی خوێندکاری کۆسپ دروست دەکات. چالاکانی خوێندکاری چۆن بەرەوڕووی ئەم کۆسپانە ببنەوە؟

**داود عوسمانزادە**: ڕێژیمی کۆلۆنیال کاتێک دەبینێت شتەکان بەپێی پلان و ویستی ئەو ناچنە پێشەوە، کۆسپ و گرفت ساز دەکات. هەر بۆیە دەبێ چالاکی خوێندکاری چالاکییەکی چەند ڕەهەندی هەبێت. بۆ نموونە، هەموو ئەم شتانەی لە سەرەوەدا باسمان کردن بەشێکن لە چالاکیی خوێندکاری کە خوێندکار لە کەناڵە جیاوازەکانەوە دەیانکات، بۆ نموونە پەرەپێدان بە بەشداری لە ڕۆشەنگەری، پرۆبلماتیککردنەوەی سەرلەنوێی کێشەکان، نووسین بە ناوی نهێنی، وەرگێڕانی کتێب و وتار لە زمانە ڕۆژئاواییەکانەوە بۆ سەر زمانی کوردی، پتەوترکردنی پەیوەندیی نێوان بەشە جیاوازەکانی کوردستان لەنێو خوێندکارەکاندا. ئەمانە دەتوانن هەندێک چالاکیی بنەڕەتی بن کە لەلایەکەوە یەکجار زۆر گرینگن و لەلایەکی دیکەوە مەیدانی دروستکردنی بەربەست لەلایەن ڕێژیمی کۆلۆنیالەوە تێیدا کەمترە. گەر ئامانج ڕزگاری بێت، ئەوە بەشدارپێکردنی هەموو چین و توێژەکان خاڵی بنەڕەتییە. بۆ ئەمەیش، خوێندکار دەتوانێت قورساییەکی گەورەی هەبێت.

**بێهزاد قادری**: پەیوەندیی چالاکانی خوێندکاریی کورد لە زانکۆکانی کوردستان و ئێران پێکەوە چۆنە؟ چۆن دەبێ پێکەوە پەیوەندی دروست بکەن؟

**داود عوسمانزادە**: بەگشتی ئەمە کارێکی ئاسان نییە. لەلایەکەوە هەموو ئاپاراتووسەکانی ڕێژیمی کۆلۆنیال هەوڵی پەرەپێدان بە گوتارێکی ناوەندگەرای تۆتالیتاریستی دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن سووژەی گوێڕایەڵی خۆی ساز بکات. لەم نێوەدا، بەهۆی بەستێنە مێژوویی- سیاسییەکان ئاگایی سیاسیی پێکهاتە جیاوازەکانی ئەم جوگرافیا سیاسییە جیاوازە و سیستەم توانیویەتی بەشێک لە پێکهاتەکان بکاتە سووژەی گوێڕایەڵی خۆیان. لەم گوتارەدا، کاتێک کورد وەک هەڕەشە پێناسە دەکرێت، دژایەتیی کورد وەکوو بەرگری لە خود 'Self Help' پاساوی دەدرێتەوە. بەڵام، لەگەڵ ئەوەیشدا بەو مەرجەی پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی گوتاری ڕزگاریخوازی نەکرێنە قوربانی، هەبوونی پەیوەندییەکی دوولایەنە و ڕۆشەنگەر زۆر یارمەتیدەر دەبێ بۆ دژایەتیی ڕێژیمی کۆلۆنیال و گێڕانەوەکانی.

**بێهزاد قادری**: دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان خوێندکارانی کورد لە ئاستی زانکۆکانی کوردستان و ئێران چ کاریگەرییەکی

دەتوانێت هەبێت؟

**داود عوسمانزادە**: دەتوانێت یارمەتدەر بێت بۆ دروستکردنی پلەتفۆرم، بەرنامەیەکی زانستی، سیاسی، کۆمەڵایەتی بۆ شەڕ لە دژی ڕێژیمی کۆلۆنیال و گێڕنەوەکانی. دەتوانێت هێزی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم سیستەمە کۆلۆنیالە بەرز بکاتەوە و سیستەمەکە لاوازتر بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٢

## بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران و کوردستانی خۆرهەڵاتدا؛ وتوویژ لەگەڵ کاردۆ ئەحمەدی

**خوێنەری هێژا:**

**بابەتی بەردەستت وتوویژێکە کە لە ڕێکەوتی ٢٣ و ٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٩٥ی هەتاوی (٢٧١٦ی کوردی) لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تلیگرام لەسەر مژاری (بزووتنەوەی خوێنکاری لە ئێران و کوردستانی خۆرهەڵاتدا)، لەگەڵ بەڕێز کاردۆ ئەحمەدی، چالاکی خوێندکاری – سیاسی و بە ێشکەشکاری خاتوو ئەسرین ئەحمەدی، چالاکی مەدەنی، پێکهاتووە.**

**ڕاویژ: با بەم شێوەیە بچمە ناو باسەکەوە، پێناسەی خوێندکار و بزووتنەوەی خوێندکاری چییە؟**

**ئەحمەدی**: لە ڕاستیدا پێناسەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە کومەڵگای دیموکرات و نا دیموکراتدا زۆر جیاوازو لەیەک دوورن. خوێندکار بە و کەسانە دەوترێت کە وەک بەشی ئاکادمی قۆناخەکانی خوێندن دەبڕن و دەچنە زانکۆو لە بەشێکدا درێژە بە فێر بوونی زانست دەدەن، بە لام بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕوانگەی ئازادی کومەڵگای مەدەنیەوە پێناسە دەکرێت. واتە بزوتنەوەی خوێندکاری بەشێکە لە پێکهێنەرەکانی کومەڵگەی مەدەنی کە خوێندکار داینەمۆی بەرێوە بردنیەتی و بە مە بەستی بەربەرەکانی لەگەڵ گرفتە کومەڵایەتییە پێوەندیدارەکان، درووست دەبێت. لە حاڵێکدا لە لە کومەڵگای داخراودا ئەرکەکانی زۆر قورسترە.

**ڕاویژ: ئەوە چییە کە بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد لە بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران جیا دەکاتەوە؟**

**ئەحمەدی**: تەنیا فاکتەری سەرەکی پرسی مافی نەتەوەییە. بزوتنەوەی خوێندکاری کوردی گرێدراوە بە مافی نەتەوەیەکی بندەستەوە. لە دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە، دەوڵەت بە مە بەستی پاراستنی نیزام بەر لە هەمو شتێک لە ژێر ناوی شۆرشی فەرهەنگیدا هە مو جیابیرە نەتەوەیی و چەپییەکانی لە زانکۆ دەر کردو دەستی کرد بە کوشت و کوشتاری جیا بیران. دەفتەری تەحکیمی وەحدەتی وەکو بازووی خۆی لە زانکو دامەزراند. تا سەردەمی ڕەفسەنجانی هێزی دەسەڵاتداری زانکۆ بە پێچەوانەی هەمو یاسایەکی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەفتەری تەحکیمی وەحدەت بوو. دواتر لە سەر دەمی میانەڕەوەکاندا دەوڵەت زانی خوێندکاری بۆ کۆنترۆڵ ناکرێت دەستی کرد بە بڵاو کردنەوەی سیستەمی سیاسی میانەڕەو و لە


سەرچاوە
Serchawe

دەنگ خستنی توندئاهژۆکان کە دەفتەری تەحکیمی وەحدەتیشی دەگرتەوە. بەڵام نە کومەڵگەی مەدەنی باس بوو نە بزوتنەوە کومەڵایەتییەکان دەوری ڕاستەقینەی خویئان دە گێرا . لە ئاکامی گۆڕینی سیاسەتی دونیای نێونەتەوەیی و گوشاری ناو خۆی ئێران دەوڵەت ناچار بوو باس لە ریفۆرم و چاکسازی بکات و خاتەمی بە ناوی ئازادی بەیان و کومەلگەی مەدەنی دیسان فێڵێکی تری بو مانەوەی نیزام لە خوێندکاران و خەڵک کرد و بەشێکی گەورەی لە خوێندکارە ڕۆشنبیرو زیرەکەکانی لە ناو برد لە ڕەوتی کوی دانشگادا و بە دوای ئەوهدا سیستم جێگیر بوو و بزوتنەوەی خوێندکاری تا ئەمرۆ لە کێشەو گرفتی نەبوونی ئازادی و مافەکانیدا لە خوێندا دەگەوزێت و بەردەوامیش لە تیکوشاندایە.

**ڕاوێژ**: سیستەمی پەروەردەیی و دەسەڵاتداریی حکوومەتی تاران تا چەندە هەوڵی داوە کە بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد پەراوێز بخات؟

**ئەحمەدی**: سیستەمی پەرەەردەی ئێران لە سەر بنەمای دژایەتی کومەڵگەی مەدەنی و تاکڕەویی ئیسلامی دانراوە و هەر بویەش پرسی نەتەوە بە پرسێکی دژە ئایین و دین دادەنێت و ئەمەش وایکردوە کە هەم لە یاسایی بنەڕەتی و هەم لە یاسا پێوەندیدارەکان بە سیستەمی پەروەردەدا بە شێوازی جور بەجور دژایەتی پرسی نەتەوەیی بکات و بزوتنەوەی خوێندکاری کوردیش نەیتوانیوە لە ژێر تەوژمی ئەو دژایەتییەدا دەرباز بێت هەر بویە تا ئیستا هێزی گۆڕانی نەبووە.

**ڕاوێژ**: کوتتان ئەرکی بزوتنەوەی خوێندکاری لە کۆمەڵگای دێموکراتی و دیکتاتۆردا جیاوازن، ئەو جیاوازییانە چین؟

**ئەحمەدی**: جیاوازی لە تێڕوانینی جۆری کومەڵگەکانەوە بۆ بزوتنەوەی خوێندکاری دروست دەبێت. گوتمان بزوتنەوە بەشێکی جیا نەکراوەیە لە کومەلگای مەدەنی. وڵاتانی دیکتاتور ئیمکانییان بە کومەلگەی مەدەنی کراوە نییە و هەر بۆیەش بزوتنەوەی خوێندکاری ئەرکی زۆر زیاتری دەکەوێتە سەر شان و ناچارە بچێتە خانەی مافی سیاسی و حقوقی وەک ئیستای ئێران. بەڵام لە کومەڵگای دیموکرات دا ئەرکی بزوتنەوەی خوێندکاری تەنیا لە چوارچێوەی مافی خوێندکاریدایە و بەشەکانیتری بو دابین کراوە.

**ڕاوێژ**: باستان لە مافە نەتەوەییەکان لە خەباتی خوێندکاریدا کرد، وەک شاخسێک بۆ جیا کردنەوەی بزاڤی خوێندکاریی کورد و نەتەوەی باڵادەست، باشە لە بنەڕەتدا چینی خوێندکار وەک توێژێکی تایبەت دەبێ هەڵسوکەوت بکات یان لە هەمبەر مافە نەتەوەییەکانێشدا بەرپرسیارە؟ واتا بزاڤێکی چینایەتییە یان دەبێ گشتگیر بێ؟

**ئەحمەدی**: تا ئەو کاتەی کە دەسەڵاتی سیاسی و کومەڵگای مەدەنی لە وڵاتدا دەگەن بە یەک ئاست، واتە بۆشایی نێوان هێزی ئەو دوانە دەگەن بە یەک ئاست، ئەرکی بزاڤی خوێندکاری زۆر قورسە و بە هۆی ئەوەی کە تەنیا توێژی کومەڵگەیە کە خاوەنی ڕۆشنبیری و زانیارییە ئەرکی نەتەوایەتی و بگرە دەیان ئەرکی تر و بەرگری کردن لێیان دەکەوێتە ئەستوی. بەڵام ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی دەسەڵاتێکی دیموکرات و دادپەروەر بو، ئەرکی بزوتنەوەی خوێندکاری تەنها بەرگری بو دابین کردنی بابەتە پەیوەندیدارەکان بە خوێندکارەوەیە.

**ڕاوێژ**: پێتان وایە کە بزووتنەوەی خوێندکاریی تا چەندە دەتوانێ لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی و سەرهەڵدان کاریگەری دابنێت؟

**ئەحمەدی**: بزوتنەوەی خوێندکاری نەک هەر لە کوردوستان و ئێران بەڵکو لە هەموو وڵاتان دابینکەری مافە نەتەوەیی و مافەکانی ترە. لە ڕاستیدا داینامۆی بەرێوە بردنی کومەڵگە لە هەمو بوارێکەوە، خوێندکار و بزوتنەوەکەیەتی و مافی نەتەوەیی گەلی کوردیش لە هەمو قوناغەکاندا بە خوێندکاری هوشیارەوە بەسراوەتەوە.

**ڕاوێژ**: ناکرێ ئێمە لابردنی ئەو بۆشاییە کە باسی دەکەن لە نێوان حکوومەت و چالاکانی مەدەنیدایە بە بەشێک لە ئەرکی بزاڤی خوێندکاری بزانین؟

**ئەحمەدی**: بەڵێ ئەوە بەشێکە لەو ئەرکە. بۆ نمونە کاتێک کە مافی نەتەوەیی یان مافی توێژە جۆراوجۆرەکان کە بەشێکن لە کومەڵگای مەدەنی و بەرامبەر بە دەسەڵات مافی خویان هەیە، دابین ناکرێت دەست پێشخەری توێژی خوێندکارە کە مکانیزمەکان دادەنێت و ڕێکخستن دەکات بو دابین کردنی مافەکانیان و دەوڵەت یان دەسەڵاتی سیاسی ناچار دەکات باوەڕ بە هێزی کومەڵگەی مەدەنی بێنێت و لە ئاستی داخوازییەکانیاندا مل، کەچ کات.

**ڕاوێژ**: بزوتنەوەی خوێندکاریی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵات و زانکۆکانی ئێران تا چەندە سەرکەوتوو بووە لە ئاراستەی فیکریی خوێندکارانی دیکە؟

**ئەحمەدی**: وڵامی ئەم پرسیئارە دوو بەشە.

**یەکەم:** سەبارەت بەوانەی کە لە ناوخو حوزوریان هەیە وە کو یەکێتی دیموکراتیکی خوێندکارانی کورد.



سەرچاوە
Serchawe

**دووهەم:** ئەو خوێندکارانەی کە لە دەرەوە توانیویانە بزوتنەوەیێک بێنن.

سەبارەت بەوانەی ناوخۆ بەداخەوە لەبەر ئەوەی کە کەشی سیاسی وڵات کەشێکە کە کومەڵگەی مەدەنی و پێکهێنەرەکانی قەدەغەیە و هیچکات دەرفەتی جوڵانەوەو و باس کردنی بابەتەکان نەبووە، نەیانتوانیوە ئاراستەی فکری خوێندکار بەرەو دیموکراتیزە کردن و چالاک کردن ببەن.

ئەوەی دەرەوەش کە زۆرتر خۆی لە یەکێتی خوێندکارانی دیموکراتی کوردوستانی ئێراندا دەبینێتەوە بە هۆی ئەوەی کە لە دورەوە دەیەوێت کاریگەری لە سەر خوێندکار دابنێت قورسایی زۆری لە سەر شانە بەڵام لە دامەزرانیوە تا ئێستا سەرەڕای بوونی کۆسپەکان، کاریگەرییەکی باشی لە سەر خوێندکارانی کورد و ئێران داناوە. بەتایبەت لە سەر دوو مژاری نەتەوەیی و ڕۆشنگەری.

**ڕاوێژ**: ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی دەرەوەی کوردستانی خۆرهەڵات تا چەندە کاریگەرییان بووە لەسەر بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد؟ ئایا سەرکەوتوو بوون لەو بەرنامە و پرۆگرامانەیان کە دیارییان کردوون؟

**ئەحمەدی**: وەک باسم کرد بتهەوێ یان نەتهەوێ کۆسپ لە بەردەمیان زۆرە. دووری لە زانکۆکانی ئێران. بوونی دەیان فیلتێری ئینترنێتی و پێوەندیدار بە دەسەڵاتی زاڵو پرسی ژیان لە تاراوگە و....تاد، بە لام یەکێک لەو مژارانە کە زۆر بە وردی کاری لە سەر کردووە و تا ڕادەیەک نزیک بوەتەوە لە مەبەستەکەی، پشتگیری و ڕوون کردنەوەی مافی نەتەوەییە کە ئێستا لە لایەن خوێندکارانی کوردەوە دەکرێ بڵێم بووە بە مژاری ڕوژ و ڕۆژەڤ. ڕاگەیاندنە کومەڵایەتییەکان بە ئاشکرا ئەو ڕاستییە دەردەخەن. هەر چەند گومان لەوەنییە کە ئەمانیش کەمووکوڕی پێکهاتەیی و ڕیکخستنیان هەیە.

**ڕاوێژ**: بزاڤی خوێندکاری کورد کە وەک کوتتان ئەرکی نەتەوەییشی لەسەر شانە، چەندە وابووە کە لە حیزبەکانەوە هەڵقوولێ یان لێیان نزیک بووبێتەوە؟ ئەگەر لاتوان وایە ئەوە زۆر ىووە، بە خەساری دەزانن یان خاڵی بەهێزی؟

**ئەحمەدی**: لە ڕاستیدا ئەوەی کە حیزبەکان دەورییان هەبووە لە درووست کردنی بزاڤی چەکداری، حاشا هەڵنەگرە. لە لایەک پێچەوانەی یاساکانی پێوەندیدار بە بزاڤی کومەڵایەتییە. بەڵام هاوکات نەبوونی فەزای کراوەی سیاسی بو خوێندکار لە ئێران و کوردستان و زۆرداری و سەرکوتی سیاسی وڵات و دژایەتییەکانی دەوڵەتی حاکم کە لە ئاستی مروڤایەتی بەرامبەر خوێندکار تێپەریوە، لایەنێک ناچار دەکات کە بۆ بەرەو پێش بردنی خەباتی مەدەنی پشتی ڕێکخراوە

کومەڵایەتییەکان بگرێت. دیرۆکی بزوتنەوەی خوێندکاری لە هەموو دونیا و لە ئێرانیش وابووە. حیزبە ئازادیخوازەکان بە ئەرکی خۆیان زانیوە پشتی بزاڤە کومەڵایەتییە چالاکەکان بو دابین کردنی مافەکانیان بگرن.

**ڕاوێژ**: باسی خوێندکاری وشیارتان کرد، تا چەندە خوێندکارانی کورد بەو وشیارییە نەتەوەییە گەیشتوون کە باسی دەکەن؟ ئایا دەشێ بیری نەتەوەیی زاڵ بزانین بەسەر فکریەتیی زۆربەی خوێندکارانی کورددا؟ چونکە ئێمە دەبینین کە بەشێکی بەرچاو لە خوێندکاران لە ئێران بەگشتی زۆرتر سەرقاڵی خۆشگوزەرانی و بڕێ کاری دیکەن تەنانەت تاوەکوو دەرس خوێندنەکەش کە ئەرکیانە . بەشداریی خوێندکارانی کورد بە تایبەتی و ئێران بەگشتی لە بزاڤی خوێندکاری چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ تا چەندە خوێندکارانی کورد هەوڵیان داوە کە لە بزاڤی خوێندکاریی کورددا بەشدار بن؟

**ئەحمەدی**: بە دڵنیاییەوە هەموو کەس حەزی لە هەمو شت نییە، سەلیقە و ویست و خواستەکان جیاوازن. لەوانەیە دەیان و سەدان خوێندکار پێی خوش بێت خوی توشی کێشە نەکات و هەموو کات بەشێکی بچوکی کومەڵگایە کە ئەرکی گەورە وە ئەستۆ دەگرێت و لە خەمی بەرەو پێشچونی وڵاتدایە و شەڕ بو ماف دەکات. هەر بۆیە شتێکی ئاساییە کە کەسانی خۆشگوزەران هەبن، بەڵام بەپێی ئەوەی پێکهاتەی خوێندکارانی بەشی سیاسی و زانستی کۆمەڵایەتی لە ئێران لە خەفەقانێکی سیاسیدان، خویندکارانی کورد ئەگەر بە شێوەی کرداریش بەرەسمی نەیانکردبێت بەشی زری خوێندکارەکانی بەشی سیاسی و کومەڵایەتی خۆیان لەو کێشەیە داوە و دەرفەتیان بۆ برەخسێت چالاکانە کاری بۆ دەکەن.

**ڕاوێژ**: باستان لەوە کرد کە بەشێک لە بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد لە هەندەرانە، ئەو بەشە چەندە توانیویتی ببێتە زمان حاڵی ئەو توێژە لە کۆمەڵگای کوردی و بە گوێی دونیایدا بچرپێنێ و ڕەنگدانەوەی میدیایی هەبێ؟

**ئەحمەدی**: ئەو بەشە لەم ماوەیەدا کە دامەزراوە کوسپی زور لە بەردەمدا بووە. زور جار ناچار بووە لە کومەڵێک بڕیار پاشگەز بێتەوە کە دەیتوانی بارودوخی هەیی لە زانکۆ بگۆڕێت، هوکارەکەشی ئە و گوشارانە بووە کە لە تاراوگە ناچاری کردوە خوی ببەستێتەوە. بەڵام بە گشتی تا ئەو بەشە لە ئارادا نەبوو گوفتمانی نەتەوەیی و چالاکی مەدەنی لە زانکۆ هەر زۆر بە کەمیش باس نەدەکرا. کاریگەرییەکەی ڕەنگە بە هۆی دووری و بوونی کۆسپی زۆرەوە، زۆر بە ڕوونی دیار نەبێت بەڵام لە درێژخایەندا دەتوانێ کاریگەرییەکی زۆری هەم لە سەرکەوتنی کومەڵگای مەدەنیدا هەبێت هەم ببێت بە ئەهرومێک بۆ بزاڤە کومەڵایەتییەکان یتر.

**ڕاوێژ**: یەکێ لە پێش گریمانەکانی شرۆڤەکاران لە لێکدانەوەی بزووتنەوە خوێندکارییەکان ئەوەیە کە دەڵێن کەسایەتی و

بیری خوێندكاری چالاك ئەوەیە: "نەبەستراوەیی و خۆبواردن لە ڕوانینی تاكەكەسی بە چالاكییەكان و خوێندكار وابەستەیی هاوشێوەی توێژەكانی دیكەی كۆمەڵگایان نییە". ئەم پێش گریمانەیە لە ئێران تا چەندە دەتوانێ جێگای قبووڵ بێت؟ بۆچی لە ئێراندا بە پێچەوانەی وڵاتانی دیكەی جیهان چالاكانی خوێندكاریی نەیانتوانیوە خۆیان بە ڕێكخراو و حیزبە سیاسییەكان نەبەستنەوە و ئەو سەربەخۆییە لە ناو خوێندكارانی ئێران نابیندرێت؟

**ئەحمەدی**: لە ئێراندا بەربەستەكان بۆ خوێندكار زۆرن و بزوتنەوەی خوێندكاری كاتێک دەتوانێت سەربەخۆ بێت و پاڵ نەدات بە حیزبەكانەوە كە دەسەڵاتی سیاسی زاڵ، دەسەڵاتێكی دیموكراتیک بێت و هەموو بنەما یاسایی و سیاسییەكانی دەسەڵات لە هەموو ویست و خواستە ڕۆژانەكانیدا باوەڕ و ئیمانی بە سەربەخۆیی تاک هەبێت. هەر بۆیە لە ئێرانێكدا كە تاک ناتوانێت هیچ هەڵوێستێک سەبارەت بە بەرژەوەندییەكانی خۆی كە مافی خۆیەتی بگرێت و ناتوانێت بە پێی هیچ یاساو ڕێسایەک بەرگری لە خۆی بكات، ناچارە  پەنا ببات بۆ كاری گروپی و لە ئاكامی بەربەرەكانێ لە گەڵ تاكدا ناچارە پاڵ بدات بە حیزبە ئۆپوزوسیونەكانەوە و لە ڕێرەوی كومەڵایەتی خۆی زیاتر دەردەچێت.

**ڕاوێژ**: لەبارەی سیاسەتی حیزبە ئۆپوزوسیونەكانی تودەو میلی گەراكان و ئیسلامییەكان بەرامبەر بزوتنەوەی خوێندكاری چ لێكدانەوە و شرۆڤەیەكتان هەیە؟
تكایە دوو قۆناغی پێش ئینقلابی ٥٧ و پاش ئینقلاب جیا جیا باس بكەن. سەرەتا باسی دەورانی ڕژێمی پەهلەوی بكەن و دواتر باسی قوناغی حكوومەتی ئیسلامی.

**ئەحمەدی**: سەرەتای بزتنەوەی خوێندكاری لە ئێران تودەییەكان دەستیان پێكرد. یەكەم نارەزایەتی خوێندكاران لە لایەن گروپی تەقی ئەرانی ناسراو بە ٥٣ كەس دەستی پێ كرد. بەڵام لە دوای خەرمانانی ١٣٢٠ـەوە بەتایبەت لە سەردەمی میللی بوونی نەوتەوە چالاكی خوێندكاری روخسارێكی تری بە خۆوە گرت. لە دوای ١٣٢٠ـەوە ٣ ڕەوتی خوێندكاری لە مەیداندا بوون. تودەییەكان و نەتەوەخوازەكان و ئیسلامییەكان. تودەییەكان بەردەوامییان بە فكری چەپ دەدا و نەتەوە خوازەكان لە بەرەی نەتەوەیی موسەدیقدا بوون. ئەنجومەنە ئیسلامییەكانیش كەپێڕەوییان لە مەهدی بازرگان و یەدوڵڵای سەحابی دەكرد و ڕۆشەنفكری ئیسلامییان پێرەوی دەكرد. تا ساڵی ١٣٢٨ تودەییەكان لە ئەوجی خوێندكاریدا بوون. بەڵام دوای دەست ڕرێژ كردنە سەر شاو قەدەغە بوونی حیزبی تودە مەیدان بۆ ڕەوتی نەتەوەیی كراوە. ڕێكخراوای خوێندكاران و لاوانی شۆڕشگێر دروست بوو كە بەرگرییان لە ڕەوتی میللی كردنی نەوت دەكرد. بەڵام تودەییەكان زیاتر باسی ئیمتیازی نەوتی باشووریان دەكرد و بەرامبەر نەوتی باكوور كە دەدرا بە سۆڤییەت بێ دەنگ بوون. ئەنجومەنە ئیسلامییەكانیش كە لە ساڵی ١٣٢٢ دامەزران، دژایەتی تودەیان زۆرتر دەكرد و زیاتر لە نەتەوەخوازەكانەوە نزیک بوون. جگە لەمانە گروپی خواپەرستانی سوسیالیستیش بوون كە بە دژی خەباتیان دەكرد و لە دەرەوەی زانكو كادر سازییان كرد. كە موحەممەد نەخشەب



سەرچاوە
Serchawe

سەروکایەتی دەکردن. بە گشتی تاساڵی ١٣٣٢ و ڕووخانی دەوڵەتی موسەدیق ڕێکخراوی خوێندکاری لە ئێران لە گۆڕەپاندا چالاک بوون. دوای ساڵی ١٣٣٢ سەرکوت و کوشتن لە لایەن دەوڵەتەوە پەرەی گرت، تا لە ١٦ سەرماوەزدا ٣ خوێندکار کوژران و ئەو ڕوژە بو بە ڕۆژێکی دیار لە مێژوی خوێندکاری ئێراندا. دوای ١٦ی سەرماوەز، نێهزەتی مقاوەمەتی میللی و تودەییەکانی زانکۆ یەکیان گرت و کومیتەی هاوبەشیان ساز کرد، بە بیانووی موحاکمەی موسەدیق و پێکهێنانی پێوەندی دیپلۆماتیک لەگەڵ بریتانییا و هاتنی نیکسون بوو کە خوێندکاران ١٦ی ئازەریان دروست کرد.

دوای ئەم ڕووداوانە نارەزایەتی خوێندکاران بە بیانوی جۆاوجۆرر بەردەوام بوو تا دوکتور شەریعەتی توانی بە زیرەکانە لە درووشمی دژە ئیمپریالیستی تودەو و نەتەوەخوازی موسەدقییەکان و ئیسلامگەرایی ڕۆشنفکری دینی ڕەوتێک بدات بە بزووتنەوەی خوێندکاری و بیخاتە خزمەتی شۆڕشی گەلانی ئێران کە تا هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بەردەوام بوو و ڕۆڵی گرنگیان گێڕا.

**ڕاوێژ**: گەلۆ چالاکیی لە دامەزراوە فەرمییە خوێندکارییەکان وەکوو ئەنجومەنە ئیسلامییەکان کە هەموو چالاکییەکانیان دەبێ لە ژێر چاوەدێریی دەوڵەت و لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی حکوومەتدا بێت؛ دەشێ وەکوو چالاکیی خوێندکاری و بەشێک لە بزووتنەوەی خوێندکاریی بزانین؟

**ئەحمەدی**: وەکو یاسای کومەڵگەی مەدەنی و ئازادیی ڕێکخراوە کومەڵایەتییەکان ناچێتە قالبی بزوتنەوەی خوێندکاریی یاساییەوە، بەڵام لە وڵاتی دیکتاتۆر لێداو، بە بزوتنەوەی دەناسێنن و هەموو شتێکی بۆ دەرەخسێنن وەکو دەفتەری تەحکیمی وەحدەت کە تەنانەت خۆتێهەڵقووتاندنیان لە سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیشدا دەکرد و گرتنی دیپلۆماتە ئامریکاییەکان کە هیچ پێوەندییەکی بە بزووتنەوەی خوێندکارییەوە نیە و دەچێتە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەکی نمونەیەکی بەرچاوی نایاسایی بوونی ئەو جورە ڕێکخراوانەیە.

**ڕاوێژ**: بزووتنەوە خوێندکاری (جیا لەوەی کە لە ئێران ئەو بزووتنەوەیە بوونی هەیە یا نییە)؛ چ دەرفەتگەلێک دەتوانێ بۆ بزووتنەوەی مەدەنی، سیاسی و بزووتنەوەکانی ژنان، ژینگەپارێزی و کرێکاری دابین بکات و بەستێن ساز بێت بۆ بزووتنەوەکانی دیکە؟ یان با بەم شێوەیە پرسیارەکەتان ئاراستە بکەم: بزووتنەوەی خوێندکاری تا چ ئاستێک دەتوانێ بە شێوەی سەربەخۆ لە دروستکردنی شەپۆلی کۆمەڵایەتیی دەوری هەبێت؟

**ئەحمەدی**: لە ڕاستیدا ئیستا کار کردنی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران بە قوناغێکی زۆر دژواردا تێدەپەڕێ. بوونی

بەربەستی سیاسی و ئایینی و زیاد بوونی خواست و ویستی خوێندکار لە دونیای پێشکەوتوو مودێرندا، خوێندکاری خستوەتە تەنگانەیەکەوە کە دەربازبوونی بەسراوەتەوە بە هەوڵ و تێکوشانی زۆرەوە، بەڵام ڕێگاچارەی باش هاوپەیمانی و یەکگرتنی بزووتنەوە کومەڵایەتییەکان بە ژنان و لاوان و خوێندکارانە کە خوێندکاران بە حوکمی ئەوەی کە لە تان و پۆی سیاسەتی حکومەت و کاردانەوە سیاسی و ئایینییەکان زیاتر شارەزاییان هەیە دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە گۆڕانی بارودوخی هەنوکەیی بگێڕن. بزووتنەوەکانی تریش هەر کام بۆ خۆیان ڕۆڵی تایبەتییان هەیە بەڵام لە ناو ئەوانیشدا دیسان خوێندن و قەڵەمە کە زورتر بە دەستی خوێندکارانەوەیە دەتوانێ گۆڕانکاری درووست بکات.

**ڕاوێژ**: چالاکانی خوێندکاری و ڕێکخراوەکانی خوێندکاری دەبێت چی بکەن بۆ ئەوەی یەکگرتووی و هاوئاهەنگی لە نێو خوێندکارانی کورددا زۆرتر بێت؟

**ئەحمەدی**: یەکەمین کاریان دەبێت بینینەوەی خاڵی هاوبەش بێت. بۆ نمونە خاڵی هاوبەشی نەتەوەیی بوون، باشترین ڕێگایە بۆ یەکگرتن و لە یەک تێ گەیشتنییان. دوهەمین شت زانینی ئەوەی کە هەوڵ و تێکۆشان دەتوانێت هەموو ستەم و زۆرداریەک بە چۆکدا بێنێ و لە تێکۆشان بۆ وەدەست هێنانی مافە تاکی و بە کۆمەڵەکانییان بەردەوام بن. سێیەم دەست هەڵگرتن لە بەرژەوەندییە تاکیەکانییان و خۆ تەرخان کردنیان بۆ کاری بە کۆمەڵ و خزمەت کردن بە بزووتنەوەی خوێندکاری کە وەک سەلمێندراوە خوێندکارو بزووتنەوەی خوێندکارییە کە دەتوانی هەموو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سییاسیی و ئابووری و کەلتورییەکان دابین بکات و دونیایەکی پێشکەوتوو و لێوانلێو لە ئازادی بو تاک و کۆمەڵ بەرهەم بێنێت.

**ڕاوێژ**: ئێوە وەکوو چالاکێکی خوێندکاری، ڕەوشی خوێندکارانی کورد و خەباتی ئەوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**ئەحمەدی**: بە درێژایی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بەربەستە حەیاتییەکان دەرفەتی نەداوە بە خوێندکاری کوردی ناوخو قسەی دڵی خۆی بکات. بەڵام لە دوایساڵی ٦٨ ـەوە کە خوێندکارانی کوردی زانکوی تاران کۆمەڵێک چالاکی وەکو ڕێ و ڕە سمی هەڵەبجەیان بەڕێوە برد بوو بەهۆی ئەوەی کە گەشانەوەیەک لە بیری خوێندکاریدا درووست ببێت و لە ساڵی ٧٨ دا بتوانن کومەڵێک بڵاڤۆک بڵاو بکەنەوە وەک ڕاڤە و ڕۆژەڤ و نویسا و... کە ئەم بڵاڤوکانە تا ڕادەیەک بوون بە هۆی گەشانەوەی زمانی کوردی و خزمەتێکی باش بوو بە نەتەوەی کورد. بەڵام لەبەر ئەوەی کە کێشەکان بەرەو ئاقاری نەتەوەیی دەڕۆیشت ئەوانیش سەرکوت کران و مافی نەتەوەییان ناتوانن وەکو پێویست باس بکەن بەڵام چالاکییە



سەرچاوە Serchawe

فەرهەنگییەکانییان ئومێد بەخشە.

**ڕاوێژ**: بەرژەوەندێکی روون بۆ داهاتووی خەباتی گەلی کورد بەگشتی و بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد لە خۆرهەڵات بوونی هەیە؟

**ئەحمەدی**: ئەگەر مەبەستت هیوایە. بەڵێ بە دڵنیاییەوە. بارو دۆخەکان گۆڕاون وەکو جاران نییە. جاران سەدان نەفەر لە ئێران بە بێ دادگا دەکوژران و شەهید دەبوون کەس پێیشی نەدەزانی. بەڵام ئێستا بارودۆخی ڕاگەیاندن و بچوک بوونەوەی جیهان و وای کردوە کە باشترین دەرفەت بو خەڵک و خوێندکاران ڕەخساوە هاوار بکەن و داوای ماف بکەن و ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ بەرزبونەوەی ئاستی زانیاری نەتەوەیی خەڵک و زانیاری خوێندکاری و ئەرک و مافەکانیان و تاکی کورد ئێستا زیاتر لە جاران ئەرکی خوی و مافی خۆی دەزانی و هیواکە زۆر زۆرترە بۆ سەرکەوتن لە چاو ساڵانی ساڵانی پێشوو.

**ڕاوێژ**: گوتاری زاڵ لە نێو چالاکانی خوێندکاری کورد لە کوردستان کامەیە؟ ئەوان زیاتر خۆیان لە دەوری کامە گوتاردا دەبیننەوە؟ هۆکارەکەی چییە؟

**ئەحمەدی**: بزووتنەوەی خوێندکاری ناو خۆ و دەرەوە ئەگەر بەراورد بکەین، شتەکان روونن. لە هە ردوو بزووتنەوەکە گوتاری نەتەوەیی پرسی سەرەکییانە. بۆ نموونە خوێندکاری ناوخۆ چون زیاتر لە بەردەستی کۆماری ئیسلامییدایە تەنیا لە ڕێگای فەرهەنگی و کاری زمانەوانیەوە بە ئاشکرا هەنگاو بو شوناس دەنێت. بەڵام خوێندکاری دەرەوە ئازادترە و کۆماری ئیسلامی دەستی پێی ناگات و بوێرانەو ئازادانە گوتاری نەتەوەیی بۆ بەدەست هێنانی شوناسی نەتەوەیی باس دەکات. کۆماری ئیسلامی بووە هەموو شێوەیەک تەنانەت بە دانانی سیخوڕ لەناو خوێندکارانی ناو خۆدا ترس دەخاتە بەردەم خوێندکاران بۆ بەشداری کردن و کۆبوونەوە لە دەوری گوتارەکان و بزووتنەوە دیارەکان. ئەمە وایکردوە کە خوێندکارانی ناوخو سەرەڕای ئامادەبوونیان لە وێ زور سەرکەوتوو نەبن و خوێندکارانی دەرەوەش تا کەشێکی ئازادی خوێندکاری دروست نەبێت ناتوانرێ بگوترێ ڕێژەی سەرکەوتنیان چەندە.

**ڕاوێژ**: بۆچی خوێندکارانی ئەمڕۆ، ڕۆژ بەدوای ڕۆژ لە هەمبەر کۆمەڵگا و بەتایبەت چینی زەحمەتکێش پێوەندییان کەمتر دەبێتەوە و خۆیان بێ تەعەهوود و بێگانە لە کۆمەڵگا دەزانن؟

**ئەحمەدی**: لە ئاکامی سییاسەتە دژمروڤییەکانی دەوڵەتی حاکم دا و لە ئاکامی شکەنجە و زیندان و تەنانەت دەست

درێژییە جنسییەکانی کۆماری ئیسلامی و نەبوونی هیچ لایەنێک لە ناوخۆ کە بتوانێ بەرگرییان لێ بکات یان ئەوئان بتوانن پەنایی بۆ ببەن ئەم بێ هیواییە دروست ببێت. بەڵام بەڕاستی ئەوەی کە خوێندکاران ئێستا لە ناوخۆ دەیکەن بە نسبەت ئەو ڕۆژەڕەشیەی کە هەموو داواکارییەکی ماف بە دژی خودا و ئیسلام لێک دەداتەوە، هێشتا جێگای شوکری هەیە کە خوێندکار، گوتاری مافی نەتەوەیی و مافی فەرهەنگی باس دەکات. لە هەموو قوناغێکی تاریکی سیاسیدا ڕۆشنبیرەکان خۆڵەمێشی ژێر ئاگرن وانییە کە خەوتبن و بێ دەنگ بن. دەرفەتەکان کە ڕەخسان ئەو کات دەبێت بزانێ ئایا خوێندکار لە کومەڵگە بێگانەیە یان نا.

**ڕاوێژ: کێشە و گرفتەکانی بەردەم چالاکانی خوێندکاری کورد لە ناوخۆ کامانەن؟**

**ئەحمەدی**: یەکەم کورد بوونە. بەسراوەیی بزوتنەوەی خوێندکاری کوردە بە گوتاری نەتەوەیی و دابین کردنی مافی گەلێکی بندەست کە ئەرکی مرۆڤایەتی و یاسایی وایکردوە کە دەسەڵات لاپەڕەی ڕەش بو خوێندکاری کورد درووست بکات سەردەمی گوزینش و حەراسەت و بێ بەڵگە دەرکردن و بێ بەلگە ترساندن و دادگایی کردنی بەردەوام لە ژێر گچکەبین دابوونی خویندکاری کورد لە ئێراندا حاشا هەڵنەگرە و ئەمەش جگە لەوەی خوێندکار بە ئاقاری نەتەوەییدا دەبات هیچ بۆ دەوڵەت بەرهەم ناهێنێت. خوێندکاری کورد گەورەترین کێشەی ئەوەیە کە لەباتی ئەوەی بە دوای زانستێکی تایبەت بکەوێ ناچارە پێش هەموو شتێک شەڕی شوناس و ناسنامە بکات.

**ڕاوێژ: خۆپیشاندانی توندوتیژ لەلایەن بزووتنەوەی خوێندکاریی لە ئێران بە گشتی و کورد بەتایبەتی بە درووست دەزانن؟ بە بۆچوونی ئێوە، هۆکاری بنچینەیی خۆپیشاندانە توندووتیژەکانی خوێندکاران لەزۆربەی وڵاتەکاندا، چیە؟**

**ئەحمەدی**: بە درێژایی ئەم ٣٧ ساڵەی کۆماری ئیسلامی. خوێندکار هەموو جۆرە دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی تاقی کردوەتەوە، هەموویان بەس مەبەستییان پاراستنی نیزامەو هیچیتر. خوێندکاری ئێران لە قۆناغی دەربڕینی سادەو ساکاری مافەکانەوە تا ڕادیکال بوون هاتووە. چیدی دەوڵەت بەشی هیواو ئومێدی بۆ خوێندکار نەهێشتۆتەوە. باشترینییان چاکسازی خوازەکان ڕووداوی کووی دانشگایان خولقاند و دەست درێژی جنسی لە سەر دەمی ئەواندا ڕووی دا، بۆیە بە ڕای من خوێندکاران دەبێ ئیتر زۆر ڕادیکالتر و توندتر بێنە مەیدان. هۆکاری بنچینەیی خۆپیشاندانی ڕادیکاڵ دانین نەکردنی مافە خوێندکاری و کۆمەڵاییەتییەکانە بۆ خوێندکاران کە لە وڵاتانی دیموکراتیکدا زۆر بە هەند وەردەگیرێ و سیاسەتی وڵات دەبات بەرەو گۆڕان و دەبێت بە هۆکارێک بۆ چاکسازی کومەڵایەتی.


سەرچاوە
Serchawe

**ڕاوێژ**: لە کۆتاییدا وەکوو چالاکێکی خوێندکاریی کورد بۆ چالاکانی خوێندکاریی کورد لە ناوخۆ، پێشنیارتان چییە؟ پێشنیارەکانتان بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی خوێندکاری چین؟ چی بکریەت؟

**ئەحمەدی**: باشتر وایە خوێندکارانی کورد لە دەوری گوتاری نەتەوەیی کۆ ببنەوە بیکەن بە خاڵی هاوبەشیان و هەروەها نزیک ببنەوە لە بزووتنەوە خوێندکارییە سەراسەرییەکان هەوڵ بدەن کاریگەرییان لە سەر دابنێن بۆ پشتگیریی و کەڵک وەرگرتن لە پوتانسییەلییان بە مەبەستی چەسپاندنی مافەکانییان. هەروەها هەوڵ بدەن کە خوێندکارانی کورد بهێننە ڕیزەکانیانەوە و بە چالاکی جیر بە جۆری زانستی لە دەوری یەکیان کو بکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی ئەپریلی ٢٠١٦

# خەسارناسی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی



**کۆماس شەبازی**

پەروەردە کردن و گرنگی پەروەدە لەو کارانەیە کە پێویستییەکەی بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە. لە دونیای پێشکەوتووی ئەم سەردەمەدا، پەروەردە کردن وەکوو تێچوو(هەزینە) ناوی لێ نابرێت، بەپێچەوانەوە جۆرێک سەرمایەگوزارییە، بە وتەی «کوان تسو»فیلسوفی چینی: ئەگەر بیر لە ساڵی داهاتوو ئەکەیتەوە، دانەوێڵە بچێنە و ئەگەر بۆ دە ساڵی داهاتوو پلانێکت هەبێت، نەمامێک بچێنە وئەگەر بیر لە سەد ساڵی تر دەکەیتەوە، بە پەروردە کردن سەرقاڵ بە.

لەسەر ئەم خاڵە بنەڕەتیە، «زانستگا»وەکوو شوێنێکی داهێنەر لە بواری زانستی و فیکری چاوی لێ دەکرێت و هەر ئەمە چاوەڕوانی کۆمەڵگا لە زانستگا زۆرتر دەکات. خوێندکار لە زانستگادا هاوکات لەگەڵ پرۆسەی خوێندن و پەروەردەدا، هەوڵی چالاکی لەبواری سیاسی و کێشە نەتەوەییەکانی خۆیو کۆمەڵگاکەی ئەدات و لەئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگای خۆیدا، خاوەنی قورساییەکی بەرچاوە.

زانستگا وەکوو بنکەیەکی دێمۆکراسیخواز لە نێو دڵی کومەلگای مەدەنی لەبنکە سەرەکیەکانی بەرەی گشتییە، هەروەها لە نێو زانستگا، بەهوی نوێخوازی و هەبوونی راوبۆچوون و فیکرە جیاوازەکانەوە، گەشەی زانستی و عەقڵانییەت و رەخنەگری زۆرتر دەبێت، کە ئەمە قورساییەکی زۆرتر ئەخاتە سەرشانی خوێندکاران کە ئەبێت لەوپەڕی وشیاری و سەرنجدان بە

تەواوی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگا بۆ ڕۆشنگەری و لابردن و نەمانی ناعەدالەتی لە بواری فکری و سیاسیدا خۆیان تەیار بکەن. هاوکات لە رخنە گرتن لە کۆمەڵگا خوێندنەوەیەکی تەواوی لە دڵەراوکێ و نیگەرانییەکان و ڕووداوە سیاسییەکانی نێو کومَەلگا بێت و ئەم خواستە رەوای کۆمەڵگا، بخاتە ریزی خواستەکانی بزوتنەوەی خوێندکاری کوردییەوە.

لیرەدا لەم بابەتە ئەکۆڵینەوە کە خوێندکاران چۆن و بە چە شێوازیکی دیمۆکراتیک، ئەتوانن تەواوی خواست و ویستە سیاسی و مەدەنییەکانی خۆیان بە فۆڕمی ڕێکخراوەیی دەربێنن کە کەمترین خەسار و زورترین کەڵکیان لێوەربگرن. لەم بارەوە لە دوای چەند ساڵ، جولانەوەو تێکۆشانی خوێندکارە کوردەکان، بەم قەناعەتە گەیشتوون کە تەنیا بە شێواز و فۆڕمێکی ڕێکخراوەییە کە خوێندکارانی کورد ئەتوانن لە چوارچێوەی گوتارێکی دیمۆکراتیکدا، تەواوی خواست و ویستە سیاسی و مەدەنیەکانیان بە یەک دەنگ بە دەسەلات رابگەیەنن.ئەتوانین وەکوو نمونەی بەرچاو لە«یەکێتی دیمۆکراتیکی خوێندکارانی کورد» ناو بەرین کە لە ماوەی چەند ساڵ چالاکیان توانیویانە تا رادیەک دەنگە پەڕتەوازەکانی خوێندکارە کوردەکان کۆبکاتەوەو خواستەکانیان لە فۆڕمێکی دیمۆکراتیکدا ڕێکبخەن.

بە تەواوی ئەو بەربەستانەی کە کاربەدەستانی گشتی خوازی کوماری ئیسلامی لە سەر رێگایاندا دای دەنێ توانیویانە بەکوکردنەوەی دەیان بنکەی خوێندکاری لە زانکوکاندا، جوریک یەکریزی ویەکیەتی فیکری لەنیو خوێندکاراندا ساز بکەن.ئەو تەوەرانەی کە لیرەدا جێگەی بایەخ و لێکوڵینەوەیە،

**خەسارناسی بزوتنەوەی خوێندکاری کوردی و هوکارەکانی لاوازیی شێوەی چالاکیەکانیەتی کە لە چەند خال دا ئاماژەی پی ئەکەین:**

**خالی یەکەم**؛ بەرەوڕووی دەسەلاتە و جۆری مامەڵە کردن و داسەپاندنی دوخێکی بەسراو بە سەر کۆمەڵگاو بەتایبەت زانکوکانی ئێران کە چون بونیادگەراکانی حاکمیت، تەواوی بوارەکانەی هەڵسووڕانی لە کومەلگا قەپات کردووە و کومەلگای بەرەو تارمایی دەبات. لەم جورە هەڵسوکەوت کردنەدا، خوێندکارە کوردەکان، زورترین خەساریان نیسبەت بە خوێندکارە غەیرە کوردەکان بەخۆوە دیوە.

خوێندکارە کوردەکان لەوەها دوخێکدا چالاکی و هەڵسوڕان دەکەن کە لە یەکەمین لێدوانەکانیان بۆ دووپاتکردنەوەی خواستی رەوای میللی و مەدەنی کۆمەڵگای قەتیس کراوی کوردستان، دەسبەجێ لە لایەن گشتی خوازەکانەوە بە جیاییخوازو

تێکدەرانی ئاسایشی نەتەوەی تاوانبار دەکرێن و بە لەوپەڕی ناعەدالەتیدا بێ بەزەییانە موحاکمە دەکرێن. لەم چەند ساڵەی رابردوودا، رێژەی خوێندکارانی ئەستیرەدار و بێ بەشبوان لە خوێندن لە زانستگاو رەد کراوانی قۆناغی دوکتورا و خوێندکارە زیندانیەکان، بەڵگەی راستی ئەم لێدوانانەیە.

خوێندکارانی کورد کە بەردەوام خۆیان لە رووبەروو بوونەوە لە بەرانبەر شالاوی ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی و سوکایەتی نەتەوەیی لە لایەن دەسەڵاتەوە دەبینن کە ئەم هەڵسوکەوتە پلان دارێژاوەی دەسەڵات، خوێندکارانی کورد بۆ هەڵسوکەوتی رادیکاڵتری سیاسی هان ئەدات. ئەمە خوی یەکێکە لەو گرفتانەی بزوتنەوەی خوێندکاری کوردی لە سەر ریگای خوی دەیبینێت. لەسەر رادیکاڵیزم ئەوە بزانین کە ناوەروکی لەگەڵ ئایدیالخوازیدا جیاوازە بۆیە کە ئایدیالخوازی لە پێناسەی بزوتنەوەی خوێندکاریە. بزوتنەوەی خوێندکاری ئەگەر بە ڕووبارێک ناوی لێ بەرین کە ئارمانگەرایی سەرچاوەیەتی و ئارمان شاریش کوتاییەکەی.

بزوتنەوەی خوێندکاری بە تایبەت خوێندکارە کوردەکان لە راستیدا لەبری ئەوەی لەبیری قارەمانگەرایی لە پانتای زانستگادا بێ، ئەبیت بیر لە هەڵسوکەوتی گونجاوی سیاسی لە چوارچیوەی گوتارێکی دیموکراتیکدا بێت. هەڵبەت بە مەرجێک کە لەم تەمەنە کورتەدا لە ژێر گیوتینی قەڵاچوی گشتیخوازەکان خوی دەرباز کردبێت.!!

لە راستیدا خوێندکارانی چالاک لە بزوتنەوەدا پێویستە ئەوە بزانن کە زانستگا، کارگەی دێمۆکراسییە نەک جیگای قارەمان دروست کردنی کورت ماوە. بەدەرکی راستییەکان و توانایی خوێندکارەکان لە دانانی ئاستێکی زیاتر لە توانایی بە سەر خوێندکارانەوە پێویستە خۆیان بپاریزن، تا نەبێت بە هۆی لە ناوچوونی چالاکییە خوێندکارییەکان و بە خوێندنەوەیەکی عەقڵانی، لە هێزو توانای خۆیان لە دۆخی ئیستای کۆمەڵگا، شوێنێکی حەقیقی و دیاریکراوی شایانی خۆیان دروست بکەن.

بابەتێکی تر، نەدانی ئیزنی چالاکی رێکخراوە خوێندکارییە کوردییەکان و داخستنی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانە لە لایەن دەسەڵاتەوە کە خۆی ئەبێت بە سەرەکیترین بەربست لە بەرانبەر ئەم بزوتنەوەدا و خوێندکارە کوردەکان هان ئەدات بەرەو رفتاری رادیکاڵ. ئەمانە هەمووی لایەکی ئەم کێشانەیە و ناتوانین تەواوی تاوانەکانی لاوازی بزوتنەوەی خوێندکاری کوردی بخەینە پاڵی.

ئەگەر لە روانگەیکی ترەوە بزوتنەوەی خوێندکاری کوردی تاووتوێ بکەین، هەندی گرفتی تر دەکەونە بەر چاو: یەکێک لەوانە دوور کەوتنەوەی خوێندکارانی کوردە لە تەوەر و بابەتە تیۆرییەکان کە ئەم دور کەوتنەوەیە، وای لە خوێندکارە

کوردەکـان کـردووە کـە بـو فۆرمولـە کردنـی خواسـتەکانی خۆیـان، توانـایی لێکدانـەوەو تـاوتوێ کردنـی پرسـە سیاسـی و کومەڵایەتییـەکانیان نـەبێت. ئەمە شێوازێکی ناسەربەخۆی بـە بزوتنەوەکـە ئـەدات کـە بـە شێوەیەکی ناڕاستەوخو گوتـاری ڕۆشنبیرانی ناوەندنشین لە وتارەکانیان ڕەچاو دەکرێت.

خـالێکیتر ئەوەیـە کـە بزوتنـەوەی خوێنـدکاری وەکـو ئاوانگاردیزمێـک چالاکییـەکانی کۆمـەڵگاو ئەرکـەکانی بزوتنـەوەی خوێنـدکاری کـوردی ودروسـتکردنی پردێکـی عـەقلانی وەکـوو رونـاکبیر لـە کومـەلگادا بێـت. تـوێژی روشـنبیری کۆمـەڵگا کـە خوێندکار وەکوو ئەساسی ئەو چینە روشنبیرە نـاوی لـێ دەبرێت، بەخوێندنەوەیـەکی دروستی هەلومەرجی ژیـانی جەماوەری ئاسایی، تەواوی ژان و ئازارەکانی کومەلگا لێکبداتەوە و کومەڵگا بەرەو پێش هان بدات کە ئەمە نەغمەی سەرکەوتنی هەر بزوتنەوەیەکە.

بەتايبەت ئەم خاڵە سەرەکییە لە کۆمەڵگای کوردستان کە کیشـەکانی تـوێژی خـەڵکی ئـاسایی و روشـنبیر یەکسـانە شتێکی واقعییە. بـەڵام بزوتنـەوەی خوێنـدکاری کوردی بە هـۆی جـۆری بیرکردنـەوە و ئیدەگـەلی مۆدێرنی شینەکراوە، بووەتـە هـۆی جیابوونەوەی لەگەل کۆمەڵگا سوننەتی، لەکاتێکدا کۆمـەڵگای دەتـوانێ لـە داهێنـانی نوخبـەو ڕۆشـنبیران کـەڵک وەربگرێت. ئەگەر بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی بەدروستی ئە مەودایە رانـەگرێت، سـەر لـە پۆپـۆلیزم دەردێنـت کـە ئـەگەری ئـەوە زۆرە ببێت بە دژکردەوەیەک لە بەرانبەر خوی دا.

ئیستا بە لە بەر چاو گرتنی چالاکی چەند سالەی بزوتنەوەی خوێندکاری کوردی لە زانستگاکاندا و ئەو هەموو  هیزە توانـا کە وەکوو ژێلەمو ماونەتـەوە، هیوادارم لـە داهـاتو ببن بـە شـاڵاوێکی بـەهێز بـۆ رامـاڵینی دیکتـاتورییـەت و لـە نـاو بردنـی ناعەدالەتی.


سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات- ڕێکەوتی: ٣١ی جۆزەردانی ٢٠١١

2011/05



سەرچاوە
Serchawe

# بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی



**جەمشید بەهرامی**

لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەبوونی هەر چەمکێکدا کۆمەڵێک پرسیار خۆ قوت دەکاتەوە، ئەوەی کە لە چەمکی هەبوونی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردیدا بە بێ دەمارگرژی دەبێت شرۆڤەی بۆ بکرێت و لێکبدرێتەوە وەڵام دانەوە بەم پرسیارانەیە:مێژووی زانکۆ لە کوردستاندا و هەبوونی خوێندکاری کورد چەندە دوور و درێژە؟ بزووتنەوە چییە؟ خوێندکاری کورد تا چ ڕادەیەک توانیویەتی هەبوونی خۆی بسەلمێنێ؟ خوێندکاری کورد تا چ ڕادەیەک توانیوتەی ڕێکخستنێکی لەو چەشنە دروست بکات کە ببێتە دەنگ کە جووڵەیەکی لەو چەشنەی بەدواوە بێت کە وەک بزووتنەوە پێناسە بکرێت و...
ئەمانە و کۆمەڵێک پرسیاری دیکە بوونی هەیە کە بۆ ڕوون بوونەوەی پێگەی خوێندکاری کورد لە پێکهاتەی جم و جووڵەکانی کۆمەڵگادا دەبێت یەکە بە یەکە ئاوڕیان لێبدرێتەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کۆمەڵگا بەردەوام بینەری جم و جووڵەکان و پێشەنگایەتی خوێندکاری کورد بووە تا ئەو ڕادەیەی کە ئەم جم و جووڵانە بە بزووتنەوە ناوزەد دەکرێت؛ تا چ ڕادەیەک تێکۆشانەکانی خوێندکاری کورد نزیک لە پێناسەی بزووتنەوەیە؟

**باتامۆر بەم شێوەیە بزووتنەوە پێناسە دەکات:** بزووتنەوە تێکۆشانێکی بەکۆمەڵە بۆ بەرەوپێشەوە بردن یان خۆڕاگری لە

بەرامبەر ئاڵوگۆڕ و گۆڕان لە کۆمەڵگادا؛ کە خۆی بەشێک لەو کۆمەڵگایە پێکدەهێنێت، هەروەها دەڵێت کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی، تایبەتمەندی کەمتر بەڕێکخراو بوونیەتی کە لەوانەیە لەودا هیچ جۆرە ئەندامەتییەکی ڕێک و پێک بە سانایی بوونی نەبێت(لەوانەیە هیچ چەشنە کارتێکی پێناس و ئەندامەتی بوونی نەبێت)،جگە لەوە لەوانەیە تەنانەت بنکە یان پێگەیەکی ناوەندی بوونی نەبێت...(بۆ خوێندنەوەی درێژەی بابەت لێرە کرتە بکە)

بێگومان ئەگەر هەندێ سەرنج بدەینە مێژووی خوێندکاری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەلەبەرچاوگرتنی پێناسەی هیچ چەشنە مۆڵەتێک کە خوێندکاری کورد بتوانێت ڕێکخراوێک دابمەزرێنێت، بە پێی ئەو ڕێژە زۆرەی خوێندکاری کورد لە شارەکانی کوردستان و ئێراندا، و لە لایەکی دیکەشەوە بە پێی ئەو تێکۆشانە بە کۆمەڵەی کە لە زانکۆکاندا لە خوێندکارانی کورد دەبیرنیت و جگە لەوەش بە پێی ئەو گرژییانەی کە بەرەوڕووی خوێندکاری کورد بوەتەوە دەتوانین بڵێین کە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی، دەستەواژەیەکی ڕەمەکی نییە و بە پێی بنەمایەکی کارکردی پڕ بە پێستی جم و جووڵەکانی خوێندکارانی کوردە؛ بۆ ڕوون بوونەوەی باسەکەدا لێرەدا ئاوڕێک لە مێژووی زانکۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەدەینەوە.

## زانکۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا:

لە ئێراندا زانکۆی نوێ و سەردەمیانەوە سەرەتا لە تاران دامەزراوە، زانکۆی تاران ئێستەش کە یەکێک لە گەورەترین ناوەندەکانی خوێندی باڵایە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ساڵی ١٣١٣(١٩٣٤) بە پشتیوانی ڕەزاشا دامەزراوە، دوا بە دوای زانکۆی تاران زانکۆکانی دیکە لە شارەکانی دیکەدا دامەزراوە.

مێژووی دامەزراندنی زانکۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشایەتی کە سەرەتا سی ساڵ دوای دامەزراندنی زانکۆی تاران لە شاری ورمێ لە ساڵی ١٣٤٤(١٩٦٥) زانکۆی ڕەزاییە دامەزرا کە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا نێوەکەی بۆ زانکۆی ورمێ گۆڕدرا. حەوت ساڵ دوای دامەزراندی زانکۆی ڕەزاییە، لە شاری کرماشاندا لە ساڵی ١٣٥١(١٩٧٢) زانکۆیەک لە ژێر ناوی زانکۆی ڕازی کرماشان بە هەوڵ و ماندوو بوونی فەرەیدوونی موعتەمید وەزیری دامەزرا، و دواتر لە ساڵی ١٣٥٣(١٩٧٤) دیسان هەر بە هەوڵی بەڕێز موعتەمید وەزیری لە شاری سنە دانشسەرای عالی وەک لقێک لە زانکۆی تەربیەت موعەلیمی تاران دەستی بە کار کرد کە دواتر بوو بە ژێرشاخەی زانکۆی ڕازی کرماشان،ئەم زانکۆیە لە ساڵی ١٣٧٠(١٩٩١) لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای ئێرانەوە بە فەرمی وەک "زانکۆی کوردستان" ناسرا.



سەرچاوە
Serchawe

لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، و دامەزرانی زانکۆی ئازاد، لە ساڵی ١٣٦٢(١٩٨٣)دا زانکۆی ئازادی سنە دامەزرا و دواتر لە زۆربەی شارە کوردەکاندا بەشێک لە زانکۆی ئازاد کرایەوە، کە هەنووکە هەموو شارە کوردییەکان زانکۆی ئازادیان تێدایە. بە دامەزرانی زانکۆی پەیامی نوور لە ئێراندا هەنووکە زۆربەری شارەکان "زانکۆی پەیام نووری"یشیان تێدا دامەرزاوە.

ڕێژەی زانکۆکان لە ئێراندا هێندە بەربلاوە کە لانیکەم لە هەر شارێکدا زانکۆیەک تێیدا بوونی هەیە، کە ئەمە ئاماژەیە بە هەبوونی ڕێژەیەکی زۆری خوێندکار لە ئێراندا و هەر بەو پێیەش لە کوردستاندا.

## خوێندکاری کورد:

مەبەست لە خوێندکار، ئەو کەسەیە کە لە زانکۆدا خەریکی خوێندنە و خاوەن تایبەتمەندییەکی لەو چەشنەیە کە لە خەڵکانی دیکە جیای دەکاتەوە، خوێندکار بە هۆی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی ئاکادمیک و هەبوون لە کەشێکی ئاکادمیکدا و هەروەها بە پێی تایبەتمەندییەکانی تەمەنییەوە وەک چاوی تیژی کۆمەڵگا لە بەرامبەر پرسەکانی کۆمەڵگادا خاوەن هەڵوێستە.

خوێندکاری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مێژوویەکی دوور و درێژی نییە و دەتوانین بڵێین نزیک بە پەنجا ساڵ لەوە پێش(دەیەی چلی هەتاوی، واتە دەیەی شەستی زایینی) یەکەمین خوێندکارەکانی کورد ڕوویان لە زانکۆکانی ناوەندی ئێران و شارەکانی دیکەی ئێران کرد.

پێش لە شۆڕشی گەلانی ئێران بەرە بەرە ڕێژەی خوێندکارانی کورد ڕووی لە زیادبوون کرد، هەر ئەو خوێندکارە کوردانەی ئەو سەردەمە توانیان ببنە پشکۆیەک بۆ هەڵایسانی جم و جووڵێکی بەکۆمەڵ و بە گوڕ، کە دواتر بوون بە بەشێک لە بزووتنەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەڵبەت ئەو خوێندکارانەی ئەو سەردەمە(کە دواتر هەندێ لەو خوێندکارانە تێکەڵ بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون و بەشی هەرە زۆریان حیزبێکی نوێیان لە ژێر نێوەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران دامەزراند) سەرەڕای هەبوونی نیمچە ڕێکخستنێکی خوێندکاری(هەڵبەت نەک بەرفراوان!) چالاکییەکانیان لە قەبارەیەکی دیکەدا بوو کە ناکرێت وەک بزووتنەوەیەکی چڕ و پڕی خوێندکاری نێو زانکۆ چاوی لێبکرێت.

به بۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد

لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، و پێش هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان، خوێندکارە کوردەکان کە بەکردەوە لە ریزی پێشەوەی شۆڕشدا چالاک بوون توانیان کاریگەرییەکی زۆر لە سەر خەڵک دابنێن، بەڵام بەداخەوە زۆری نەخایاند و لە ژێر زەختی هێرشی کۆماری ئیسلامیدا حیزبە کوردییەکان ناچار کران وڵات بەجێ بهێڵین.

لە ئاوەها هەل و مەرجێکدا و بە لەبەرچاوگرتنی شۆڕشی فەرهەنگی(انقلاب فرهنگی) کۆماری ئیسلامی لە زانکۆکاندا و دەرکردن و قەڵاچۆ کردنی خوێندکارەکان و... ماوەیەکی زۆر پێویست بوو کە زانکۆکان روتێکی ئاسایی بە خۆیانەوە ببینین.
لە دوای شەڕی ئێران و عێراق گەڵاڵەی خوێندکاری بوومی و زانکۆی قوتبی و... گۆڕدرا بۆ ئەوەی کە بتوانن خوێندکارانی حاشیەی ئێران بۆ ناوەندی ئێران رابکێشن کە نەکات زانکۆکانی پارێزگاکان ببێت بە مەکۆ و هەڕەشەیەک بۆ دەسەڵات...
لەو سەردەمەدا بەرە بەرە خوێندکارە کوردەکان جگە لە ورمێ و سنە و کرماشان و ئیلام روویان کردە زانکۆکانی ناوەند و لە ژێر کاریگەری دۆخی ئیسلاحات لە تاراندا توانیان هێدی هێدی وەک دەنگ دەرکەون.

## دەنگی خویندکاری کورد

هەروەها کە ئاماژەی پێکرا پێش شۆڕشی گەلانی ئێران، خوێندکارە کوردەکان توانیان ببنە هۆی بزواندنی شۆڕشێکی لەو چەشنە کە پێشەنگایەتی شۆڕش بگرنە دەست، خوێندکارانی کورد بە هۆی کەم بوونی رێژەیان لە نێو زانکۆکاندا بیریان لە گواستنەوەی پانتایی چالاکی لە زانکۆوە بۆ نێو دڵی کۆمەڵگای کوردستان کردەوە، ئەوەش پێوەندی بە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستان، چەوساندنەوەی سیستماتیکی نەتەوایەتی لە لایەن ناوەندەوە، چەوساندنەوەی دووقاتی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی کورد لە لایەن دەسەڵاتە خۆجێییەکانەوە(ئاغا،دەرەبەگ و...) و...

هەر ئەم هۆکارانە ئەو رێژە کەمەی خوێندکاری کوردی هێنایە ئەو قەناعەتەی کە هەوڵ نەدات کە داخوازییەکانی لە رێکخراوە سنفی و خوێندکارییەکانی نێو زانکۆدا ببینێتەوە هەر بۆیە مەیدانی خەباتی گواستەوە بۆ کوردستان.

لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هەرەس هێنان و سەرکوتی بزووتنەوەی رەوای گەلی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە چیدی خوێندکاری کورد لە ژێر تیغی گوزینشدا نەیتوانی سەرهەڵێنێت.لەو ساڵانەدا "دفتر تحکیم وحدت" سەرەتا لە ژێر ناوی ناوەندی ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی خوێندکاران لە زانکۆکاندا سەریهەڵدا و دواتر خۆی بە هێمای بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێراندا پێناسە دەکرد و لە پازدەساڵی سەرەتای دەسەلاتی کۆماری ئیسلامیدا تاکە ناوەندی گشتی بڕوا پێدراو بوو کە لە زانکۆکاندا چالاکی دەکرد.



سەرچاوە
Serchawe

لەو سەردەمەدا بەردەوام لە لایەن خوێندکارانی دیکەوە گلەیی لە خوێندکارە کوردەکان دەکرا کە بە هیچ شێوەیەک نزیکی "دفتر تحکیم وحدت" نابنەوە و نایانهەوێت کە چالاکی ڕێکخراوەیی بکەن، لە ڕاستیدا دووری گرتنی خوێندکارە کوردەکان دەگەڕایەوە بۆ پێکهاتەی "دفتر تحکیم وحدت" و فەلسەفەی دامەزراندنی؛ هەر بۆیە خوێندکارە کوردەکان قەد نەیانتوانی وەک ناوەندێکی خۆیی چاوی لێ بکەن و لێی نزیک ببنەوە.

یەکەمین هەوڵی بەڕێکخراوە بوونی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکاندا دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی دامەزراندنی گۆڤارە خوێندکارییەکان، لەو سەردەمەدا "گۆڤاری ڕاڤە" لە زانکۆی تاراندا توانی ڕچەشکێن بێت و بە شێوازێکی زانستی و ئاکادمێک ئاوڕ لە چەمکە سیاسییەکان و کۆمەڵگای کوردستان بداتەوە، دواتر لە زۆربەی زانکۆکاندا خوێندکارانی کورد توانیان لە ڕێگای گۆڤارە خوێندکارییەکانەوە ببنە خاوەنی دەنگی خۆیان.

گۆڤارە کوردییەکان لە زانکۆکانی ئێراندا گەشەیان کرد و بوونە جێگای متمانەی سەرجەم خوێندکارە کوردەکان و بگرە سەر جەم خەڵکی کوردستان، زۆربەی گۆڤارە خوێندکارییەکانی کوردەکان لە زۆربەی شارە کوردەکاندا لە سەر ڕەفەی ڕۆژنامە فرۆشییەکاندا دادەنرا و وەک دەنگی خوێندکاری کورد چاوی لێدەکرا...

لە سەردەمی خولی دووهەمی ئیسڵاحات لە ئێراندا ئەو ڕەوتە بەردەوام بوو تا ئەو ڕادەیەی کە تەنانەت لە دوورترین زانکۆکانی ئێرانیشدا، بۆ وێنە(زانکۆی زاهیدان) خوێندکارە کوردەکان خاوەنی گۆڤاری کوردی خۆیان بوون.

لە ساڵی ١٣٨٤(٢٠٠٥)دا یەکەمین ڕێکخراوی خوێندکاری کوردی لە ژێر ناوی یەکیەتی دیموکراتیکی خوێندکارانی کورد لە سنە بە بێ بوونی مۆڵەت! دامەزرا بەڵام تا هەنووکەش ئەو ڕێکخراوەیە بە شێوەی فەرمی مۆڵەتی وەرنەگرتووە!.

ئەو ڕەوتەی کە لە گۆڤارە خوێندکارییەکانەوە دەستی پێکردبوو درێژەی بوو تاکوو ئەوەی کە لە سەردەمی سەرۆک کۆماری ئەحمەدینژاددا دەسەڵات بە توندوتیژی بەرەوڕووی خوێندکارە کوردەکان بوویەوە، بۆ وێنە لە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٨٦(٢٠٠٧)، لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی خوێندکاردا جگە لە زانکۆی شارە کوردەکان لە زانکۆکانی تاران، تەورێز و... خوێندکارە کوردەکان ڕۆڵی سەرەکییان لەو ڕێوڕەسمانەدا گێڕا؛ ئەو بە گوڕ بەشداری کردنە بووە هۆی بەرپەرچدانەوەی ناوەندە ئەمنییەتییەکان و کۆمەڵێک لە خوێندکارە کوردەکان دەستبەسەر کران؛ دوا بە دوای دەستبەسەر کردنی خوێندکارە کوردەکان ڕۆژنامەی"یالثارات" بەم تیترەوە باسی لە خوێندکارە کوردەکان کرد: "هجوم مارهای سمی به دانشگاه‌ها"...
بێگومان مەبەست لە "مارهای سمی" خوێندکارە کوردەکان بوو!.



سەرچاوە
Serchawe

چەند مانگ دوای ئەو دەستبەسەرکردنانە خوێندکاری کورد "شەهید ئیبراهیم لوتفوولاهی" لە سنە دەستەبەسەر کراو و حەفتەیەک دوای دەستبەسەر کردنەکەی لە زینداندا شەهید کرا.

لەم ساڵانەی دواییدا بەشێک لە ئەندامانی یەکیەتی دیموکراتیکی خوێندکارانی کورد لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە دەستبەسەر کراون و بەرەورووی توندوتیژی بوونەوەتە.

## دەرەنجام:

بە پێی ئەو ئاماژە کورتەی کە بە مێژووی خوێندکاری کورد کرا، بێگومان خوێندکاری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خاوەنی دەنگێکی تایبەتە، تێکۆشانی بەکۆمەڵی خوێندکارانی کورد لە راستای بەرز کردنەوە دەنگی خوێندکارە کوردەکانە کە داخوازییەکانیان جگە لە داخوازی خوێندکاریی پێوەندی بە شوناسی تاکی کوردەوە هەیە، شوناسێک کە سەرەڕای گوشاری لە رادەبەدەری دەسەڵاتی ناوەند بەرگری کردووە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە.

سەرەڕای هەبوونی مێژووییەکی لەو چەشنەی کە باس کرا تا ئێستا خوێندکاری کورد خاوەنی ناوەندێکی فەرمی نەبووە کە لە لایەن دەسەڵاتەوە مۆڵەتی پێدرابێت، قەبارەی چالاکیەکانی خوێندکارە کوردەکان بە بەربڵاوی ئەو زانکۆیانەیە کە خوێندکاری کوردی لێیە و بە هەزاران کەس لەو بازنەیەدا چالاکن و بەردەوام ڕووبەڕووی توندوتیژی هێزە داپڵۆسێنەرەکانی نێو زانکۆ(حراست) و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی دەسەڵات دەبنەوە.

بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی هیچ کات نەیوستووە کە چالاکی ژێرزەمینی و نایاسایی بکات، بەڵام هاوکاتیش لەو هێز و گوشارانەی کە ڕووبەڕووی بوەتەوە سڵی نەکردوە و لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە داخوازییەکانیدا بەردەوام بووە.

تێبینی: ئەم بابەتە لە "پاشکۆی ژمارەی ١٠٣ی ئاسۆی ڕۆژهەڵات تایبەت بە: کۆمەڵەی خوێندکاران"دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

١١/٠٢/١٣٩٣

Thursday, May 1, 2014



سەرچاوە
Serchawe

## بێستوون کوردنژاد: گوتاری بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی، گوتارێکی ناسیۆنالیستییە



بۆ تاوتوێ کردنی کێشە و گرفتەکانی بەردەم چالاکانی خوێندکاری کورد لەنێو خۆی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد، ماڵپەڕی یەکیەتیی خوێندکارانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، وتووێژێکی لەگەڵ یەکێک لە چالاکانی خوێندکاری ناوخۆی وڵات و بەڕێوەبەرانی یەکیەتیی دێمۆکراتیکی خوێندکارانی کورد کردووە.

بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی لە کوردستانی ئێران یەکێک لە بزووتنەوەی ئەکتیڤەگانی نێو کۆمەڵگای کوردستان بووە هەر بۆیەش لەم وتوێژەدا لەگەڵ بێستوون کورد نژاد \"ناوی خوازراو\" یەکێک لە چالاکانی خوێندکاری کورد و یەکێک لە بەڕێوەبەرانی یەکیەتیی دێمۆکراتیکی خوێندکارانی کورد تاوتوێ کراوە کە نوسخەیەکی بە ئاژانسی کوردپا گەیشتووە و دەقی وتووویژەکە دەخەینە بەر دیدی خوینەران.

**خوێندکاران:** ئێوە یەکێک لە چالاکانی بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد لە کوردستانی ئێرانن، چالاکیی خوێندکاری بۆ خوێندکارانی کورد لە ئێراندا چۆن دەبینن؟ لە هەلومەرجی هەنووکەییدا؟

**ب. کوردنژاد**: بۆ باس کردن لە سەر بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی کوردی بە ڕای من دەبێ سەرنج بدەینە دوو قۆناغ، کە یەکێکیان پێش لە دامەزراندنی یەکیەتی دیموکراتیکی خوێندکارانی کوردە و هەروەها دوای دامەزراندنی یەکیەتی. لە قۆناغی یەکەمدا خوێندکارە کوردەکان هەر کامە بە جودا لە زانکۆکاندا چالاک بوون و پێوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا بەدی نەدەکرا، کە یەکیەتی دیموکراتیکی خوێندکارانی کورد ئەم بۆشاییەی پڕ کردەوە و بووە هۆی هاوئاهەنگ کار کردنی خوێندکارانی کورد و بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی لە ئێراندا.

یەکیەتی دیموکراتیکی خوێندکارانی کورد لە سەرەتای دامەزراندنی و بە ئێستاشەوە هەڵگری دروشمێک بووە کە لە پێکەوە کار کردندا خۆی دەبینێتەوە. کە هەر لە سەرەتاوە بەرەو ڕووی گوشار بووە لە لایەن دەسەڵاتەوە و هەر وەها کە بینیمان لە هاوینی ساڵی ٩٠دا بە دەستبەسەر کردنی بەڕێوە بەران و ئەندامانی کومیتەی هاوئاهەنگی یەکیەتی دیموکراتیکی خوێندکارانی کورد گوشارەکانی خۆی زیاتر لە جاران بەرەوڕووی یەکیەتی کردەوە.

بۆیە دوابەدوای ئەم دەستبەسەرکردنانە یەکیەتی کە نوێنەری بەشێک لە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردییە و تەنیا ڕێکخراوەیەکی خوێندکاری کوردییە کە بە شێوەیە کی یاسایی لە سەرانسەری ئێراندا چالاک بێت، دەورەیەکی ڕکوود بە سەر چالاکی خوێندکاری کوردیدا حاکم بووە کە بە دڵنیاییەوە دەورەیەکی گوزەرا دەبێت و ئێستا چالاکانی خوێندکاری لە هەوڵی یەکخستنەوە و یەکڕیزی خوێندکارە کوردەکاندان.

**خوێندکاران**: خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران لەم ساڵانەی دواییەدا داخوازییەکانی خۆیان بە شێوەی ڕێکخراو(سازمان دراو) جیا کردۆتەوە، داخوازی بزووتنەوەی خوێندکاری کورد چییە؟

**ب. کوردنژاد**: دیارە لە ئێراندا بزووتنەوەی خوێندکاری دەورێکی کاریگەری هەبووە لە ئاڵوگۆڕەکاندا بە تایبەت لەم دواییانەدا، بەس کەم و کورتیەکی بنەڕەتی بزووتنەوەی خوێندکاری ناوەندی (مرکزی) لە وڵاتێکی فرە نەتەوە وەک ئێراندا ئەوەیە کە بە بێ لە بەر چاو گرتن و تەنانەت هەروەها کە لە زۆرێک لە دروشم و چالاکییەکانیاندا دیارە، لە بەر چاو نەگرتن و پێشێل کردنی مافی نەتەوەکانی ئێرانە. لە لایەکی تریشەوە بزووتنەوەی خوێندکاری لە سەرانسەری جیهاندا هەوڵی داوە کە شەوقدەرەوەی دەردەکانی کۆمەڵگا بێت و لە پێناو چارەسەر کردنیاندا تێبکۆشێ.

لە وڵاتی ئێرانیشدا بە هۆی ئەو ستەمە نەتەوەییەوە کە بەرەوڕووی نەتەوەی کورد بووەتەوە و هەر وەها بەهۆی ناعەدالەتییە مەوجودەکانەوە، بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی لابردنی ئەم ستەمە و هەروەها مافی دیاری کردنی

چارەنووسی وەک دروشمی سەرەتایی خۆی هەڵبژاردوە و لەم پێناوەشدا درێژەی بە کار و چالاکییەکانی خۆی داوە و نموونەی ئەم هەوڵەش دەتوانین لە دامەزراندنی یەکیەتی دیموکراتیکی خوێندکارانی کورد و هاتنەدەرەوەیان لە بزووتنەوەی خوێندکاری ناوەندییدا (مرکزی) ببینین.

**خوێندکاران**: ئایا بزووتنەوەی سەرانسەریی خوێندکاری ناتوانێت مافەکانی خوێندکارانی کورد رەچاو(تامین) بکات کە خوێندکارانی کوردی ناچار کردووە لەنێو بزووتنەوەیەکی شوناسخواز(هویت تەلەب) دا چالاکی بکەن؟

**ب. کوردنژاد**: لە پێشدا بە رای من ناتوانین نێوی سەرانسەری لە بزووتنەوەی خوێندکاری ئێران بنێین. بزووتنەوەیەک سەرانسەرییە کە ماف و داخوازییەکانی تەواوی ئەندامانی رەچاو و کات لە پێناو بەدیهاتنیاندا هەنگاو هەڵێنێ. هەر بۆیە من پێم باشترە کە بوترێت بزووتنەوەی خوێندکاریی ناوەندی.

هەروەها کە پێشتریش ئاماژەم پێدا بزووتنەوەی خوێندکاری ناوەندی لە ئێراندا مافە سەرەتاییەکانی ئێمە وەک نەتەوەی کورد کە پێک هاتوە لە مافی دیاری کردنی چارەنووس و هەر وەها لابردنی ستەمە نەتەوەیی و لابردنی هەر چەشنە جیاوازییەکە (تبعیچ)، ژێر پێ ئەنێت و هیچ بەرنامەیەکی بۆ ئەم بابەتە سەرەکییەی تەواوی بزووتنەوە کوردییەکان و لەوانەش بزووتنەوەی خوێندکارییەکەیەتی، چالاکە خوێندکارییە کوردەکان ناچار بە پێکهێنانی رێکخراو و یەکیەتیی گەلی جیاواز لە بزووتنەوەی ناوەندی دەکات.

**خوێندکاران**: پێوەندی نێوان بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی و سەرانسەری چۆنە؟ ئایا هاوتەریب(موازی) یەکن یان دژی(مخالف) یەکترن؟

**ب. کوردنژاد**: لەو چالاکییانە ی کە لە نێوان بزووتنەوە خوێندکارییەکاندا هاوبەشە وەک رۆژی خوێندکار لە ئێراندا، یان داواکاری گەلێکی سنفی و ... تەنانەت وەک هاوکار پێکەوە کاریان کردوە و ئەویش لە زانکۆگەلێکدا کە زۆرینە بە چالاکەکانی نەتەوەکانی تر بووە، کە هەر بۆ ئەم داواکارییەش لە زانکۆکانی کوردستاندا چالاکە کوردەکان بە تەنیایی کاریان کردووە.

بەس لە بابەتگەلێکی وەک شوناس، نەتەوە و ... دژ بە یەک وەستاون.

لە کۆتایی ئەم پرسیارەدا دەتوانم بڵێم کە داواکاری بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی و ناوەندی لە زۆر شوێندا جیاوازن و تەنانەت دژ بەیەکیش. ئێمە کێشەی نەتەوەمان هەیە.

**خوێندکاران**: میکانیزمەکان و ئامانجەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی کامانەن؟ بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی داوای چی دەکات و چۆن بو وەدیهاتنی ئەو خواستە کار دەکات؟ بە تایبەت یەکیەتیەکەی ئێوە چۆن کاری بۆ کردووە تا ئێستا؟

**ب. کوردنژاد**: بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی وەک هەرکام لە بزووتنەوە خوێندکارییەکانی تر هەندێک داواکاریی هاوبەشی هەیە وەک باسی رەخنە لە دەسەڵات، ئازادیخوازی و ... و هەروەها بەشێک لە داخوازییەکانی جیاوازە.
لێرەدا گرینگ ئەم بەشە جیاوازەیە کە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی لە دیاری کردنی مافی چارەنووس، لابردنی ستەمی نەتەوەیی، لابردنی روانگەی ئەمنییەتی لە سەر کوردستان و. ...

یەکیەتی دیموکراتیکی خوێندکارانی کورد بە پێی پێڕەوی ناوخۆ، پێک هاتووە لە بنکە و ئەنجومەن و بڵاڤۆکە خوێندکارییە کوردییەکان لە سەرانسەری ئێراندا.

یەکیەتی داواخوازییەکان و بەرنامەکانی لە ڕێگای ئەم بنکە و بڵاڤۆکانەوە بەڕێوە دەبات. بە تایبەت لەم بارودۆخەدا کە ئیجازەی چالاکی سەربەخۆ بە یەکیەتی نادرێت، بۆ بەدیهاتنی خواستەکانمان بە بەڕێوە بردنی کۆڕ و سمینارە خوێندکارییەکانەوە و هەر وەها بە بڵاوکردنەوەی گۆڤار و رۆژنامە خوێندکارییەکان و هاوکاری کردنی ناوەندە مەدەنییەکانی کۆمەڵگاوە هەنگاومان هەڵهێناوە.

لە لایەکی تریشەوە لەسەر زۆرێک لە ڕووداوەکانی کوردستان کاردانەوە و چالاکی بووە کە بریتی بوون لە دەرکردنی بەیاننامە، بەڕێوەبردنی مەراسمی ساڵیادی مردنی گوماناوی ئیبراهیمی لوتفوڵڵایی و. ...

**خوێندکاران**: یەکیەتیی دیمۆکراتیکی خوێندکارانی کورد تا ئێستا توانیویەتی چ دەورێک لە نێو زانکۆکاندا بگێرێت و چی کردووە؟ بۆ نموونە ئیزنی پێ دراوە لەزانکۆکاندا لق و نوێنەرایەتی هەبێت؟

**ب. کوردنژاد**: هەروەها کە باسم کرد ئەندامانی یەکیەتی لە واقیعدا حقووقین واتە نوێنەری یەکێک لە بنکە یان بڵاڤۆکە خوێنکارییە کوردییەکانن، بۆیە دەتوانم بڵێم کە زۆرێک لە ناوەند و بڵاڤۆکە کوردییەکانی نێو زانکۆکان ئەندامی یەکیەتی

دیموکراتیکی خوێندکارانی کوردن. هەر لە ڕێگای ئەم ناوەندانەوە زۆربەی چالاکییەکانی خۆی بەڕێوە دەبات. بە شێوەیەک کە زۆرێک لە کۆڕ و سمینارە کوردییەکان لە زانکۆکانی ئێراندا یەکیەتی دیموکراتی خوێندکارانی کورد و ئەندامانی یەکیەتی بەڕێوەی دەبەن.

هەروەها لە دەرکردنی گۆڤار و بڵاڤۆکە خوێندکارییەکاندا دەورێکی ئەساسی گێڕاوە. بۆ نموونە دەتوانم ئاماژە بە ڕۆژنامەی \"هەژان\"ی زانستگای کوردستان بکەم کە ڕۆژانە لە چاپ دەدرا و تەنیا بڵاڤۆکێکی خوێندکاری بووە کە لە ئاستی ئێراندا ڕۆژانە چاپ دەبوو کە دوابەدوای لە سێدارەدانی ئیحسان فەتاحییان داخرا.

بەو شێوەیەی کە باسم کرد زۆرێک لە ناوەندە خوێندکارییە کوردییەکان ئەندامی یەکیەتی بوون.

**خوێندکاران**: یەکیەتیی دێمۆکراتیکی خوێندکارانی کورد لە ماوەی چالاکیەکانیدا بەرەورووی گوشارێکی زۆر بۆتەوە؟ هۆکارەکانی چی بوون؟

**ب. کوردنژاد**: یەکیەتی دیموکراتیکی خوێندکارانی کورد هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بەرەوڕووی گوشارێکی زۆر بووەتەوە لە لایەن دەسەڵاتەوە، هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگێڕمەوە کە دەسەڵات ناتوانێت بەرانبەر بە ڕێکخستن و هاوئاهەنگ کار کردنی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی بێ دەنگ بێت و لە هاوئاهەنگیی خوێندکارە کوردەکان یان هەر بزووتنەوەیەکی تر ترسی لە دڵدایە. کە بەڕای من هۆکاری جودا لەمەی نەبووە.

لە کاتی گرتنی هاوڕییانی ئێمەدا نەبوونی مجەوز و چالاکییەکانی نێو زانکۆکان و هەروەها دەرکردنی بەیاننامەیان بە تاوان دەدا لە قەڵەم، لە حاڵێکدا کە لە ئێراندا هیچ یاسایەک بۆ وادار کردنی تاکەکان بۆ گرتنی مجەوز بۆ چالاکی بە شێوازی یەکیەتی یان ڕێکخراوە نییە، کە وایە یەکیەتی یاساییە.

لە کۆتاییشدا دەبێ بڵێم کە گۆشارەکان تەنیا بە دەستبەسەر کران کۆتایی پێ نەهاتوە و تا ئێستا ٥ کەس لە ئەندامانی یەکیەتی لە درێژەدان بە خوێندن بێبەش کراون کە بریتین لە سۆران دانشوە ر، دلێر ئێسکەندەری، وەحید بەهرامی، ساڵح ئەیوەمن و ئارەش ساڵح.

**خوێندکاران**: گوتار(گفتمان)ی زاڵ بە سەر بزووتنەوەی خوێندکاری کوردیدا کامایە و خوێندکارانی کورد چ ئەرکێک



سەرچاوە
Serchawe

دەکەوێتە سەر شانیان؟

**ب. کوردنژاد**: بێگومان گوتاری بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی گوتارێکی ناسیونالیستییە و لەم پێناوەشدا درێژەی بە چالاکییەکانی خۆی داوە و بەشێکە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە هەر بۆیە ئەرکی تەواوی خوێندکارانی کوردە کە وێڕای بەشدارای لەم بزووتنەوەیەدا هاوکاری ناوەندەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ناوەند و بنکە کوردییەکانی تری کۆمەڵگا بکات.

**خوێندکاران**: داهاتووی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی چۆن دەبینن؟

**ب. کوردنژاد**: بە دڵنیاییەوە ئاسۆیەکی روون لە بەر رێی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردیدایە. بە تایبەت بە دوای پێک هێنانی یەکیەتی دیموکراتیکی خوێندکارانی کورد و زۆر بوونی رۆژ لە دوای رۆژی ناوەندە خوێندکارییە کوردییەکان، زۆر بوونی خوێندکارە کوردەکانی نێو زانکۆکان لە ئاستی کارناسی هەتا دوکتورا و ... بە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردییەوە بە خۆشبینییەوە دەڕوانم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - رێکەوتی: ٢٨ی بانەمەڕی ٢٧١٢



سەرچاوە
Serchawe

# بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕۆژهەڵات، بزووتنەوەیەکی بێ ڕێبەر و بەرەوهەڵدێر






**نووسینی: هەڵمەت مەعرووفی**

**بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی و لە سەرجەم کوردستان بەگشتی، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ**



سەرچاوە
Serchawe

نەبووە بە بەشی بیرلێکراوە و سەرەکیی خەبات و بگرە ڕێگریشی لێکراوە. خوێندکارانی کورد گەرچی وزەری خۆیان بۆ بوونی خەبات نیشان داوە و سەلماندوویانە بەڵام ئەو بزووتنەوەیە بە شێوەی کاتی و کورت ماوە سەریهەڵداوە و دەوری گێڕاوە کە یەکێک لە دەکرێ **دوو هۆکار بە ئاستەنگی بەردەم ئەو بزووتنەوەیە بناسرێت:**

**یەک:** تێکەڵ بوون و گرێدراوبوونی بە خەباتی سەرتاسەریی خوێندکاری و جارجار لاڕێ بوونی داواکارییەکانی بەو هۆیەوە (هەرچەند بە گشتی خوێندکارانی کورد داوای جیاوازیشیان هەیە و بە سانایی لە بزووتنەوەی خوێندکاریی سەرتاسەری جیا دەکرێنەوە بەڵام لە ڕێبەریدا و لە کاتی بزووتنەوە و چالاکیشیاندا، بە گشتی بەستراونەوە بە بزووتنەوەی سەرتاسەریی خوێندکاری).

دەکرێ بگوترێ ئەوەی پێوەندی بە بزاڤی خۆێندکاری کوردییەوە هەیە، پرسی نەتەوەییە کە هەر لە قۆناغی یەکەمدا ئاوێتەی ئەم جووڵانەوەیە. یەکێتی خوێندکارانیش لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا بە هەمان نەفس و بە هەمان هێڵی فکریی خواستەکانی خوێندکاران، چالاکی جۆربەجۆری کردووە.

**دوو:** بەحیزبی کردنی خەباتی خوێندکاری و لە هەمان کاتدا لێ ئەستاندنەوەی ڕێبەری لە خوێندکاران لەلایەن کەسانێکەوە کە نە ئەزموونی ئەو کارەیان هەیە و نە بایەخی ئەوتۆشی پێدەدەن و زۆرتر کەڵکی تاکەکەسی لێوەردەگرن و تا ئێستا کەسێکی ئەوتۆ کە بتوانێ مەهەندیسی ئەو بوارە بێت، ئەو ئەرکەی وەئەستۆ نەگرتووە.

لە هەمان کاتیشدا، داوای حیزبەکان، داوای ڕێکخراوە خوێندکارییەکانیان، نەبوونی بەرپرسی لێهاتوو و شارەزای ئەو بوارە لەو یەکیەتییانەدا و لە ئەنجامدا نەبوونی پردی پەیوەندیی بەهێز لە نێوان بزووتنەوەی خوێندکاری لە ناوخۆ و لە ناو حیزبەکان، ئاستەنگی سەرەکی و بگرە تێکڕمێنەری ئەو خەباتەیە.

**فییێر** (Fear) لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا باس بە ڕوونی دەریخستووە کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و بزووتنەوە خوێندکارییەکان بەتایبەتی، بە باشی و بەردەوام، هێزی دەسەڵاتیان کردۆتە ئامانجی خۆیان. هەڵبەت ئەو باس لە بزووتنەوە فێمینیستییەکان بە هەر سێ جۆری (سوسیالیست، لیبرالیست و ڕادیکاڵ)ـیش وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە هێزی دەسەڵاتیان کردۆتە ئامانجی خۆیان دەکات کە تا ئێستا ئەوە لە بەناو بزووتنەوەی فێمینیستیی کورد (کە خۆی هەڵبگری باس و خواسی خۆیەتی) نەبیندراوە و ئەوان زیاتر لە هێزی دەسەڵاتی داگیرکەری کوردستان، هەڕەشە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردستان و هێزە کوردییەکان دەکەن کە ئەو باسە لێرەدا ناگونجێ.

بە بۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد

حاشاهەڵنەگرە کە بە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و بزووتنەوەی خوێندکاری بەتایبەتی، ناوکی دەسەڵات دەکەنە ئامانج و وەک هەڕەشەیەک بۆ دەسەڵات دێنە ئەژمار، ئەو بزووتنەوانە بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتی ناڤین، وەک کردە و بزاڤێکی سیاسی چاویان لیدەکرێ و بەو پێیەش دژکردەوەی ڕژیم و دەسەڵاتەکان لە هەمبەریان، دژکردەوەیەکی سیاسی دەبێت و لێرەدایە کە تێچووەکان دەچنە سەر و بزووتنەوەکانیش تووشی لاوازی دەکات کە ئەمەش دەبێ بە میکانیزمێکی ڕێبەری کارامە تێهەڵبهێندرێتەوە، خەسارێک کە تا ئێستا بوونی نەبووە.

کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات خاوەنی چەندین بزاڤی نارزایەتی بووە کە لەلایەن چینی خوێندکارانەوە ئەنجام دراوە، دامەزرانی یەکێتی خوێندکارانی کورد لە دەیەی ٤٠ی زایینی لە تاران و دواتر هێرشی هێزەکانی ئەوکاتی ئێران بۆ سەر ڕێبەرانی ئەو یەکیەتیە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە لە کوردستان، ئێمە خاوەن بزاڤی خوێندکاری کوردین بە هەموو پێوەرەکانی. لە قۆناغێکی دیکەدا ڕابوونی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی خۆرهەڵات لە لایەن کەسانی وەک سمایل شەریف زادەو محەمەدئەمین سیراجی و... کە خۆێندکاری زانکۆ بوون، ڕێبەرایەتی دەکرا، هاوکات لە ئەورووپاش کەسانی وەک شەهید دکتۆر قاسملوو و دەیان خوێندکاری دیکە چالاکی خوێندکاریان دەکرد، لە دوای ساڵی ٥٧یش خوێندکارانی کورد بە دەیان بڵاڤۆک و گۆڤاری خوێندکاری و سەدان سمینار و کۆڕیان بەڕێوە بردووە کە تا هەنووکەش بەردەوامە(١). بەڵام ئەوەی کە بۆ لە ئێستادا ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە بێ هێز و لاواز بووە و تەنیا لە یەک دوو زانکۆی وەک پەیامی نووری مەریوان کە ئەویش هەڵگری باسی خۆیەتی، دەبیندرێ و چیتر وەک ساڵەکانی ١٣٧٨ تا ١٣٨٥ی هەتاوی، تین و گوڕێک لە خوێندکارانی کورددا نەماوە، پرسیارێکە کە دەبێ بەرپرسانی ئەو بەشە وڵامدەرەوەی بن کە وەک باس کرا یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان، نەبوونی ڕێبەرییەکی خوێندکارانە، بە ئەزموون، شارەزا بە زانکۆ لە یەکیەتییەکانی خوێندکاران لە ناوخۆ و نەزانین و نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ خوێنکاران لە ناوخۆ لەلایەن ئەو ڕێبەرایەتیی خوێندکارییانە لە ناو حیزبەکانە کە وایکردووە ڕێبەرییەکی ڕواڵەتی لە ناوخۆ پەیدا ببێ کە دژایەتی لەگەڵ ئەو بەشەش دەکا و بەشێک لە دژایەتی و لێدوانەکانێشیان تەواو لە جێگای خۆیدایە.

لە ئەنجامدا خستنەوە گەڕی بزووتنەوەی خوێندکاری بەتایبەت لە کاتێکدا کە باس لە خەباتی چەکداری گەرم و گوڕ بووە و خەریکە لە ژێلەمۆ دێتە دەر، باس و حەوجێییەکی حاشاهەڵنەگرە کە تا ئێستاش بیری لێنەکراوەتەوە، خەباتێک کە خەریکە ڕژیم بە خۆجێی کردنی خوێندن و زانکۆکان، بەرەو مەرگ و نەمانی دەبا و بیری فاشیسمی فارس و بیری ئیسلاح تەڵەبیش لەلایەکی ترەوە دەستیان لە بینەقاقەی ناوە و بەرەو هەڵدێری لاڕێ بوون و لەناوچوونی یەکجارەکی دەبەن.

بەشێک لە کێشەی کوردی ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە بۆ ئەورۆیی نەبوونی هزر و شێوەی ڕێبەری و ڕێکخستن لە ناو ڕێکخراوە



سەرچاوە
Serchawe

سیاسی و سەربازییەکانی کورد، نەبوونی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، ڕێگەنەدان بە هزر و کەسی نوێ، بەرەو پاشایەتی و بنەماڵەیی چوونی ڕێبەری لە حیزبەکان، پەرەسەندنی ناوچەگەری و دەستەبەندی، گرنگی دان بە هاوکێشەکان لە ناو حیزبەکان لەبری هاوکێشە جیهانی، ناوچەیی و ناوخۆییەکان، پەرەسەندی بیری ئیسلاح تەڵەبی، پاشکۆبوون، درزتێکردنی ڕاوێژکاران و کەسانی مەیلەو حیزبەکانی تری پارچەکانی تری کوردستان، نەئەسپاردنی کار بە کارزان و...تاد، وایانکردووە کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی هەواڵەکاندا و بۆ ماوەیەکی کورت بخولێنەوە و دواتر خۆڵی فەرامۆشییان بەسەردا بکرێت. لەلایەکی تریشەوە زۆربەی ئەو بزووتنەوانەی کە لە چوارچێوەی خەباتی مەدەنی و نارەزایەتیی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگا دێنە ئاراوە، بە بیانووی بە حیزبی نەکرانیان، پشتیوانیان لێناکرێ ئەوە لە حاڵێکدایە کە شێوازی چوونە ناو و ڕێبەری کردنی چالاکی و بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوەی بە ناوی کەس و لایەنێکەوە بکرێن، بەربڵاوە و دەکرێ ئاراستە بکرێن کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا دەیان نموونەی لەو شێوە هاتۆتە ئاراوە کە بەو شێوەیە ڕۆمرکاوە.

**ڕێبەریی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات تا ئێستاش خەباتی مەدەنی لە چوارچێوەی خەباتی پارلمانی و دەنگداندا کورت کردۆتەوە و هیچ بیرێکی لە هێنانە ئارا، ڕێبەری کردن و بەڕێوەبردنی خەباتی مەدەنی و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی نەکردۆتەوە و دەکرێ بگوترێ سەرجەم چالاکییەکان خۆڕسکن کە ئەوەش لە داتەپین و نەمان و ڕۆمرکانیان و بێ ئەنجام مانەوەیان ڕا دیارە، هەر بۆیەش پێویستە بیرێکی نوێ و جیدی لەو بابەتە بکرێتەوە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ١ی ئەپریلی ٢٠١٧

# ئەرکی خوێندکاری کورد لە کوردستان خۆرهەڵات لە قۆناغی ڕاسانەوەی خەباتدا، وتوویژ لەگەڵ ڕەحمان ئەمیری

**خوێنەری هێژا:**

**بابەتی بەردەستت، یەکێکیتر لە زنجیرە وتوویژەکانی گەورە ژووری ڕاوێژە لە ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی تلیگرامە کە لە ڕێکەوتی ٦ و ٧ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی (٢٠١٦) لەگەڵ بەڕێز ڕەحمان ئەمیری، ڕاگەیێندکار و چالاکی سیاسی و بە پێشکەشکاریی ژوان عینایەتی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ژووری ڕاوێژ لەسەر مژاری (ئەرکی خوێندکاری کورد لە کوردستان خۆرهەڵات لە قۆناغی ڕاسانەوەی خەباتدا) ئەنجام دراوە.**

**ڕاوێژ: سەرەتا پێشەکییەک سەبارەت بە مێژوو، ئەرک و چالاکییەکانی یەکێتیی خوێندکاران باس بکەن؟**

**ئەمیری: بزاڤی خوێندکاری هەروەک هەموو بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بە درێژایی مێژووەکەی، خۆی لە خواستە سنفی و مەدەنیەکاندا دەبینێتەوە، بەڵام ئەوەی پێوەندی بە بزاڤی خوێندکاری کوردییەوە هەیە، پرسی نەتەوەییە کە هەر لە قۆناغی یەکەمدا ئاوێتەی ئەم جووڵانەوەیە. یەکێتی خوێندکارانیش لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا بە هەمان نەفس و بە هەمان هێڵی فکریی خواستەکانی خوێندکاران، چالاکی جۆربەجۆری کردووە.**

**ڕاوێژ: توێژی خوێندکاران یەکێک لە چینە گرنگەکانی کۆمەڵگایە و بزووتنەوەی تایبەتیان لە مێژووی وڵاتانی جیهان هەبووە بە بڕوای ئێوە لە ڕۆژهەڵات پرسێک بە ناوی بزووتنەوەی خوێندکارانی کورد بوونی هەبووە؟**

**ئەمیری: ئەگەر بە خێرایی ئاوڕێک لە ڕووداوەکانی چەند دەیەی کۆتایی خۆرهەڵاتی کوردستان بدەینەوە، دەبینین کورد لەوبەشە لە وڵات خاوەنی چەندین بزاڤی ناڕزایەتی بووە کە لەلایەن چینی خوێندکارانەوە ئەنجام دراوە، دامەزرانی یەکێتی خوێندکارانی کورد لە دەیەی ٤٠ی زایینی لە تاران و دواتر هێرشی هێزەکانی ئەوکاتی ئێران بۆ سەر ڕێبەرانی ئەو یەکیەتیە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە لە کوردستان، ئێمە خاوەن بزاڤی خوێندکاری کوردین بە هەموو پێوەرەکانی. لە قۆناغێکی دیکەدا ڕابوونی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی خۆرهەڵات لە لایەن کەسانی وەک سمایل شەریف زادەو محەمەدئەمین**



سەرچاوە
Serchawe

سیراجی و... كە خۆێندكاری زانكۆ بوون، ڕێبەرایەتی دەكرا، هاوكات لە ئەوروپاش كەسانی وەک شەهید دكتۆر قاسملوو و دەیان خوێندكاری دیكە چالاكی خوێندكاریان دەكرد، لە دوای ساڵی ٥٧یش خوێندكارانی كورد بە دەیان بلاڤۆک و گۆڤاری خوێندكاری و سەدان سمینار و كۆڕیان بەڕێوە بردووە كە تا هەنووكەش بەردەوامە.

**ڕاوێژ**: لە ئێستادا كە لەلایەن حیزبی دیمۆكراتی كوردستانی ئێرانەوە ڕاسانی نوێ دەستی پێكردووە و پێدەچێت هەموو حیزبەكانی دیكەیش لەو ڕاسانەدا بەشداری بكەن، بفەرموون ئەركی خوێندكارانی كوردی ڕۆژهەڵات لەم قۆناغە چییە؟

**ئەمیری**: بە حوكمی ئەوەی كە بزاڤی خوێندكاریی كوردی بەشێكە لە بزاڤی نەتەوەیی و هەر لە سەرەتای هاتنە مەیدانەوە خواستە نەتەوەییەكان بەشێكن لە شوناسی بزووتنەوەی خوێندكاری كوردی، هەر بۆیە هەر ڕاسان و جووڵەیەک كە لە كوردستان درووست ببێ، پێویستە خوێندكاران لە سەنگەری خۆیانەوە بەرگری بكەن، چونكە ئێمە دەبنین كۆماری ئیسلامی جگە لە بەكارهێنانی هێز لە ڕاگەیاندنەكانەوە دژ بەو بزاڤە نوێیە چالاكی دەكات و دەیهەوێ ڕای گشتیی خەڵكی ئێران دژ بە هەر چەشنە دەنگێكی نارەزایەتی خەڵكی كوردستان چەواشە بكات، بێگومان لە وەها كاتێكدا ئەركە لە سەر خوێندڤانان دژ بەو هێرشە بەربڵاوانەی ڕژیم لە ڕاگەیاندنەكان لە هەر شوێنێكن بووەستنەوە، بە هێنانە بەرباسی خواستەكانی كورد و هەروەها شەڕئەنگێزیەكانی و وێران كردنی ماڵ و گوندی خەڵک لەلایەن ئەو دەسەڵاتەوە لە پشت جووڵانەوەكەیان بن.

**ڕاوێژ**: خوێندكارانی كوردی ڕۆژهەڵات لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لە زۆربەی ڕووداوەكانی ئەم چەند ساڵەی دواییەدا هەڵوێستی تایبەتییان هەبووە. ئایا هاوكاری و ئاریكاری لەنێوان خوێندكارانی ناوخۆ و دەرەوە هەیە؟ ئەگەر هەیە بە چ شێوازێک؟

**ئەمیری**: من بەهۆی ئەوەی ئەندامی خوێندكارانم، دەتوانم بڵێیم یەكێتی خوێندكاران بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ خوێندكارانی ناوخۆ بۆ زۆر پرس و بابەت هەبووە كە ڕەنگە لێرە پێویست نەكات ئاماژەیان پێبدەم، لە ئێستاشدا كە قۆناغێكی نوێ لە خەبات و تێكۆشان هاتۆتە گۆڕێ، پێویستە خوێندكارانی ناوخۆ چالاكیەكانیان بە پێی شوێن و مەكانیان چڕتر بكەنەوە، یەكێک لەو بابەتانەی لە ئێستادا گرینكە كە خوێندۆاران ئەنجامی بدەن ئەوەیە كە بەرپەرچی ئەو قەڵەم فرۆشە كوردانە بدەنەوە كە لە ڕابردوودا و لە ئیستادا لە میدیاكانی ڕژیم و لە تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان دژ بە ڕاسانی حدكا كەوتوونەخۆ.

**ڕاوێژ**: بەپێی زانیاری ئێوە تا چەند ئەو هەلومەرجەی ئێستا و ڕاسانەوەی نوێی خەبات كە بێ گومان هەر چەشنە

بەرنگاریەک لەلایەن ڕژیمەوە دەبیندریت، خوێندکاران و چالاکانی خۆرهەڵات تا چەند دەور دەگێڕن؟

**ئەمیری**: بەشێکی زۆر لە قورسایی جووڵانەوەی ڕۆژهەڵات لە سەر شانی خوێندکاران بووە، ئەمە بەو مانایە ئەوان لەم پرسەدا پێشەنگ بوون، ژمارەیەکیان ئەرکی ڕێبەرایەتی جووڵانەوەکیان لە پێشوو و لە ئێستادا لە ئەستۆ بووە و هەیە، کەواتە کاتێک باس لە ئەرک دەکرێ ئەرک و ڕۆڵی ئەوان ئاشکرایە، چالاکان و خوێندکارانی کورد لە ناوخۆ ڕەسالەتێکیان لەسەر شانە، پێویستە هاوشانی جووڵانەوەکە بە ئەرکی خۆیان زیاتر هەستن، ئەویش هەوڵدان بۆ بەستنەوەی خەباتی شاخ و شارە کە لەم پرسەدا ئەوان لەشاردا دەوری گرنگیان هەیە و لێک گرێدانی خەباتی شاخ و شار، جووڵانەوەی خورهەڵات دەباتە هەنگاوێکی نوێ کە گەڕانەوە ب قۆناغی مت بوون و بێدەنگی زەحمەت دەکات.

**ڕاوێژ**: پێشتر باس لە هێندێ لە ئەرکە کان و چۆنیەتی چالاکیەکان لە ڕاستای ئەرکی خوێندکار لە قۆناغی خەباتی ئێستادا کرا، تکایە بفەرموون چالاکییەکانی خوێندکاران لە زانکۆ و شوێنی خوێندیان دەتوانێت لە چ بوارگەلێکدا بێت؟ وئەم چالاکییانە دەتوانن چ کاریگەرییەک لەسەر کۆمەڵگا و خەڵکی ئاسایی دابنێن؟

**ئەمیری**: لەڕاستیدا ئێمە کاتێک باس لە چالاکی خوێندکاری کوردی لە ئێراندا دەکەین، پێویستە هەمیشە ئەو بابەتەمان لەبەرچاو بێ کە چالاکانی خوێندکاری لەگەڵ داپڵۆسێنەرترین سیستمی ئەمنییەتی بەرەوڕوون کە هەموو چەشنە هەڵسوکەوت و جموجۆڵێک لە ناو حەریمی زانکۆکاندا دەخەنە ژێر چاوەدێرییەوە، بەڵام سەرباقی هەموو ئەو کەشە داخراوە ئەمنییە، هەمدیسان خوێندکاران لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە، بۆ وێنە کۆڕوکۆبوونەوە لە دەرەوەی زانکۆ درێژەیان بەکارەکانیان داوە. لەم قۆناغەدا هەروەک پێشتریش باسمانکرد، دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵات وەک ساڵانی ڕابردوو لە هەوڵی چەواشەکارییە، کە چینی خوێندکار پێویستە بە پێوەندی گرتن لەگەڵ خوێندکارانی غەیرەکورد ڕوونکردنەوەی پێویستیان پێبدەن و ڕەوتێکی ڕەوشەنگری و ئاشناکردنی خوێندکارانی دیکە بە پرسگەلی کوردستان دەست پێبکەن، هەروەک چۆن ڕژیم پێچەوانەکەی دەکات. سوود وەرگرتن لەو گۆڤارە خوێندکارییەی کە ئێستا ژمارەیەکیان لێدەردەچێ، دەتوانێ مینبەرێکی دیکە بێ بۆ بەرەوپێشبردنی ڕەوتی ڕەوشنگەری پرسەکانی کوردستان بۆ خوێندکارانی غەیرە کورد بەپێی دەرفەت. لەوەها حاڵەتێکدا کاتێک خوێندکارێکی فارس، تورک... بە درووستی لە سەر پرسەکان و خواستەکانی کورد ڕوون دەکرێنەوە، بێگومان لە ڕێگەی ئەوانەوە دەنگی حەقخوازی و مافخوازیی کوردستان ڕۆدەچێتە ناو قووڵایی ڕای گشتی خەڵکانی دیکە و ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە زۆرجار حیزبە کوردییەکان بەتایبەت حدکا لە ڕابردوودا بە ڕێگەی جۆراوجۆر هەوڵی بۆ داوە.

**ڕاوێژ**: پرسیاری هاوڕێیەک : خوێندکاری کورد بەربەست و ئاستەنگی زۆری لەسەر ڕێیە، چۆن دەتوانن هەم لە خوێندن بەردەوام بن و هەم یارمەتیی ڕاسانیش بدەن؟



سەرچاوە
Serchawe

**ئەمیری**: هەروەک پێشتر باسمکرد چالاکان و خوێندکاران لەگەڵ خراپترین سیستمی ئەمنی لە ناو زانکۆکاندا بەرەوڕوون کە بەداخەوە لە چەند ساڵی ڕابردوودا جووڵانەوەی خوێندکاری تێچوویەکی زۆری داوە و ژمارەیەک خوێندکار شەهید و بە دەیانی دیکەش تووشی زیندان و دواتر لە خوێندن بێبەش کراون، بەڵام لێرەدا دەکرێ بە کۆکردنەوەی یارمەتیی ماڵی، پێوەندی گرتن بە ڕێکخراوەکانی خوێندکاری سەربە نەتەوەکانی دیکە و هەوڵدان بۆ جۆرێک لە پشتگیری بۆ ڕاسانی ئەمجارە، تەبلیغ لەناو زانکۆکاندا بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی تایبەتیان و لە هەر دەرفەتێک کە بۆیان دەلوێ پێویستە پشتگیری حیزب و سیاسەتی نوێی حیزب بکەن.

**ڕاوێژ**: بازنەی چالاکیی خوێندکاران چەندەیە و چەند ڕەهەند لەخۆ دەگرێت؟ ئایا خوێندکاران دەتوانن لە بوارگەلی جۆراوجۆر وەکوو بواری سیاسی - ئابووری - فەرهەنگی و... دا چالاکی بکەن؟

**ئەمیری**: چونکە باسەکە لەبارەی خوێندکاری کوردەوەیە و ڕاستەخۆ ئەم بزاڤە جگە لە خواستە مەدەنییەکانی، خواستە نەتەوەییەکانی بەشێکی دانەبڕا بووە لە شوناسی و لە بنەڕەتدا خوێندکاری کورد هەڵگری ڕسالەتێکە، هەر بۆیە ڕەهەندی میللی سەرەکیترینیانە و لەم ڕەهەندەوە ئەوەندەی من ناسیاویم هەیە چووەتە ناو کارزاری پرسەکانی دیکەوە. کاتێ خوێندکاری کورد باس لە خواستەکانی میللەتەکەی دەکات بێگومان ڕاستەوخۆ بەرەوڵای هێنانە بەرباسی مافە سیاسی و ئابووری و کەلتووریەکانەوە دەڕوات، هەر لەم دەروازەوەیە کە دەتوانێ چ بە کۆ یان بە جیا قسە لەبارەی دۆخی سیاسی و ئابووری و هەموو ڕەهەندەکانی پێوەندییدار بکەن.

**ڕاوێژ**: جیاوازییەکانی چالاکیی خوێندکارانی کورد لەگەڵ خوێندکارانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران چییە؟

**ئەمیری**: هەڵبەت لە وڵامی پرسیارەکانی پێشوودا ئاماژەم پێکرد، بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد جیا لە خواستە پیشەییەکانی، خواست و ئامانجی نەتەوەیشی هەیە کە ئەمە خاڵی جیاوازیی سەرەکییە لەگەڵ بزوتنەوەی خوێندکاری سەرتاسەریی ئێرانی، چونکە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی بە خواستە نەتەوەییەکانەوە بێچمی گرتووە، هەڵبەت ئەم بابەتەش خوێندکارانی غەیرەفارس کە پرسگەلی زەوتکراوەیی نەتەوەکانیان لا گرینگە دەگرێتەوە.

**ڕاوێژ**: زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی خۆیاندا کومیتە یان یەکێتی خوێندکارانیان هەیە، ئایا پێوەندییەک لەو نێوانەدا هەیە؟ دەتوانین یەکێتی خوێندکارانی هەموو حیزبەکان لەژێر یەک کومیتەی هاوبەش کۆبکەینەوە؟



سەرچاوە Serchawe

**بە بۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد**

**ئەمیری**: لەڕاستیدا ئێمە وەک یەکیەتی خوێندکارانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی خوێندەڤانانی کۆمەڵە لە ڕۆژی ١٨ تیری ١٣٩١ فیدراسیۆنی خوێندکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان دامەزراند، بۆ ئەوەی فەعالییەتی خوێندکاران یەک بخەین و ببینە خاوەنی گوتاری هاوبەشی خوێندکاری کوردی لە ئێراندا، هەر بۆ ئەو مەبەستە ئەگەر هەڵەم نەکردبێ زیاتر لە پێنج جار لە گەڵ کومیتە خوێندکاریەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات دانیشتمان هەبووە، بەڵام بەداخەوە بە هۆکارگەلێک نەدەهاتنە ناو فیدراسیۆنەوە و ئەمەش وایکرد تا ئێستا کومیتە یان یەکێتیە خوێندکاریەکانی دەرەوەی خۆرهەڵات گوتاری هاوبەش یان چالاکی هاوبەشیان نەبێ.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢ی جوولای ٢٠١٦**

## دۆخی خوێندکارانی کورد و بزاڤ و چالاکیی خوێندکاری؛ وتووێژی ژووری ڕۆژەڤ

هاوڕێیان وتووێژی بەر دەستتان، سێهەمین وتووێژ لە وەرزی یەکەمی چالاکییەکانی ژووری ڕۆژەڤ ـە.
لەم وتووێژەدا میوانداری بەڕێز سیامەند حەسەن نژاد کراوە و بە پێشکەشکاریی بەڕێز ئیمان مواردوەیسی، چالاکی سیاسیی کورد باسی دۆخی خوێندکارانی کورد و بزاڤ و چالاکیی خوێندکاری لەگەڵ ئەو چالاکە خوێندکارییە هاتووەتە ڕۆژڤ.

**ڕۆژەڤ**: تکایە پێناسەیێک لە خوێندکار و بزووتنەوەی خوێندکاری بۆمان باس بکەن؟

**حەسەن نژاد**: خوێندکار بە کەسێک دەوترێ کە قۆناغەکانی خوێندن لە قوتابخانە دەبڕێت و دەچێتە زانکۆ و لە بەشێک دا درێژە بە خوێندن ئە دات کە بە ڕۆشنبیرترین تووێژی کۆمەڵگا ئەناسرێت.

بزووتنەوەی خوێندکاری بەشێکە لە بزووتنەوەی کۆمەڵگا بۆ بە دەس هێنانی ماف و ویست و داخوازەکانی کۆمەڵگا کە خوێندکار بەڕێوبەری ئە م بەشەی بزووتنەوەیە. دەبێ بگوترێ کە خوێندکار بەشێک لەو کۆمەڵگایە و هەر چەشنە کار و چالاکییێکی کاریگەری راستەوخۆی دە بێت لە سەر کۆمەڵگای دەرەوەی زانکۆ و بە پێچە وانەش بە هەمان شێوە.

**ڕۆژەڤ**: بزووتنەوەی خوێنداکاریی کورد لەسەر چ بنەماگەلێکی فیکری و چ ئامانجگەلێکی بەهایی و ئەرزشی راوەستاوە؟

**حەسەن نژاد**: نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بەهۆی ئەوەی کە لە سەرەتایی ترین مافەکانی خۆیان بێ بەشن لەگەڵ رژیمی دیکتاتۆری ئێران لە بەربەرەکانێ دان، ئاساییە کە بنەمای بزووتنەوەی خوێندکاری لە سە ر هەمان بنەمای خەباتی گشتی کۆمەڵگا ببێ، بەڵام بە گشتی پرسی شوناس، زمانی زگماکی و پرسی نەتەوەیی ئەسڵی ترین بنەماکانی بزووتنەوەی خوێندکارین لە کوردستان.

**ڕۆژەڤ**: ئایا بە تە واو بوونی یەک خوێندکار لە زانکۆ چالاکیەکانی تە واو ئە بێت یان ئە بێ بە شێوازێکی تر ئیدامەی بدات؟؟؟

**حەسەن نژاد**: زانکۆ شوێنێ تایبەت بە یەک ناوچە نیە و لە هەموو شارێک خوێندکاری تیا هەیە، بۆیە لەگەڵ تەواو بوونی خوێندکارێک لە زانکۆ و لە یەک دابڕانی ئە و کۆمەڵە کەسە کە پێکەوە کاریان کردووە ئیتر بەو شێوە توانایی هەندێ چالاکیان نامێنێ بە تایبەت ئەو چالاکیانەی کە پێوەندیان هەیە بە ناو زانکۆوە.

بە لام ئەرکی ئەو خوێندکارانە ئەوەیە، کەسانێک تازە دێنە ناو زانکۆ لە گەڵ خۆیان ڕێک بخەن و ئەزموونەکانی خۆیان بخەنە بەر دەستیان بۆ ئەوەی لە دوای نەبوونی ئەوان کۆمەڵێک خوێندکاری تر سەر لە نوێ و لە سفرەوە دەست پێ نەکەنۆ؛ بەڵام چالاکی ئەو کەسانەی کە زانکۆ تەواو ئەکەن ئەچێتە ناو بەشێکی تر لە بزووتنەوەی کۆمەڵگا.

**ڕۆژەڤ**: کاریگەریەکانی خوێندکاران لە سەر پرسی نەوەیی؟

**حەسەن نژاد**: لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی گەلی کورد بۆ بە دەس هێنانی مافی نەتەوەیی خۆی بەرانبەر بە ڕژیمی داگیرکتر دەستی دایە خەبات و هەتا ئێستاش ئەو خەباتە هەر بەردەوامە، خەباتی گەلی کورد هەڵقوڵاوی دڵی خەڵکە و ویست و داخوازی ئە و کۆمەڵگایە. هەر بۆیە خوێندکارێکی کورد لە سەرەتایی چوونە ناو زانکۆ ئەو هەست و داخوازیانە لەگەڵ خۆی ئەباتە نێو زانکۆ و هەروەک باسم کرد خوێندکار توێژێکی ڕۆشنبیرە و بە چالاکیەکانی خۆی هەم پەرە بە پرسی نەتەوایەتی ئەدات لە نێو خوێندکارانی کورد و هەم پرسی نەتەوایەتی کورد بە باقی نەتەوەکانی تری ئێران ئەناسێنێت. لە ڕاستی دا زانکۆ وکوو پردێک وایە بۆ ناساندی دەنگ و بیر و ڕای کۆمەڵگای خۆت بە باقی نەتەوەکانی تر.

**پرسیاری هاوڕێیک**: کاریگەریەکانی خوێندکار لە سە ر زانکۆ و کۆمەڵگا چین؟

**حەسەن نژاد**: خوێندکار و زانکۆ متۆڕی سەرەکی پێشکەوتنی وڵاتن، کاتێک خوێندکار چالاک بێت و ڕێگەی پێ بدرێ بیر و هزری خۆی گەشە پێ بدات بە دڵنیایۆ زانکۆکان پێش ئەکەون و لە ئاکام دا ئەو کۆمەڵگایە کە گەشە ئەکات و ژیانێکی باش تر و سەردەمیانە تر بۆ خەڵک دەستەبەر ئەبێ. بەڵام بە داخەوە کۆمەڵگای ئێران لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا لە سەرەتایی ترین مافەکانی بێ بەشە و لە کوردستان بە تایبەتی ئە م چە قبەستووی و دیکتاتۆریە زۆر بە ڕچاوترە بۆیە کاتێک خوێندکارێک لە سەرەتایی ترین مافکانی بێ بەشە ئە و جۆرەی پێویستە ناتوانێ گەشە بە خوێندنی بدات و زیاتر ئە بێت کاتی خۆی لە سەر خەبات بۆ ژیانی دابنێ. بۆیە سەرەتا پێویستە کە کۆمەڵگاییکی دیمۆکڕات و ئازاد بنیاد بنرێ و ئەو کات خوێندکاریش ئەتوانی ئازادانەتر و زۆر باش تر کۆمەڵگا و زانکۆ بەرەو پێش بەرێت.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیاری هاوڕێیەک**: بۆچی پێویستە خوێندکاری کورد لەگەڵ حزب و ڕێکخراوەکانی کوردی لە دەرەوە پێوەندیان هەبێ؟؟؟

**حەسەن نژاد**: ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ترسی پەرەسەندنی پرسی نەتەوایەتی کورد، فەزاییکی بە ستراو و پڕ لە ترسی بۆ خوێندکاران درووست کردوە و لە هەموو جۆرە ڕێگاییێک بۆ فشار خستنە سەر خوێندکاران و دوور خستنەویان لە بزووتنەوەی خوێندکاری کەڵک وەر ئەگرێ، ڕاستە زانکۆ و خوێندکار ئە بێ سەر بە خۆ و بە دوور لە حزبایەتی بن بە ڵام لە وەها فە زاییک دا خوێندکار بۆ بەرەو پێش بردن و گەیاندنی دەنگی خۆی بە کۆمەڵگای کوردستان و جیهان پێویستی بە شوێنێک هەیە کە پشتیوانی لێ بکات. بە هۆی ئەوەی کە ئێران وڵاتێکی ئازاد نیە و ڕێگە بە هیچ بیرو بۆچونێکی تر جگە لە بیری ئیسلامی_شێعە نادات و بە گرتن و ئازار دان و لە خوێندن بێ بەش کردن و...هتد خوێندکار پێویستی بە پێوەندی لەگەڵ حزب و ڕێکخراوەکانی کوردی لە دەرەوە هەیە بۆ ئەوەی هەست بە پشتیوانێک بکەن و دەستیان لەگەیاندنی دەنگی خۆیان بە دنیای دەرەوە ئاوەڵاتر بێت.

**ڕۆژهەڤ**: بزووتنەوەی خوێندکاری کورد لەسەرەتای دەیەی ٩٠وە جۆرێک لەبێدەنگی و متی پێوە دیارە ،هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێننەوە؟

**حەسەن نژاد**: لە دوای نارەزایەتیە کانی ساڵی ٨٨ لە ئێران کە خوێندکاران ڕۆڵێکی گرینگیان بوو، ڕژیم دەستی دا بە گرتن و ئازار و ئەزیەتی خوێندکاران، هەروەها بە پاکسازی لە ناو کاربەدەستانی زانکۆکان و هێنانە سەر کاری کەسانی رادیکاڵ تر، فە زاییکی چەق بەستووانەتری لە جاران بە سەر زانکۆدا زاڵ کرد و ڕێگرییێکی توندی لە چالاکی خوێندکاران کرد.

لە هەندێ زانکۆدا ئیزنی وەرگرتنی کانون و گۆڤاری کولتووری بە خوێندکارانی کورد نەدا و زۆر بەکەمی ڕێگەی چالاکی بە ئاشکرا لە بەر دەم خوێندکاران دا بوو.

لە بەرانبەر دا بە هێنانی بەسیجی و کەسانی سەر بە ڕژیم بۆ ناو زانکۆکان جۆرێک لە فەزای دینی و مەزهەبیان زاڵ کرد و ڕێگای چالاکیان بۆ ئەو کەسانە خۆش کرد. ئەمانە بوون بە هۆکارێک بۆ کەم بوونەوەی چالاکی خوێندکاری، بە ڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئەمانە هەمووی کاتین و ئەبینین ئێستا وردە وردە ئەو تابووای ترسە لە ناو زانکۆدا بەرەو شکان ئەچێت و ژیلەمۆی چالاکی و بزووتنەوەی خوێندکاری دیسان ئەبێتەوە بە گڕ و سەر هەڵ ئەداتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**ڕۆژەڤ**: پرسیارێکی زۆر کراوە لە لایەن هاوڕێیانەوە کە ئایا شتێک هەە بە ناوی بزاڤی خوێندکاری کورد؟

**حەسەن نژاد**: لە راستی دا ئەگەر بڵەین نیە ئەوە هەموو ئە و کەسانەی لە سەر بزاڤی خوێندکاری کورد قسە ئەکەن خەریکن لە سەر شتێکی وەهمی کە بوونی نیە ئەدوێن! بەڵام ئەبێ یەک راستی لە بەر چاو بگرین یەک بزووتنەوە نیا لە کۆبوونەوە و درووشم دان و نارەزایەتی دەربڕین پێک نایێ، لە رژیمێک دا کە هەر شێوازە کۆبوونەوەیێک بۆ ئەو کەسانەی لە گەڵ بیرو بڕوای ئەو رژیمەدا نین رێگە پێ نەدراوە و بە توندترین شێوە سەرکوتی ئەکات، بەڕێوبەرانی تووشی ئازار و ئەزیەت ئەکات ناتوانی چاوەڕوانی ئەوە لە بزاڤی خوێندکاری بکەی بە شێوەی ئازاد بتوانێ چالاکی بکات.

لە ئێستادا خوێندکاران بە کۆبوونە وە لە دەوری یەکتر و دەر کردنی گۆڤار و رۆژنامە و دانانی کلاسی فێرگەی زمانی کوردی، بەستنی کۆڕ و کونفرانس لە سەر بابەتی ئەدەبی و مێژوویی و بەڕێوە بردنی کۆڕی مۆسیقا و هەڵپەرکێی کوردی و....هتد لە ناو زانکۆکان دا، هەموو ئەمانە خزمەتێکی زۆر گەورەیە بە بەرەو پێش بردنی خەباتی گەلی کورد

کە واتە هەموو ئەم رێکخستنانە خۆی لە بزاڤی خوێندکاری کورد دا ئەبینێتەوە. بەڵام بارووودۆخی سیاسی ئەو وڵاتەیە کە بووەتە هۆکاری ئەوەی خوێندکار ناچار بێ لە هەندێ چالاکی پاشەکشە بکات.

**ڕۆژەڤ**: ئێوە خۆتان وەک کەسێک کە خوێندکاری زانکۆی رازی کرماشان بوون، کەش و هەوای چالاکی لەو زانکۆ چۆن شرۆڤە ئەکەن؟ هۆکاری ئەو لاوازیە چیە لەو زانکۆدا؟

**حەسەن نژاد**: بۆ ئەوەی بچمە ناو باسی زانکۆی رازی کرماشان سەرەتا ئەبێت باسێک لە سەر بارووودۆخی کرماشان بکەم. هەر وەک ئەزانن کرماشان گەورە شارێکی کوردستانەو لە رووی حەشیمەت و فرە رەنگی ئایینی،مە زهە بی، زاراوەیی و...هتد شارێکی جیاواز و تایبەتە لە ناو کوردستان، ئەم گەورە شارە چ دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی و چ پێش لەویش لە ژێر توندترین فشاری حکومەتی ناوەندی دا بووە و هەوڵی ئاسمیلە کردنی شاری کرماشان زۆر زیاتر بووە لە باقی شارەکانی کوردستان، بە دەیان پیلانی جۆراوجۆر کە لێرەدا جێگای باس کردن نیە کرماشان کەوتەتە بەر هێرشی حکومەتە ناوەندیەکانی ئێران و ئەتوانم بڵێم کۆماری ئیسلامی لە هەمووان بەرفراوان تر و زیاتر ئەم هێرشانەی کردووە. لە وەها فەزایێک دا ئەم حەرەکەتانە بێ گومان کاریگەری ئەبێت لە سەر بەشێک لەو کۆمەڵگا و ئاسمیلە ئەبن.

هەموو ئەم شتانە ئەبنە هۆکار بۆ لاواز بوونی خەباتی ئەو شارە بە نیسبەت شارەکانی تری کوردستان، لەگەڵ ئەمانەش

کەم کاری و ئاوڕنەدانەوەی حزبەکانی کوردستان بەشێکی بەر چاو لە خەڵکی ئەو شارەی دوور خستەتۆ لە خەبات، سەرجەم حزبەکانی کوردستان ئەوەی کە پێویستە بۆ کرماشانیان بکردایێ لە سەدا، دەیکراوە بەداخۆ هەر بۆیە تەنانەت لە سەردەمی شەڕی چەکداری دا کرماشان بەپێی حەشیمەت و گەورەیی خۆی پێشمەرگەییێکی زۆری نەبووە.

سەرەرای هەموو ئەمانە کرماشان هێشتا شارێکی کوردیە و خەڵکی ئەویێ لە بەرانبەر هێرشەکانی رژیم دا بەرخۆدانێکی زۆر باشیان لە خۆیان نیشان داوە کە جێگای رێز و سپاسن. لە هەر زانکۆییێک دا چالاکی خوێندکاری کاریگەری راستەوخۆ و زیاتری ئەبێت لە سەر ئەو شارەی کە ئەو زانکۆ لە ویێە، بەپێی ئەوە زۆر روونە کە رژیم بەر بەست و کۆسپی زیاتر ئەخاتە بەردەم خوێندکارانی ئەو زانکۆ و رێگری ئەکات لە هەر چالاکییێک کە پرسی نەتەوەیی و زمانی زگماکی و شوناس بەرەو پێش بەرێت.

لە زانکۆی رازی ئیزنی وەرگرتنی کانوونی کوردی نادرێ بە کەس، لە گۆڤارێک دا زیاتر لە ٢٠% کوردی ناتوانی بنووسی کە ئەویش پێش بڵاو بوونەوە ئەبێ تەئیدی بنکەی فەرهەنگی زانکۆی لە سەر بێت! لە بەر کردنی جل و بەرگی کوردی زۆر جار رێگە پێ نەدراوە و زۆر هۆکاری تر کە مەجالی باس کردن نیە بەڕاستی بەربە ستی کار و چالاکی خوێندکارانی کوردە لەم زانکۆدا.

**ڕۆژەڤ: جیاوازی شێوازی چالاکی لە ناوچەی خوارینی کوردستان(کرماشان و ئیلام) لە گەڵ باقی ناوچەکانی تر چیە؟**

**حەسەن نژاد:** هەر وەک باسم لە بارووددۆخی ئەو ناوچە کرد، دیارە بە پێی ئەو وەزعیەتە ئاساییە کە شێواز و جۆری چالاکی جیاواز بێت، خوێندکارانی ئەم قۆناغەی ئێستا بە هۆی ئەو کاریگەری ئاسمیلە بەشێکیان توانایی قسە کردن بە زمانی کوردیان نیە بە باشی، بەشێکیان توانایی خوێندن و نووسینیان نیە و تەنیا کۆمەڵێکی کەم توانایی قسە کردن و نوسینی پێکەوە هەیە.

بەڵام لە ئێستادا بە هۆی راگەیاندن و چوونە سەری ئاستی زانیاری کۆمەڵگا بەشێکی زۆر لەو خوێندکارانەی کە توانایی قسە کردن بە زمانی دایکی خۆیان نیە تووشی کێشەی شوناسی نەتەوەیی هاتوون، کاتێک سەیر ئەکەن هەر کارێک بکەن ناتوانن لە ناو قەومی فارس دا جێ بگرن و بە شێک لە وان بە حەساو بێن و زمانی زگماکی خۆیان نازانن و ناتوانن بە ئاسانی پێوەندی بگرن بە نەتەوەکەی خۆیان، بە ڕاستی ئەکەونە بیر کردن لەوەی کە چۆن لەم قەیرانە رزگاریان ببێت.

لێرە دا ئەرکی چالاکانی ئە و ناوچە یە کە ڕێ نیشان دەریان بن لە گەڕانەوە بۆ باوەشی نەتەوەکەیان. کێشەیێکی تر کە بەرچاوە نەبوونی میدیا و ڕاگەیاندنە بە زاراوەی کوردی خوارین کە بتوانێ دەنگ و چالاکی خوێندکاران و دەرەوەی زانکۆ بڵاو بکاتۆ و پەرەی زیاتر بدرێت بەو کارانە. هۆکارێکی تری بەرەو پێش نەچوونی پێویستی بزووتنەوەی خوێندکاری لە کرماشان، ئەو خوێندکارانەن کە لە ناوچەکانی تری کوردستان بە تایبەت سۆرانیە کانن کە بە پێی ناوچەکانی خۆیان ئە یانەوێ لە کرماشان خەبات ڕێ بخەن، لەگەڵ کە سێک دا کە تازە ئەیهەوێ زمانی دایکی خۆی فێر ببێ باس کردن لە سەربەخۆیی کارێکی زۆر هەڵەیە.

**ڕۆژهەڤ**: ئاسۆی چالاکی خوێندکاری لە کرماشان چۆن ئەبینن؟

**حەسەن نژاد**: ئەو شتانەی کە باسم کرد بەو مانایە نیە کە کرماشان دواکەوتوە لە ناوچەکانی تری کوردستان بەڵکوو بارووودۆخی ئەوێ وا دیاری ئەکات لە ئێستادا زیاترین چالاکی کار کردن لە سەر زمانی زگماکی و پرسی شوناس بێ کە بە خۆشحاڵیەوە کرماشان بەڕاستی لەم ساڵانەدا هەنگاوی زۆر باش و بەجێی لەم بوارانەدا هەڵ هێناوە.

سەبارەت بەوەی کە ئەگوترێ خوێندکار ئەبێ سەربەخۆ بێت لە حزبەکان زانکۆی کرماشان گەورەترین بەڵگەیە بۆ ئەو بەڕێزانە کە ببینن لە ئەگەری لاوازی حزبەکان، بزاڤی خوێندکاریش لاواز ئەبێت و بەشێوەی پێویست ناتوانێ کاریگەری خۆی دابنێ.

کەواتە لە کۆمەڵگای ئێمەدا پێوەندی ئەم دوانە لەیەک جیا نین. بەپێی ئەوەی کە بزووتنەوەی مەدەنی لە شاری کرماشان لەم ساڵانە دا بەرەو پێش چوونێکی باشی بە خۆیەوە دیوە بە دڵنیایەوە کاریگەری ئەبێت لە سەر بزووتنەوەی خوێندکاری و هیوایێکی باش هەیە کە زانکۆی رازی کرماشان ببێتە بنکەی سە رەکی بزاڤی خوێندکاری لە ڕۆژهەڵات.

**ڕۆژهەڤ**: بە بڕوای ئێوە لە ئێستادا بزاڤی خوێندکاری پێویستی بە گوتارێکی نوێی رادیکاڵ هەیە؟

**حەسەن نژاد**: لە ئێستادا بە بڕوای من هێنانە بەر باسی گوتارێکی نوێ و رادیکاڵ بازدانە بە سەر زۆر بابەتی تر کە ئێستا لە ڕۆژهەڤ دایە و هێشتا بەتەواوی چارەسەر نەبووە. لە ئەگەری گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵگا بە دڵنیایەوەگوتاری خوێندکارانیش گۆڕان بە خۆیەوە ئەبینێت، ئەو کات خوێندکار بەپێی هەل و مەرجەکان گوتارێکی نوێ دێنێتە ناو بزووتنەوەی خوێندکاریەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**ڕۆژەڤ**: ئایا چالاک بوونی هێزە دژبەرەکانی کوردستانی خۆرهەڵات نابێتە هۆی ئاکتیڤبوونی بزووتنەو مەدەنیەکان و یەک لەوان بزووتنەوەی خوێندکاری؟ یان بە پێچەوانە دەبێتە هۆی سنووردار بوونیان لە لایەن دەسەڵاتەوە؟

**حەسەن نژاد**: لە رژیمە دیکتاتۆرەکاندا هەر شێوازە گۆڕان و ئەکتیڤ بوونی هێزە دژبەرەکان وڵام دانەوەی ئەبێت لە لایەن ئەو رژیمەوە، بەڵام ئەوەی کە سەرکەوتوو ئەبێت یا نە ئەوە باسێکی ترە.

چالاک بوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئە بێتە هۆی درووست بوونی هیوا و ورەی زیاتر لەو کۆمەڵگا و خەباتی مەدەنی رەنگ و بۆیێکی تر بەخۆیەوە ئەگرێت و بە بڕوای من زۆر زیاتر ئەکەوێتە چالاکیەوە چونکە کۆمەڵگا زیاتر گوێی پێ ئەدات و خەباتکاریش ئاکامی کاری خۆی زیاتر ئەبینێ. توێژی رۆشنبیری خوێندکاریش خوازیاری گۆڕان و بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگایە. کاتێک هەل و مەرجی زیاتری بۆ رەخساوە و ئەبینێت گۆڕانکاریەکان خێراترن، ئایەهەوێ بە جێ بمێنێ و دواکەوێ بۆیە ئەویش زیاتر خۆی دەخاتە ناو چالاکی و بەرەو پێش چوون. بەڵام ئەوەی کە حکومەت بتوانێ کۆسپ درووس کات، هەمیشە کردوویەتی و وەک چۆن هە موو کاتێکیش خوێندکاران بەرانبەر بەو کۆنە پەرستی و دیکتاتۆریە راوەستاون بە هەمان شێوە و زۆر زیاتر ئەکەونە بەرخۆدان و بزووتنەوەی خوێندکاری زۆر زیاتر پێشکەوتن بە خۆیەوە ئەبینێ.

**ڕۆژەڤ**: لە کۆتایی پرسیارەکاندا بیروبڕواتان لە سەر ئەم راسانە نوێیە چیە و کاریگەریەکانی لە سەر بزاڤی خوێندکاری چۆن هەڵ ئەسەنگێنن؟

**حەسەن نژاد**: سەرەتا رێگەم بدەن سڵاوێک بنێرم بۆ هەموو ئەو پێشمەرگە قارەمان گیان لە سەر دەستانە کە بە فیداکاری و قارە مانیەتیان پارێزگاریان لە کەرامەت و بوونی گەلی کورد کردووە بەڕاستی هە مووماں قە رزاری یەک بە یەکی ئەو پێشمەرگانەین کە تا ئێستا کۆڵیان نەداوە بەرانبەر بە دوژمن و ئاڵای خەباتیان هەر شەکاوە راگرتووە. هەر وەک باسم کرد لە هەر چالاک بوونێکی هێزە کوردیەکان، کۆمەڵگا و بزووتنەوە مەدەنیەکان گۆڕانکاری و پێش چون بە خۆیانەوە ئەبینن.

ئەم راسانە نوێیە کە لەلایەن "حدکا"وە دەس پێ کراوە جووڵاننە وەیێکی زۆر باش بووە بۆ کۆمەڵگای کوردستان و ئەبێتە هۆکاری دروست بوونی هیوا و ئاوات لە نێو خەڵک دا بۆ بەدی هاتنی ویست و داخوازیەکانیان. خەباتی گەلی کورد چون هەڵقوڵاوی دڵی خەڵکە و ئەوانیش خۆیان بەجیا نازانن لەم خەباتە، بە هەر شێوازێک بۆیان بڕەخسێ هاوکاری ئەکەن. هەر چەند من وەک خۆم باوەڕم وایە ئەبوایێ زووتر ئەم کارە دەس پێ بکرایێ. ئێستا کاریگەری ئەم راسانە زۆر بەر چاوە



سەرچاوە
Serchawe

به بۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد

له کۆمەڵگادا و دڵنیام له داهاتوودا به بەرفراوان تر بوونی ئەم حەرەکەته گۆڕانکاری قووڵ به کۆمەڵگاوه ئەبینین و سەرکەوتنی گەلی کورد زۆر نزیک تر دەبێتەوە. بەڵام هیوادارم ئەم پەڕتە وازەیی و جیاییە لە نێو ئەحزابی کورد کۆتایی پێ بێت و بە وزەو هێزێکی گەورەتر و بەرین تر بێنە مەیدانی خەبات و دڵنیام کە سەرکەوتن بەدەس دێ بۆ کوردستان. ئەگەر باس لە کاریگەری راسان لەم قۆناغەی ئێستادا بکەم لە سەر زانکۆ ئەوە بە پێی ئەو شتانەی کە باس کرا دیارە کاریگەری پۆزێتیڤی ئەبێت و خوێندکاری کورد بە وزە و هێزێکی زیاترۆ باس لە پرسەکانی بزاڤی خوێندکاری ئەکات و بە دڵنیایەوە کاردانەوەی زیاتری ئەبێت لە سەر زانکۆ و خوێندکاران دا. لە کاتێک دا پێشمەرگە لە ناو دڵی ڕۆژهەڵات دا حوزوری هەبێت و گیان فیدایی بکات بۆ گەل و نیشتمان بزووتنەوەی خوێندکاریش زۆر زیاتر گتشە ئەکات و لەگەڵ بەرفراوان تر بوونی خباتی شاخ گوتاری رادیکاڵ و جیاواز ئەتوانێ بێتە ناو زانکۆ و ببێتە پشتیوانێکی گە ورە و بەهێز بۆ خەباتی شاخ.

لە کۆتایی دا ئاواتی سەرکەوتن و سەربەرزیم هەیە بۆ هەموو گەلی کورد و هیوای سڵامەتی و لەش ساغی بۆ هەموو برا و خۆشکە پێشمەرگەکانمان. سپاس بۆ ئێوەیش کە ئەم دەرفەتەتان رەخساند بۆ من و لەم دوو شەوەدا کاتی خۆتان دانا بۆ خوێندنەوەی بۆچوونەکانی من هەر بژین و سەرکوتوو بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جووڵای ٢٠١٦

---



سەرچاوە
Serchawe

# فەرشاد دووستی پوور: بزوتنەوەی خوێندکاری کوردی دەبێت فرەیی حیزبی بخاتە پەراوێزی گوتارێکی نەتەوەی هاوبەش




**چاوپێکەوتن: ژیوار رەسوڵی، فۆتۆ: بەیانی**

**پێشەکی:**

بزوتنەوەی رزگاریخوازی کەڵی کورد هەمیشە پێیەکی تیۆریک و رادیکاڵی لە ناو زانکۆکاندا بووە و تەنانەت پشکی شێری هێزە کاریگەر و دامەزرێنەرانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەبەر خوێندکارە کوردەکان کەوتووە و هەمیشەش بە پێی بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ناوخۆی ئێران بزوتنەوەی خوێندکاری کوردستان بە ئەرکی مێژووی خۆی هەستاوە. بە هەمووی ئەوانەشەوە بزوتنەوەی خوێندکاری کوردی بەردەوامیش پرسی یەکنەگرتنی گوتار و هەورازونشێوی لە نزیکبوونەوە بە ئامانجە درێژخایەنەکانی هەبووە، سایتی "بەیانی" لە ساڵیادی ١٦ی سەرماوەز رۆژی خوێندکاری سەراسەری ئێران، ئاورێک لە بزوتنەوەی خوێندکاری کوردستان دەداتەوە و چەند پرسیاری هاوشێوە لە چەند چالاکی خوێندکاری لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات، بۆ ئەوەی هەندێک کەلێن و درزی بزوتنەوەی خوێندکاری کوردستان بخاتە بەر باس. هەر

لەو ڕێرەوەدا لە دووەم چاوپێكەوتندا لەگەڵ چالاكی خوێندكاری بەڕێز "فەرشاد دووستی ثوور" ئەو باسانە دەورووژێنین.

**خولیای بزوتنەوەی خوێندكاری لە چوارچێوەی داخوازییەكانی (١٦)ی سەرماوەزدا دەگونجێت؟**

لەواقیعدا یانی خوێندكاری یەكە و جیاوازی لەنێوان ژیانی خوێندكاری كورد و فارس و نەتەوەكانی دیكەدا نییە و تەنانەت جیاوازی چینایەتیش لە نێوان خوێندكاراندا بەزەقی نابینرێت، چوونكە ژیانی خوێندكاری بە پێی تایبەتمەندی خۆی كێشەی مالی نییە و ئارمانگەرا و ئایدیاڵگەرایە و هەروەها ئانارشیستە، چونكە لە هەڵومەرجێكی تایبەتدایەو جیاوازی لەگەڵ ژیانی سرووشتی هەیە، بەڵام جیاوازی خوێندكاری كورد لەگەڵ خوێندكارانی دیكەی ناو زانكۆكان لەسەر مەسەلەی ئەتنیكی و نەتەوەییە، هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین جیاوازییەكان لێرەوە دەست پێدەكەن. خوێندكاری ناوەند قەلەقی سەركووتی نەتەوەی نییە، بەڵام خوێندكاری كوردی لەگەڵ قەلەقیی ئابووری و كەلتووری كێشە و پرسی نەتەوە و وڵاتیشی هەیە. مێژوویەك لەپشت خوێندكاری كورد هەیە و لەژێر كاریگەری بنەماڵە و كۆمەڵگە و ئەو زەمینەیەی تێیدا گەورە بووە، لێرەدایە كە خوێندكاری كوردستان بەشێك لە بزوتنەوەی نەتەوەی گەلەكەیەتیٍ، ئەگەر بێین لێكدانەوەیەك لەسەر بڵاوكراوەكانی خوێندكاری كوردی بكەین، پێمولیە هەر ئەو داخوازییە سیاسیانەی بزوتنەوەی نەتەوەی كوردی لەئێران هەیەتی، لە ناو بڵاوكراوەكانی خوێندكاریدا دەبینرێت. بەگشتی تا ساڵی (١٣٨٠)ی هەتاوی خوێندكاری كورد لەپەراوێز دابوو، بەو مانایەی كە وەكوو بزوتنەوەیەكی سیاسیی دیار نەبوو، ئەگەرچی وتارگەلێكی هەبوو، لە ٨٢-٨٣ وردە وردە ئەوەیان بۆ خۆیان تیۆریزەكرد، بەمشێوەیە بڵاوكراوەی تیۆریك لە ناو خوێندكارە كوردەكاندا دەستی پێكرد، لە ٨٤ بەملاوە بزوتنەوەی خوێندكاری كوردستان ڕوویەكی سیاسیی گشتگیری بەخۆیەوە گرت،ٍ ئەوەیش بە نارەزایی دەربڕین بۆ نەبوونی سووتەمەنی لە شاری ماكۆ دەستپێیكرد. لە ساڵی ٨٥ زۆر بەدیاری لەڕۆژی زمانی دایكیدا نارەزایی خوێندكاری كوردی بە تەواوی جیاواز لەدرووشمەكانی ناوەند لە(١٦) سەرماوەزدا خۆی نیشاندا. ئەو كاتە بە سروودە نەتەوەیەكان و باسكردنی داخوازییە نەتەوەییەكانی وەكوو فیدرالیزم خوێندكاری كوردی ویستیی ڕاستەقینەی خۆی دەرخست. دواتر لە بزوتنەوەی سەوز وەكوو نارەزاییەكی گشتی و هەروەها لە شەهیدكردنی ئیحسانی فەتاحیان بزوتنەوەی خوێندكاری كوردستان جیاوازی و تایبەتمەندییەكانی خۆی لەڕوودا، ئەو تایبەتمەندیانەی كە لەسەر بنەمای شووناسی نەتەوەی كورد دامەزراوە.

**داخوازییەكانی بزوتنەوەی خوێندكاری لە ئەولەویەتدا سێنفین یان نەتەوەی؟ ئەگەر هەر كامێكیانن بۆ؟**

بەگشتی خوێندكار لە پێی هەلومەرجی ژینگەی خوێندكاری داخوازی سێنفی هەیە، ئەوەیش پێوەندی تایبەتی بە خوێندكاری كورد یان فارسەوە نییە، بەڵكو بەگشتی خوێندكاران داخوازی سێنفیان هەیە، بەڵام داخوازی خوێندكاری كوردی ویستێكی



سەرچاوە Serchawe



نەتەوەییە، بەشێک لە بزوتنەوەی خوێندکاری ناوەند ئەو داخوازییە نەتەوەیەی کوردی قبووڵکردووە و پرسی نەتەوەیی مافی خوێندکارە کوردەکانە، ئەگەرچی زۆر پشتگیری راستەوخۆی لێناکات، دەفتەری تەحکیمی وەحدەت پێش بزوتنەوەی سەوز لە بەیاننامەکانیدا بەو راستییە گەیشتن کە باس لە بە وتەی ئەوان ئەقوام و بەباوەری ئێمە نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش بکات.

**بزوتنەوەی خوێندکاری کوردی پاشکۆی بزوتنەوەی خوێندکاری سەراسەری ئێرانە،یان شوناس و تایبەتمەندیی خۆی هەیە؟**

بزوتنەوەی خوێندکاری کوردستان لە پەراوێزدا نییە، رەنگە لە سەردەمێکدا خۆی نیشان نەدابێت، بەڵام دوای ئەوەیکە ئیتحادیەی دیموکراتیکی خوێندکاران لە سنە دامەزرا و هەروەها دوای ئەوەیکە بەشێک لە خوێندکارە کوردەکان لە تاران و تەوریز و ئیسفهان و ...کۆمەڵێکی تایبەت بە خۆیان هەبوو، بڵاوکراوەی سەربەخۆیان بڵاوکردەوە و ڕێوورەسمی تایبەت بە هەڵەبجەیان بەڕێوەبردوو و سمینارو داخوازییە ئەدەبیی و کەلتورییە سیاسییان هەبووە.


"هەروەها لەساڵی (٨٤) کۆنگرەی خوێندکاری کوردستان لە تاران بەڕێوەچوو، یان (٨٥) کۆنگرەی تایبەت بە شووناسی نەتەوەی کوردی لە تاران، دوای ئەو ساڵانانە بزوتنەوەی خوێندکاری کوردستان هەبوونی خۆی سەلماندووە، ڕەنگە لەهەلومەرجێکی تایبەتدا خوێندکاری کورد کردەوە و ئەکتێکی نەبووبێت، بەڵام هەمیشە وەکوو بزوتنەوەیەکی دینامیکی خوێندکاری ئامادەیی هەبووە. لەو ساڵانەدا خوێندکاری کورد سەلماندوویەتی کە بزوتنەوەیەکی جیاوازە لە پرس و داخوازییەکانی خوێندکاری ناوەند.

**پلۆرالیزمی حیزبی چ کاریگەرییەکی لەسەر یەکنەگرتنی خوێندکارەکوردەکان هەبووە؟ چوونکە خوێندکاری کورد لە ناخی**

## خوێندکار بەشێکە لە نوخبەی داهاتووی کۆمەڵگە

### بە بۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد

کۆمەڵگەی کوردیدا هاتووە، بەشێکی هەرەزۆری کۆمەڵگەی کوردی پێگەی سوونەتی ئۆپۆزسیۆنی کوردی بووە و کاریگەریان لە حیزبە کوردیەکان وەرگرتووە، بەڵام بەشێکی زۆری کەمی خوێندکاری کورد پێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردییەکان هەیە و بەهۆی ئەوەیکە حیزبەکان لە ناوکۆمەڵگەی کوردیدا بوونیان نییە، ئیمکاناتی پەیوەندیگرتن زۆر بەرتەسکە ئەوە شتێکی سرووشتییە. بەگشتی ئەو فرە دەنگییەی حیزبەکان تا ماوەیەکی زۆر لە ناو بزوتنەوەی خوێندکاری کوردستان بۆشایی دروستنەکرد، وێرای هەموو ئەو ڕێزو حورمەتەی بۆ هەموو بیروباوەرە جیاوازەکانی ناو کوردستان هەمە، بەڵام بەشێک لە خوێندکارەکانی سەر بە پڕاک بۆشاییان لە ناو خوێندکارە کوردەکان درووستکردووە، دواتر ئینشعابەکانی ناو حیزبەکانیش بووە هۆی لێکدابڕانی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردستان و گەیشتن بەیەکدەنگیی و پتەوەیی دژوارکرد. هەر ئەو ئینشعابانەی حیزبە کوردییەکان تەنانەت بەشێک لە کۆمەڵگەشی لەگەڵ خوێندکارانی کوردستان لەو حیزبانە نائومێد کرد.




### بزوتنەوەی خوێندکاری کوردی دەبێت، نوێنەری حیزبێکی تایبەت بێت، یان نوێنەری نەتەوەیەک بێت؟

خوێندکاری کورد دەبێت نوێنەری گوتاری نەتەوەی کوردستان بێت، نوێنەری ماف و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد بێت، ئێمە حیزبمان بۆ چییە؟ حیزب بۆ پاراستن یان بەدیهێنانی مافی نەتەوەیەک دادەمەزرێن و بزوتنەوەکانیش دەبێت لەو ڕێرەوەدا بن، چوونکە حیزبەکانیش لەو ڕێرەوەدا کار دەکەن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە خوێندکاری کورد دەبێت نوێنەری حیزبێکی تایبەت بێت، بەڵام بزوتنەوەی خوێێندکاری کوردستان دەبێت و پێویستە نوێنەری گوتاری نەتەوەیی کورد بێت، و هۆکاری نزیکبوونەوەی حیزبەکان لە یەکتر بێت، نەک ئەوەیکە وەکوو نوێنەری حیزبێکی تایبەت بۆشاییەکان قووڵتر



سەرچاوە
Serchawe

بکاتەوە، خوێندکاری کورد حەقوایە هۆکاری یەکگرتنی یەک گوتاری کوردستانی بێت. هەر بۆیەش خوێندکاری کورد پێویستە خۆی لە ناو ئەو بۆشاییەی حیزبەکان رابگرێت و وەکوو ئەرکێکی مێژووی سەیری بکات.

**بەڕاشکاوی ئەو رەخنانەی لەسەر بزوتنەوەی خوێندکاری کوردی هەن چین، و هەروەها بۆ داهاتوو بزوتنەوەی خوێندکاری دەبێت چی بکات؟**

پێموایە بەگشتی لە ناوبزوتنەوەی خوێندکاری کوردستان راگواستنیی ئەزموونەکان لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی دیکە نەبوو، ئەمە کێشە و بۆشاییەکی زۆری درووستکرد، ئێمە بە ئاشکرایی نەبوونی ئەو دەستاودەستکردنەی ئەزموونەکانمان دەبینی، ئەوەش زەربەیەکی گەورەی لە جەستەی بزوتنەوی خوێندکاری کوردی داوە، ئەگەر سەیری بڵاوکراوەو نووسراوەکانی پێشووی خوێندکارانی کوردی بکەین، دەبینین کە کۆمەڵێک کەسی تیۆریک و کارا کاریان کردووە، بەڵام دوای تەواوبوونیان لە زانکۆکاندا هیچ ئەزموونێکیان بۆ نەوەی دوای خۆیان جێ نەهێشتووە. لە لایەکی دیکەیشەوە ئەگەر رەخنە لەگوتاری بزوتنەوەی خوێندکاری کورستان بگرین، دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت کە (ئەویتر)ی ئێمەی کورد، زۆر لە خۆمان جیاوازە، من کە کوردێکی ئیلامی-م و گوتاری نەتەوەی ئێستا لەو ناوچانە فۆرمی راستەقینەی خۆی وەرنەگرتووە و لە ئێستادا ناسیۆنالیزمی کوردی خەریکی گەشە کردنە، خوێندکاران نوێنەری باشبوون بۆ ئەوەی گوتاری ئەزموون و گوتاری نەتەوەی بگوازنەوە ناو کۆمەڵگەی باشووری کوردستانی رۆژهەڵات و ناوچەکانی وەکوو ئیلام و کرماشان. پێموایە ئێمە نەمانتوانی کەڵک لەو ژینگە ئازادە وەربگرین و پەیوەندی لە ناو ئەو بەشە درووستبکەین. هەروەها تۆرێکی پەیوەندی پتەو لە ناو خوێندکارە کوردەکاندا نەبوو، ئەگەرچی ماوەیەکی کورت لە تاران باش بوو، هەروەها ئیتحادیەی دیموکراتیکی خوێندکارانی کوردستانیش ئەزموونێکی بۆ خۆی خوڵقاند و بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەیکە کێشەی دەستاودەست نەکردنی ئەزموونەکان لە ناو ئەو ئیتحادیە دیموکراتیکەشدا هەبوو. چوونکە گوتارێکی بەهێزی نەتەوەی بەلەبەرچاو گرتنی بەرهەمهێنانی دەقی سەربەخۆ بوونی نەبوو، خوێندکاری کورد ناتوانێت بە تەواوی خۆی پێناسە بکات. لە لایەکی دیکەشەوە خوێندکارە کوردەکان لە پێکهێنانی کۆڕ یان بنکەو ئەنجوومەنێکی بەردەوام و تایبەت بە خۆیان سەرکەوتوو نەبوون و هەروەها لە پەیوەندی لەگەڵ بزوتنەوەی خوێندکاری ناوەند بە شێوەیەکی ڕەها و ترسەوە مامەلەی کرد، ئەگەرچی مافی خۆیەتی چوونکە ئەوانیش بەشێک لەسەرکووتی نەتەوەی کوردن لەمێژوودا، بەڵام ژینگەی کاتی و ستراتیژی کاری خوێندکار دەبێت فێری ئەدەبیاتی بەرژەوەندیخواز و هەروەها مەنتقی و مافی مرۆڤی بێت. بزوتنەوەی خوێندکاری کوردستان نەیتوانیی لەکەرەستە مۆدێرنەکانی وەکوو ئینتەرنێت و سایتەکان و بڵاوکراوەکان کەڵک وەربگرێت، بۆ ئەوەی پەیوەندی خوێندکارە کوردەکان لەشارەکان و تاران ئامانجدار و بەردەوام پتەو بکات. لە لایەکی دیکەیشەوە بەشێک لە خوێندکارانی خوێندنی (فۆق لیسانس و دکتۆرا) دەرگیری ژینگەیەکی رۆشنبیری بوون و ئەرکی ئەکتڤیستبوونی خۆیان لەبیر کرد، تەنیا بۆ توێژێکی

تایبەتی کۆمەڵگەو خوێندکاران دەیانووسی. هەرچەند ڕێزم هەیە بۆ ئەو وتارو بڵاوکراوانە، بەڵام بەشێکی هەرە زۆری ئەو پەیامانە لەناو کۆمەڵگەی ڕۆشنبیریدا مایەوەو نەیتوانی لەناو تۆڕەکاندا بۆ پتەوکردنی گوتاری نەتەوەی کوردی بڵاوببێتەوە، ئەوەش لاوازییەکی گەورەوە بەرچاوی نێو خوێندکارە ئەکتیڤ و چالاکەکانی ئێمە بوو.

پێموایە لە ژینگەی سەرکووتی ئێستادا ئێمە دەبێت کەڵک لە تۆڕێکی پەیوەندی نێوان خوێندکارە کوردەکان وەربگرین و هەروەها دەستاوەدەستکردنی ئەزموونی خوێندکاران بۆ نەوەی دوای خۆیان، لە سەرەکیترین ڕێکارەکانن و هەروەها بزوتنەوەی خوێندکاری کوردی دەبێت لە بچووکترین دەرفەت بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کۆڕە ئەدەبی و کەلتووریەکان کەڵک وەربگرن.



سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژپرێس - ڕێکەوتی: ٢٥ی فێبریوێری ٢٠١١

# چییەتیی شانزەی سەرماوەزو بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی



**کاوە کەریمی**

بزووتنەوەی خوێندکاری لە بنەماڵەی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەیە کە لە خۆیدا کاتی، ڕادیکاڵ، دوور لە سازش و نەرمی نواندن، مەیلەو سیاسەتو ناسنامەخوازە. لە هەر کوێ پارامێترەکانی سەرهەڵدانو بوونی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئارادا بێت، شانسی بەشداریی سیاسی، بووژانەوەی کولتووریی‌و پەرەدان بە کاری ڕێکخراوەیی زیاتر دەبێت.

بوونی خوێندکار، لە هەنگاوی یەکەمداو بە دەر لە بوونی بزووتنەوەی خوێندکاریو لەدایکبوونی سووژەی سیاسیی خوێندکار، هەر بە تەنیا دەنگۆکەیشی دەتوانێت ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ سەرهەڵدانی پرسیار لە ناو جەماوەردا. هەمومان دەزانین سەرهەڵدانی پرسیارو بوێریی پرسیار کردنیش دەروازەی شکاندنی تابۆکانو بەرەوپێشچوونە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا. لێرەدا گرنگیی ئەرێنیو تایبەتمەندیی باشی بزووتنەوەی خوێندکاری، لە ڕوانگەی منەوە ئەوەیە کە ژیانی خوێندکاریو بزووتنەوەی خوێندکاری تەمەنێکی کورتی هەیە، تەنانەت لەو باوەڕەدام ئەگەر بزووتنەوەیەک تەمەنی درێژ بێتەوە ناتوانێت ڕادیکاڵ بمێنێت، بە تایبەت ئەگەر ڕادیکاڵ بوون تایبەتمەندیی سەرەکیی بزووتنەوەکە بێت، دوورمەودا بوونی بزووتنەوە دەتوانێت ناسنامەی تووشی گومان بکاتەوەو دووری بخاتەوە لە توخمە بنیاتنەرو پێکهێنەرەکانی.

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، هیچ بزووتنەوەیەکی کورتخایەن ناتوانێت هەڵگری ئایدی یەکی نەگۆڕ بێت، لەوێوە بەو ئاکامە دەگەم کە بزووتنەوەی خوێندکاری بۆی هەیە داواکارییە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی بەردەوام بگۆڕێتو، نەتەنیا ئەو گۆڕانە

حوكمی خوێن گۆڕینو ژیانەوەی ئەندامانی جەستەی هەیە، بەڵكە پێویستییەكی تاقیكراوە بۆی. پێموایە هەڵوێستگرتنەكان لە سەروبەندی شانزەی سەرماوەزیش بە تایبەت بۆ ئێمەی چالاكانی كورد حوكمی بیانوویەكی مێژوویی هەیەو ئەوەش لە بازنەی ئەو قەتیس مانەدا خۆی دەبینێتەوە كە لەم دەڤەرەی ئێمە، بە هەموو تابۆشكاندنو یاخیگەرییەكانی لاوانەوە هێشتا مێژوو - تەوەری كەڵەگایی ئەكات بە سەر بەهاو نۆرمە كۆمەڵایەتییەكانەوەو دەستكەوتەكان ئەفرۆشێتەوە بەوانەی تێیدا بەشدار نەبوون.

شانزەی سەرماوەز، بەو حوكمەی زۆركەم كوردی بووە، یا كوردێنراوە كەمتر خەساری لەو تایبەتمەندییە 'مێژوویی'ە بینیوەو ئەوەش لایەنێكی باشە بۆ بزووتنەوەی خوێندكاریی لە كوردستان تا بتوانێت هێندەی ڕسكانی خوێندكاریی فارسەكان خۆی بە مێژوودا هەڵنەواسێتو زیاتر مێژووساز بێت تا مێژووپەرست.

ئەگەرچی من دڵنیام بە پێوەری كۆمەڵناسانە، دەستەواژەی 'بزووتنەوەی خوێندكاریی كوردی' پڕە لە كێشەی واتاییو ناوەرۆكی، بەڵام گریمانی سەرەكیی هەر بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتیو سیاسی ئەوەیە كە بە باشترین شێوە(ش) سوود لە لایەنە جۆربەجۆرەكانی بزووتنەوە جەماوەرییەكانی دەوروبەری خۆی وەربگرێت؛ تەنانەت ئەوە تایبەتمەندییەكی نەگۆڕی بزووتنەوە كۆمەڵایەتییەكانە كە كارتێكەرییان لە سەر یەك سنووردار نییە بە دراوسێ بوونو نزیك بوونی جوگرافیاییو ڕەگەزیو ئایینیو ئایدۆلۆژیكەوە(شەرت نییە ئەمەش بۆ هەمیشە نەگۆڕ بێت) لانیكەم ئەكرێ لەو بارەوە دڵنیا بین كە پێناسەو تایبەتمەندییەكانی بزووتنەوەیەكی خوێندكاری (ی باش) لە ڕابوونی خوێندكارە كوردەكان لە ڕۆژهەڵاتو ئێران بوونی هەیە.

لە ڕووی سیاسییەوە، بزووتنەوەی خوێندكاریی كوردی دەستەواژەیەكە پڕ بە پێستی ناوەكەی، زۆربەی زۆری ئەو چالاكە كوردانەی لەو بوارەدا كارو هاوكاریی دەكەن نەتەنیا مەیلو سەلیقەیان بە لای بە حزباندن، بە ئایدۆلۆژیك كردن یا بە نەتەوەیی تۆخ كردنی نییە، تەنانەت ئەگەر بیشیانەوێت ئاستی داخوازیو چاوەڕوانییەكانی بۆ ئەو ئاستە نەوی بكەنو ڕەنگی بكەن، ناتوانن. ئەزموونی شۆڕشە سەركەوتووەكانی جیهان لە سەردەمە جۆربەجۆرەكاندا پشت بە ڕێبەریی زانكۆو خوێندكاران، ڕاستكەرەوەی ئەو داكۆكییەیە كە بزووتنەوەی خوێندكاری قەت ناتوانێت دەستبەرداری ڕەخنەو پیاچوونەوەو تابۆشكێنیو چاونەترسی بێت. سەبارەت بەم تایبەتمەندییەی بزووتنەوەی خوێندكاری، من ڕام وایە شانزەی سەرماوەز لە ئێران بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە زاڵەی كە هەیە نەبووە هۆی سەرهەڵدانو پێگرتنی بزووتنەوەیەك بە مۆركی خوێندكارییەوە، هیچ نەبێت هاتنە سەر كاری كۆماری ئیسلامیو داگیركردنی ئەو ڕۆژە(ش) لە لایەن ئەوەوە لە سەر ڕۆژژمێریش بێت، بە باشی ئەو ڕاستییەی دەرخست كە ڕووداوی كوژرانی سێ خوێندكاری ئێرانی لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی



سەرچاوە
Serchawe

وڵامێکی لەڕادەبەدەرِ سیاسی بوو لە لایەن چەند چالاکی سیاسیی لاوی خوێندکارەوەو دواتریش هەموو دەستکەوتەکەی چووە گیرفانی دەسەڵاتەوە؛ لێرەدا قسە لە سەر باشو خراپ بوونی ئەو دەسەڵاتەو هەڵوێستی ئەو خوێندکارانە نییە، بەڵکە قسە ئەوەیە کە خوێندکاران بەو کاردانەوەیان نرخێکی قورسیان خستە سەر شانی خوێندکارانی دوای خۆشیان بۆ ئەوەی بەردەوام چاوەڕوانیی پێشەنگ بوون بە دەرەجەی یەکەم لەوان بکرێت، لە حاڵێکدا شۆڕش چەمکێکی جەماوەرییەو چینێکی دیاریکراوی لاوازی(لە ڕووی ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە) وەک خوێندکار بە تەنیا چاری ناکات. ئەوە خاڵێکی هەرە گرنگ دێتە بەرچاوم بۆ ئەوەی ئێمە چیتر دواساڵمان بێت کە تەنانەت شانزەی سەرماوەز بکەینە بیانووی کۆبوونەوەی خوێندکاریش.

لە ڕەوتی هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کاتیدا (وەک تی‌پارتی لە ئامریکاو بزووتنەوەی فێمێنەکان لە وڵاتانی عەرەبی) بوونی هێماو سەمبولەکان نەک کەمڕەنگ نینو نابن، بەڵکە ڕەنگ، کەسایەتی، ڕۆژ، شێوازی بەڕێوەچوونو فۆرمی ڕێکخستنی لە دەرکەوتنو گەشەکردنیدا دەوری سەرەکیو بنەڕەتی دەگێڕێت. لەم سەردەمە کە بە سەردەمی تۆڕی پێوەندییەکان ناسراوە، ناسراوترینو بەناوبانگترین دیاردە بە لای چەمکێکدا قورسایی دەکات کە توانایی وێنەسازیی (Imagination) لای بەردەنگ ببێت.

هێماکانی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی، بە دەسکەوتە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانیەوە، سەرباری نرخی قورسی لە سەر شانی خوێندکارانی کورد لە دەیەی چلی هەتاوییەوە تا بە ئێستە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە نەتەنیا پێویست نییە خوێندکاری کورد شانزەی سەرماوەز بکاتە ڕۆژێک لەو ڕۆژانەی یادی دەکاتەوەو نرخی بۆ بدات، بەڵکە بە هەموو لێکدانەوەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتی، شانزەی سەرماوەز لە ناو خوێندکارانی تارانیشدا نەیتوانیوە گوتارێکی گۆڕانخوازانە دروست بکاتو ئێستە هێندەی کۆماری ئیسلامیو بەرەی ئیسلاحات داوای ئەو ڕۆژە دەکەن، چەپەکان خۆیان یادی ناکەنەوەو لە سەری ناچن... . من پێموایە بەرزکردنەوەی شانزەی سەرماوەز بۆ ساتێکیشو وەک بیانوویش بێت، 'شوێن کڵاوی بابردوو کەوتن'ە لە بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی لە نموونەیەکی زیندوو، مێژووخولقێن، یاسایی، کۆمەڵناسانەو سیاسیدا بە ناوکردنی ڕۆژی گیان لە دەستدانی ئیبراهیم لوتفوڵایی (25 ی بەفرانبار) بە "ڕۆژی خوێندکاری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" دەتوانێت سەرەکیترین هەنگاوی بۆ وێنەسازیی جەماوەریی خوێندکاری کوردو دیاریکردنی ڕۆڵو پێگەی لە درێژەی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی کوردستان هەڵبگرێتو سەربەخۆییش، بە هێمایەک لە هێماو تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوە بێگەردەکەی زیاد بکات، کە لەگەڵ تایبەتمەندیی ناسنامەخوازیدا یەکدەگرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زاگرۆس پۆست - ڕێکەوتی: ٧ی کانونی یەکەم ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

# ١٨ی پووشپەڕو کورتەیەک لە مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران





**بیژەن قوبادی**

لە دەیەمین ساڵۆگەڕی ڕاپەڕینی بزووتنەوەی خوێندکاری ئێران داین. دە ساڵ لەمەو پێش لە کاتژمێرەکانی نیوە شەوی هەژدەی پووشپەڕی ١٣٧٨ ی هەتاوی لە شوێنی نوستنی خوێندکاران لە"ئەمیر ئاباد"ی تاران، خوێندکارانی خەباتکار لە نارەزایەتی دەربڕین دژ بە سیاسەتی سەرکوت، زەبروزەنگ، فریوکاری، سانسۆر و ... کۆماری ئیسلامی بە دانی دروشمی نارەزایەتی بەو دۆخە داسەپاوە، ڕاپەرینێکی مێژوییان دەست پێ کرد. بە تەشەنە کردن و پەرە سەندنی ئەو ئاخێزە خوێندکاریە لە ڕۆژی هەژدەیەم، هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئیسلامی بە دڕندانە ترین شێوە بە هەموو چەشنە کەرەسەیەکی سەرکوت، هێرشیان کردە سەر خوێندکاران. لەو هێرشە دا سێ خوێندکار شەهید، هەزار کەس دەس بەسەر و پتر لە هەزار کەسیش بریندار بوون.

ڕۆژی نۆزدەی پووشپەڕ ڕاپەڕینەکە بەرینتر بووەوە و حفدە شاری تری گرتەبەر. سەرەڕای هاتنە مەیدانی گەورە بەر پرسانی کۆماری ئیسلامی هەر لە خامنەییەوە بگرە هەتا ڕەفسەنجانی، خاتەمی و کێ و کێ بە وتارو وتوویژو پاڕانەوە لە خەڵک و دەربڕینی ڕاشکاوانەی ترسیان لە جەماوەری ڕاپەڕیو، دیمەنەکانی ڕاپەرینی ساڵی ٥٧ زیندوو بوونەوە. بە هێنانی هێلی کۆپتێر و تانک و تۆپ و هەموو هێزو توانای سەرکوتیان، ڕاپەڕین تا ڕۆژی بیست و چواری پووشپەڕ درێژوی بوو. بە هۆی بێ بەرنامەیی، نەبوونی کاناڵێکی ڕاگەیاندن بۆ ناسین و ناساندنی ڕاپەڕین و ئامانجەکانی بە جیهان، زاڵبوونی بەرژەوەندی سەوداگەرانە لە پێوەندی نێو نەتەوەیی، نەبوونی ئاڵتێرناتیڤی گونجاو، ناکارامەیی لایەنی ئوپۆزیسیونی ئێرانی بە گشتی و ئەوانە سەرەکی ترین هۆیەکانی دامرکانی بڵێسەی ئاەری ڕق و قین لە کۆماری ئیسلامی بوو. هەرچەند ئەو ڕاپەڕینە و ئەزموونەکانی ژیلەمۆیەکی بە هێزەو مۆتەکەی شەو و ڕۆژی کۆماری ئیسلامیە.



سەرچاوە
Serchawe

خاڵی جێگای سرنج ئەوەیە کە قوربانی بوونی پتر لە پەنجا کەس، برینداری، گیران، ئەشکەنجەو زیندانی بوونی هەزاران کەس بە دەستی هێزە ئەمنیەتیەکانی دەسەڵاتێک کرا کە سەرۆک کۆمارە لێو بە بزەکەی!! باسی"وتووێژی تەمەدونەکان"و هەروەها پرۆسەی" دوژمن بە رخنەگرو رخنەگر بە دۆستی" دەکرد. مەجلیسی یاسا دانان، وەزارەتی ئیتلاعات، پۆلیس و هێزی ئینتزامی، بەگشتی ماشێن و دام و دەزگای سەرکوت کردن و داپڵۆساندن و ئەوانە بە دەستیانەوە بوو، سەرەڕای هەمووی ئەمانە پەنایان بۆ ساتوور و چەقو و قەمەش برد و بە هێنانە مەیدانی تاقمێکی لومپەن(لیباس شەخسی)کە لەم دە ساڵەدا وەکو نورمێک، کراوەتە باسکێکی بە هێزی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئاست جەماوەری بەرینی ناڕازی و ڕاپەڕیوی ئێران، داهێنەرو دا ڕێژەری شێوازی نوێی سەرکوت کردن بوون. ئەمڕۆ لە دەیەمین ساڵی ئاخێزی بزووتنەوەی خوێندکاری ساڵی ١٣٧٨لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی دژە مروڤی ئیسلامیدا بەرینتر، جەماوەریتر، ناسراوتر، وشیارترو بەهێزتر هاتوونەتەوە مەیدان. ئەگەر ئەوکات"تەوەهومی" ئیسلاحخوازی حکوومەتی و سووکە هیوایەک لە نێو لایەنگەلێک لە بزووتنەوەی خوێندکاری و جەماوەریدا هەبوو. ئەوڕۆکە ئەو لایەنە ڕێفورمیستە بۆ خۆی"غەیرخودی'یە. خراوەتە پەراوێزەوەو هیچی لە دەست نایەت تەنانەت بۆ پاراستنی خۆشی. تازە لە لایەن بڕێک پاوانخوازانەوە، هەڕەشەی گرتنی گەورە بەرپرسانیان و سزا دانیان دەکرێت. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەر ئەو مێشکە تیوری دارێژانەی کە لە کاتی سەرۆک کۆماری باوکی ئیسلاحخوازی حکوومەتی دا بڕیاری کوشتنی بیر جیاوازانیان دەدا، ئێستا فتوای کوشتنی ئەوان دەدەن. لەوانەیە نێزیک بوون و لێک ئالانی ڕاپەڕینی جەماوەری جۆزەردانی ٨٨ و دەیەمین ساڵوگەڕی ڕاپەڕینی بزووتنەوەی خوێندکاری پووشپەڕی ٧٨ ڕێکەوی بێت بەڵام هەلێکی ڕەخساندووە بۆ ئەوەی گەلانی زۆرلێکراوو زوڵم دیتووی ئێران، هێزەکانیان کۆکەنەوە بۆ ئەوەی نە تەنیا مانەوەی بزووتنەوەی خوێندکاری دە ساڵ پێش دووپات ببێتەوەو نە بزووتنەوەی جەماوەری ئاگاترین، وشیارترین و بوێرترین پاڵپشتی خۆی لە شۆڕشی ڕزگاری خوازانەی لە دەست بدات.

باس لە بزووتنەوەو ڕاپەڕینی خوێندکاری ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨ بە بێ چاو خشاندنێکی هەرچەند کورت بە سەر مێژووی ئەو بزووتنەوەیەدا بێشک چاو پۆشینە لە وشیاری، خەبات، خۆڕاگری، لەخۆ بردوویی، گیانبازی، فیداکاری، قارەمانەتی و نەسرەوتنی یەکێک لە لێهاتووترین، ژیرترین و کاریگەرترین بەشی کۆمەڵگای ئێران.

هەر کۆمەڵگایەک هەرچەندە بەستراوو داخراویش بێت، ناتوانێت خۆی لە شەپۆل و کاریگەری گۆڕانکاریەکان لا بدات و خۆی بپارێزێت بە تایبەت لە سەدەی هاوچەرخ و شۆڕشی میدیاو ڕاگەیاندن و پێوەندیەکان. بە پێی هەل و مەرجی گشتی جیهان و ئاڵ و گۆڕەکانی، لە دۆخی جیاوازدا هەر سەردەمەو بە چەشنێک ئەو کارتێکردنانە، کاریگەری تایبەت بە خۆیانیان بووە. بەڵام بە داخەوە بە هۆی خوێندنەوەی نابەجێ، هەڵ نەسەنگاندن بە گوێرەی دۆخی کۆمەڵگای جوراوجورو جیاوازیەکانیان لە بواری کۆمەڵایەتی، مێژوویی، داب و نەرێت، کولتوور و هتد، دەڵەمەو لەرزۆک ماونەتەوە یان وڵامی

پێویستیان نەداوەتەوە بگرە بە پێچەوانەوڵامیان داوەتەوە. لە باتی چەشنێک هاوئاهەنگی و لێک تێگەیشتن و کاریگەری لە سەرخۆ، درێژخایەن و بنەڕەتی، بەرەو شەڕو ململانێ و پێکدادانی "سونەت و مودێڕنیتە" خۆی نواندووە.

**بەم پێیە بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران هەر بە پێی ئەو هەل و مەرجانە، لە سەرەتای پێکهاتنیەوە تا ئێستا چوار قۆناخی جیاوازی تێ پەڕاندووە کە بریتین لە:**

١- یەکەمین رادەربڕینی سازماندراوی خوێندکاری لە سەر داخوازی پیشەیی لە ئێران، لە ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی بە شێوەی مانگرتن لە لایەن خوێندکارانی زانست سەرای عالی رووی داو بە درێژە پێدان و تەشەنە سەندنی بەرەو زانستگەکانی زانکۆی تاران، تا ساڵی ١٣١٦ مارکەی سەرەکی بزووتنەوەی خوێندکاری دامەزرا. سەرەڕای کرچ و کاڵی، ساوایی و کەم ئەزموونی، پیشاندەری بەرز بوونەوەی رادەی وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی خوێندکاران بوو. دوای ئەو مانگرتنە، جم و جووڵێکی ئەو بەرچاو تا تێکشکانی دەسەڵاتی پاشایەتی و هەڵ هاتنی رەزا شا لە ئێران لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی و ئازاد بوونی پەنجاو سێ کەسی ناسراو بە گروپی ئەرانی لە زیندان، چەند کەسێک لەئازاد بووەکان حیزبی توودەی ئێرانیان دامەرزاند. ئەو حیزبە "سازمانی لاوانی حیزبی توودە"ی پێک هێناو لە ژێر چاوەدێری ئەو سازمانەدا، "یەکیەتی خوێندکاری حیزبی توودە" دامەزرا. لە ماوەیەکی کەم خایەندا یەکیەتی خوێندکاری پەل و پۆی دەرهێنا و لە"زانکۆی دەرمان سازی زانستگای تاران" کە شوێنی لە دایک بوونی بوو، پەرەی سەند و بەرین و بەرینتر بووەوە تا رادەیەک کە لە ساڵی ١٣٢٥ واتە ماوەی سێ پاش دامەرزانی، سەرۆکی زانستگای تاران بە باڵوێزی بریتانیا لە ئێران ئەڵێت: لە چوار هەزار خوێندکار کە هەمانە، زۆربەیان لە گەل حیزبی توودە کەوتوون. خەبات و تێکۆشانی هەڵسووڕاوانی خوێندکاری بە بیری نوێەوە تا رادەیەک بوو کە توانی خوێندکاران بە بووچوونی نەتەوەیی و ئایینیش بەرەو لای خۆی راکێشی. هەروەها بڵاوکێکیان بوو کە لە ژێر ناوی"خوێندکار" تا کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ چاپ و بڵاو دەکرایەوە. پاش تێکشکانی بزووتنەوەکانی کوردستان و ئازەربایجان، لە ساڵی ١٣٢٦جم و جووڵێکێ بە هێزتر دەستی دەستی پێکرد. دوای تێرۆری بێ ئاکامی حەمەرەزا شا لە پازدەی رێبەندانی ١٣٢٧ دەورێکی تر لە سەرکوتی بێ بەزەییانەی خوێندکاران دەستی پێکرد. بەڵام خوێندکارانی خەباتکار کۆڵیان نەداو لە ٩ی سەرماوەزی ١٣٢٨ "سازمان موقت دانشجویان کوی دانشگاه"یان دامەزراند. لە رەوتی مانگرتنی چوار مانگەی خوێندکارانی زانستگەی پزیشکی، پێویستی دامەرزاندنی رێکخراوێکی بەربڵاوی خوێندکاری هەست پێکرا. لە ئاکامدا بە بەشداری نوێنەرانی رێکخراوە خوێندکاریەکان، رۆژی ٢٢ی گوڵانی ١٣٢٩ لە زانکۆی تاران کۆ بوونەوەو لە رۆژی ٢٤ی گوڵان واتە لە دووهەمین رۆژو کۆتایی کۆبوونەوەکە، لە رێوڕەسمێکی پڕ شکۆدا،"سازمانی خوێندکارانی زانکۆی تاران" راگەێندرا. لە لووتکەی خەباتی بزووتنەوەی خوێندکاری ئەم دەورەیەدا، رۆژی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢ دە بینین کە شەهید بوونی سێ خوێندکاری خەباتکار بە خوێنی خۆیان مۆرکیان دایە سەر خەباتی یەکگرتووانە هەر

چەند بە بنەما بوچوون و تەنانەت جیهانبینی جیاوازەوە. ئەو ڕێکخراوەیە لە ماوەیەکی کەم دا توانی پەرە بسێنێ و گەشە بکات بەڵام بە چ هۆیەکەوە نەیتوانی درێژ خایەن بێت و تەشەنە بکات؟ بێشک یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانی"یەکیەتی خوێندکاری" سەربەخۆ نەبوونی بوو.ئەو ڕێکخراوەیە پێش ئەوەی کە وەکو کۆڕێکی خوێندکاری بە قاڵب، چوارچێوەو داخوازی پیشەیی تایبەت بە خۆیەوە پێناسە کرابا، هەم لە لایەن دەسەڵاتی سەردەمی خۆیەوەو هەم لە لایەن حیزبەوە وەکو کومیتەیەکی حیزبی دەناسرا. ئەو دیاردەیە لە لایەک دەستی دام و دەزگاو هێزە ئەمنیەتیەکانی بۆ سەرکوتی زۆرتر ئاوەڵا دەهێشتەوە و لە لایەکی ترەوە مەیدانی مانوڕی ئەو یەکیەتیەی بەرتەسکو بەرتەسک تر دەکردەوە. جیا لەوانەو گرینگتر لە هەمووان ئەوە بوو کە ئەو ڕێکخراوەیە نە لە پێناو بەرژەوەندی و قازانجی پیشەیی خوێندکاران و تەنانەت حیزبی، بەڵکۆ لە خزمەت بەرژەوەندی و قازانجی وڵاتێکی تردا بوو. هەر بۆیە توانایی کاریگەری لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان نەبوو، سەرەڕای ئەو هەموو فیداکاری، لە خۆبردوویی، قوربانی دان و ... ناچار کەوت لە بەرانبەر شەپۆلی نوێ دا پاشەکشە بکات.

٢- بە سرنج دان بەو کۆمەڵە رخنەو قسەو باسەی کە لە سەر جەمسەری سوسیالیستی بە سەرۆکایەتی یەکیەتی سۆڤێت هاتبوونە کایەوە، شێوازێکی تر لە خەبات لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئامریکای لاتین هاتە ئاراوەو وەکو شەپۆلێک زۆرێک لە وڵاتانی دا گرد. کۆمەڵگای ئێرانیش یەکێک لەو وڵاتانە بوو و ئاساییشە کە خوێندکاران، بەشێکی هەرە ئاگای ئەو کۆمەڵگایەن. بۆیە لە ژێر کاریگەری ئەو شپۆلە نوێیە، بزووتنەوەی خوێندکاری چووە قۆناخێکی تری خەباتەوە. بۆیە ئەبینین لەم قۆناخەدا بزووتنەوەی خوزیندکاری دەبێتە هۆ یان باشتروایە بڵێین دەبێتە دایکی بزووتنەوەی چەکدارانەی دەیەکانی چل و پەنجا. لەم دەورەیەدا بە چەشنێکی دیارو بەرچاو و لە هەمان کاتدا تایبەت، سەرەڕای جیاوازی ئیدئۆلۆژیکی، بەڵام تێکەڵاوی ئیدئۆلۆژیکیش دە بیندرێت. ڕێکخرای خویندکاری بە جیهانبینی مارکسیستی، سێکۆلار، چەپ و عداڵەتخواز، جیهانبینی ئێلتێقاتی واتە نیوە ئایینی و نیوە سێکۆلار، بۆچوونی ئایینی نەتەوەیی و هەروەها بیرۆکەی ئایینی کۆنە پەرستانەو پاوانخوازانە، تایبەتمەندیەکانی ئەم دەورەیەن. لە ڕاستیدا زانکۆکانی ئێران هەڵگری ئەو تایبەتمەندیە بوون سەرەڕای هەڵبەز دابەز و ئاڵ و گۆڕو ڕێژەی کەمی و کەیفی ئەو لایەنە فیکریانەی کە بە هەڵس وکەوتی تایبەت بە خۆیانەوە لە گۆڕپانی بزووتنەوەی خوێندکاریدا حووزووریان هەبوو. تێکەڵاوی خەباتی خوێندکاری و بزووتنەوەی گشتی و جەماوەری، هەلی بۆ راپەڕینی ساڵەکانی ١٣٥٦و١٣٥٧ ڕەخساند. بەڵام لەم دەورەیەشدا بەهۆی بێ بەرنامەیی، شپرزەیی و خوش باوەڕیی هەم ڕێکخراوە خوێندکاریەکان کە بە داخەوە بە لایەنە حیزبیەکانەوە دەناسرانەوەو ئیزنی سەربەخۆ بوونیان پێ نەدەدرا، هەم لایەنە حیزبیەکان بەو شێوە خەباتەوە دەستی خۆیانیان بەستبۆ وە، ئەم هەلەشیان لە دەست دەر چوو.

٣- پاش رووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئاکامی راپەرینی جەماوەری لە ساڵەکانی ٥٦ و ٥٧ی، بەو هۆیانەوە کە پێشتر ئاماژەیان پێ کرا، کۆمەڵێک سواری هەستی ئازادیخوازانەو شۆڕشگێڕانەی جەماوەری بوون. زانکۆکان لە سەرانسەری ئێران کرابوونە مەیدانی قسەو باس و لێکدانەوەی رووداوەکان. نە تەنیا خوێندکاران بەڵکۆ چین و توێژە جیاوازەکان، بۆ تێ گەیشتن و تێ گەیاندن روویان تێ کردبوو. هەرچی ئەهات، ورەو زانیاری وشیاری کۆمەڵگا بەرزو بەرزتر ئەبووە تا رادەیەک کە تازە بە دەسەڵات گەیشتووان هەستیان بە مەترسی یەکی گەورە کرد. لەم قۆناخە دا تا داخرانی زانکۆکان تا رادەیەکی زۆر هێشتا بیر کردنەوە بیرکردنەوەیەکی سێکۆڵارو چەپ بوو. هەرکە زانکۆکان دوای ماوەیەک داخران، کرانەوە، بیرکردنەوەیەکی دوگم و داخراوو بەرتەسک بە سەر عیلم و زانست لە ئێراندا قورسایی دەکرد. یەکێک لە یەکەم هەنگاوەکان کە کۆماری ئیسلامی هەڵی گرت، دژایەتی لە گەڵ زانست و زانین بوو. لە لایەک بڕوایان بە زانایی نەبوو لە لایەکیش وەکو مەترسی یەک چاویان لێ دەکرد. ئەوەبوو کە پەلە هێزەکانی خۆیانیان بۆ بەربەست کردن و داپۆشینی هەڵسووڕانی خەباتکاران کێشایە نێو زانکۆکان، بەڵام یەم پیلانەش کاریگەر نەبوو. دەستیان دایە فریوێکی ترو ئەویش کەڵک وەر گرتن لە هەستی دژە ئامریکای ئەو قۆناخە بوو کە بە هێرش کردنە سەرو داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە دەریان بڕی. ئەم تیرەی کۆماری ئیسلامیش بەردی پێکا. رژیم بە هیچ پیلان و پیلانگێڕیەک، نەیتوانی بە سەر بزووتنەوەی رەواو مافخوازانەی خوێندکاری ئێراندا زاڵ بێت، ئەمجار فەرمانی داخرانی زانکۆکان دەر کرا. پاش داخرانی و بەستنی زانکۆکان هێرشیان کردە سەر دام و دەزگا ئیداریەکان و بە لێشاوی فەرمانبەران و بە تایبەت مامۆستایانیان هەر لە قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە تا زانکۆکان لە سەر کار لابرد یان خانەنشین کرد. مەبەستیان لەم کارە، لە سەرکار لابردنی بە قەولی خۆیان"غەیر خودیەکان" و بەرە بەرە دانانی"خودیەکان" و یەکدەست کردنەوەی سیستەمی دەسەڵاتی ولایەتی فەقی بوو. هیوایان وەها بوو کە چیتر لەمە بەدواوە لە ژێر یاسای خۆیان جیلێک بار دێنن چاو و گوێ بەستراوو گوێ لە مست لە پێناو جێبە جێ کردنی فەرمانەکانی ئیسلام و رێبەردا. بەو بۆ چوونەوە پاش کرانەوەی دیسانەوەی زانکۆکان، تەنیا ئێزنیان بە کەسانێک دا بچنە زانستگەکان کە بەرپرسان و ئورگانگالێکی تایبەت دەست نیشانیان کردبایە. هەر بەم پێیە، زۆرێک لە خوازیارانی خوێندنی باڵا لە خوێندن بێبەش کران. بەڵام هێندەی نەخایاند بە خەبات، هەڵسووڕان و چالاکی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران، بە هێزێکی بەرین نە تەنیا بە پانتایی ئێران کە بە پانتایی جیهان، ئەو خەونانەی کۆماری ئیسلامیی بە پێچەوانەی خواستی ئەوان وەرگێڕایەوە.

٤- ئەم قۆناخە لە مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران قۆناخێکی هەستیارو گرینگە. سەرەڕای سەرمایە تەرخانکردنێکی زۆر لە لایەن دەسەڵاتەوە ئەڵبەت نە لە پێناو پەرەپێدان و گەشەی زانستی بەڵکۆ لەبەر شۆردنەوەی مێشک و بارهێنانی مێشکێک کە مەبەستی خۆیان بوو، بایان کێڵا بوو و هیچکات لایان وا نەبوو کە ناچارن دروێنەی گێژەبا بکەن. بە لە پێش گرتنی سیاسەتێکی هەڵە هەرچەند باشتر وایە بڵێین بێ سیاسەتی، کەوتنە دژایەتی لە گەڵ ئەوەی



سەرچاوە
Serchawe

**بە بۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد**

ناوی مروڤ و بایەخەکانی مروڤانەیە. شۆڕشی تێکنۆلۆژی و پێنانە ناو دونیای دیجیتاڵ یان بە واتایەکی تر جیهانی سیفرو یەک، بێمانا بوونی ئەو شتانەی چەندین سەدەیە وەکۆ بایەخ، بە هەر مەبەستێک یان بە مەبەستی تایبەت بەسەر مروڤ دا دایان سەپاندووە دەرخست و جیهانی دەوروبەرو ئاڵ و گۆڕە خێراکانی و هەروەها هاتنە ئارای کۆمەڵێک بایەخی راستەقینەو جێگای پەسەندی هەمووان سەلمێندرا. ئەم قۆناخە نە قۆناخی ئارمانگەرایی ئیدەئالیستی و خەیاڵ پەردازانەو دوورنەمایەکی ئۆتوپیایی و بەڵێنی فێردەوسی بەرین بەڵکۆ زاڵ بوونی پێوەندی گونجاوی دیاردەکانە. بە هەرەس هێنانی یەک لە دوای یەکی روانگەی تۆخی ئیدئۆلۆژی، چیتر کەس ناتوانێت لە روانگەی چاویلکەی کۆنی رەش و سپیەوە چاو لە رەوتی رووداوەکان بکات. ئەورۆ عقڵانیەتی لەمپەر شکێن بە کەڵک وەرگرتن لە هەر روانگەیەکی گونجاو خەریکی بینینی رەنگەکانە. لەوانەیە بڕێک هەست بەو ئاڵ و گۆڕانە نەکەن، بەڵام ئاوڕ دانەوەیەک نە بەرەو مێژوویەکی دوور و درێژ کە تەنیا بۆ ئەم چەندساڵەی دواییەی دەوروبەری خۆمان، ئەو پەیامەمان بە راشکاوی پێشکەش ئەکات. لە راپەڕینی خوێندکاری ٧٨ یەکێک لەو پەیامانە درا، کاتێک جەنابی خومەینی لە سەروبەندی راپەڕینی ٥٧ لە وتەیەکدا وتی: باوکانی ئێمە لە رابردوودا هەڵەیان کردووە، خوێندکاران وتیان ئێوەش باوکی ئێمەن و هی رابردوون، چۆنە ئێوە مافی دەر بڕینی نارەزایەتی بۆ خۆیان بە رەوا ئەزانن بەڵام بۆ ئێمە نارەوایە؟ لەو راپەرینەدا ئەو خاڵەی پوزیتیڤ و مایەی ئومێدە، هەروەها کە پێشتریش باسمان کرد، سەرەڕای ئەو هەموو ئیمکانەی بۆ شوردنی مێشکی لاوانمان کەڵکیان لێ وەر گرت، ئەو هێزە میلیونیەی پێک هێنا کە ئێستا لە شەقام و شاردا تەنگیان بە رێژیم هەڵچنیوە. ئەو شەپۆلی وشیاری گشتیە، تەوژمێکی جیهانیە و تەنیا دوو رێگای داناوە یان دەبێت لە گەڵی بکەویت و هاو ئاهەنگی بیت یان ئەتهاڕێت و دەتخاتە پەراوێزەوە. بۆ هەڵبژاردنی هەرکام لەو دوو پێشنیارە خۆت سەر پشکی.

١٧ - ٤ - ١٣٨٨

# ڕەچەڵەکناسیی بزاڤی خوێندکاریی کوردی

**مەسعوود بینەندە**

ڕەچەڵەکی خوێندکار لە دێڕی «بزاڤی خوێندکاریی کوردی»دا چییە و ناسکاری خوێندکار هەڵگری کام ئاڕاستەی ئایدۆلۆژیکە؟ دیالێکتیکی بوونی بزاڤی خوێندکاریی کوردی لە پێوەندییەکی نابەرابەر و یەکلایەنەدا تووشی گرفت ئەبێت. بزاڤی خوێندکاریی کوردی بە چ واتایەک رادیکاڵەو ئەم رادیکاڵیزمە چۆن دەتوانێ پێشکەوتوو یان پارێزگارخواز بێت. ئیستراتژی گشتی و تایبەتی بزاڤی خوێندکاریی کوردی چییە و هەروەها دەرکەوتەو کاریگەرییەکانی ئەم بزاڤە کامانەیە؟ کارگێڕانی بزاڤی خوێندکاری ئەو کەسانەن کە لە رێگای ئەزموونی خوێندکارییەوە بە ئەزموونی سیاسی گەیشتوون و بەم پێیە زۆربەی ئەزموونە سیاسیەکانی خوێندکاران لە دەرەوەی بازنەی ئەزموونی خوێندکاریدان. گوتار و تیوری بزاڤی خوێندکاریی کوردی چیە و چ ئیستراتژێک لە چوارچێوەی ئەم گوتارانەدا سەرهەڵدێنێ ؟ سەرقافڵەبوون و نوێنەرایەتیکردن لە بزاڤە کۆمەڵایەتییە نوێکاندا چۆنە و ئەم بابەتە لە چوارچێوەی بزاڤی خوێندکاریی کوردیدا چۆن هەڵدەسەنگێندرێ؟

**A**

بزاڤی خوێندکاریی کوردی خۆی لە خۆیدا چەمکێکی پارادۆکسیاڵە و هەڵگری دژوازەیەکی شاردراوەیە. لەم دیرەدا لە بزاڤەوە دەس پێدەکەین و بە کورد دەگەین واتە لە دیاردەی بزاڤەوە کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە دەس پێدەکەین و دەگەین بە شوناسێکی ئەتنیکی و ناسنامەیەکی نەتەوەیی دیاریکراو.ئەم بڕیارە بەو واتایە کە سەرەڕای گرێدراوی ئەم دوو چەمکە خوێندکار تەنیا لە بازنەیەکی یەکلایەنەدا نامێنێتەوە. بە حوکمی پێکهاتەی دێڕەکە خوێندکار وەکوو بکەر یان سووژە دەرناکەوێ ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئاراستەی ئایدۆلۆژیکی دێڕەکە لە پێناوی بەرزاندن و گشتاندن و بە مەبەست گەیاندنی خوێندکاردایە. گوتاری زاراوەساز لە پێکهێنانی ئەم دێڕەدا ئەوەندە سەرکەوتوو نەبووە و ئامانج و ئارمانی گوتارەکەی هەر لە سەرەتاوە ئاشکرا کردووە. لێرەدا پێکهاتەی دێڕەکە پێمان دەڵێ خوێندکار تەنیا دوو وشەی بزاڤ و کورد پێکەوە گرێ ئەدات و لە راستیدا لەوە زیاتر ئەرکێکی پێ ناسپێردرێ. خوێندکار تەنیا لە واتای گرێدەری دوو چەمک یان دوو لایەنی عەینیدا دێتە ئاراوە و لەوە زیاتر دەنگێکی پێ هەڵنابڕێ. کەوایە دەبێ لە کردەوەشدا خوێندکار ئەرکی گوتاریی دابینکراوی خۆی بەڕێوە ببات واتە پێوەندیدانی بزاڤ بە کوردەوە یان لە ڕوویەکی راستتردا خوڵقاندنی بزاڤی نیشتمانپەروەرانەی کوردی.



سەرچاوە
Serchawe

**B**

تەواوی بزاڤە خوێندکاریەکان، خوێندکار بە سووژەیەکی رزگاریدەر دادەنێن. واتە خوێندکار ئەو بکەرە مێژووییەیە کە بە پێی ئاگایی و هوشیاری ئاوانگاردی خۆی کردەوەیەکی رادیکاڵ دەردەبڕێ و لە گۆڕاندنی دۆخی داسەپاو و بەستوودا دەوری سەرەکی دەگێڕێ. لەم سۆنگەوە خوێندکار بەدیهێنەری بزاڤە و تەواوی سنووره رەگەزییەکان دەبەزێنێ. ناسکاری خوێندکار بکەرێکی مێژووییە کە تەنگەبەرییە پێکهاتەییەکان دەناسێ و بنەماشکێنییان دەکات.

بەڵام لە فورمووڵی «بزاڤی خوێندکاریی کوردی»یدا خوێندکار دەوری بکەر و ناسکاری ئەکتیڤی لێ داماڵراوە و تەنیا لە حاڵەتێکی هێمایی و رەمزیدا خاوەنی ئەو رۆڵەیە.

بزاڤ سەرەتایە و ئەم سەرەتایەش لە پێناوی ورووژاندنی هەستی نەتەوایەتی مرۆڤانێکدا دێتە هەبوون. شوناسی خوێندکار بەرهەمی ناخودئاگایەکی کۆمەڵیە و بێئەملاولا لە ڕێگای پەرەپێدان و بەئەنجامگەیاندنی خواستی ئەو شوناسە هەڵدەسووڕێ. خوێندکار تەنیا ئەو جەستەیە کە رۆحی نەتەوە (nation) لەوێدا دێتە نواندن و ئەرکی مێژوویی خۆی لە هەڵگیرسانی بزاڤ یان (( شەڕ/خەبات ))یکدا بۆ سەروەری نەتەوە بەڕێوە ئەبات. هێگل بەرزترین ئاستی بەئەنجامگەیشتنی رۆحی جیهانی «گایست» لە دەوڵەتدا دۆزیەوە و ئەویش دەوڵەتی ئەو کاتی پرووس، ئێمەش لایەنگران و دووپاتکەرەوانی زاراوەی «بزاڤی خوێندکاریی کوردی» سەرهەڵدانی ئەم رۆحە لە جەستەی کورددا دەبینین؛ ئەویش بزاڤی کوردی و زۆر ئەولاتر بڕۆین: بزاڤی (خوێندکاریی) کوردی.

**C**

«بزاڤی خوێندکاریی کوردی » کە قەبارەی هەنووکەییدا خاوەنی رەوتێکی دیالێکتیکی نیە. خوێندکار خۆی لە خۆیدا پێوەندی بە گشتێکی دیالێکتیکیەوە هەیە بەڵام لە نێوان سەرو ژێرێکی ئاوەهادا میکانیزمی دیالێکتیکی لێ بزر دەبێت. سووژەی خوێندکار لە هەمبەر ئۆبژە جیاوازەکاندا ئەوەستێتەوە و مشتومڕ و ململانێی بەردەوامیان لە گەڵ ئەکات. ئەو ئۆبژانە هەم ئۆبژەی زەینی دەگرێتەوە(گوتار) و هەمیش ئەو ئۆبژە عەینیانە (پێکهاتە) کە بە حوکمی گوتارێک داچەقیون و پێوەندی نابەرابەریان خوڵقاندوە. سووژەی خوێندکار لە دژایەتی (conflict) ناسکاری خوێندکار لە هەمبەر دەوروبەری لە شێوازێکی پێناسەکراو و ڕێکداردا بە قۆناغێکی ریفورمخوازانەدا تێدەپەڕێت و بە چاکەسازی، گشتێتی (totality) دەگۆڕێت.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام ئەم دژایەتییە لە کاتی گۆڕاندن بە شێوازی (contradiction) قۆناغێکی شۆڕشگێڕانە دادەهێنێ کە لەوێدا گشتێتی لە ریڤۆلوشندا تووشی گۆڕانی بنەڕەتی ئەبێت. لە هەر دوو حاڵەتی ریفورم و ریڤۆلوشندا گشتێتی لە پرۆسەیەکی دیالێکتیکیدا و بە پێی خەباتێکی دیالێکتیکی دەگۆڕدرێت. بەڵام لە وێژراوی «بزاڤی خوێندکاریی کوردی» خوێندکار دەوری سووژەی لێ وەردەگیرێت و تەنیا وەکوو هەڵگر و کۆڵبەری پێکهاتەو گوتار دەور دەبینێ. لێرەدا پێوەندی لە شێوازێکی دیالێکتیکی دوو جەمسەری و چەندجەمسەریەوە دەگۆڕدرێ بۆ شێوازێکی نادیالێکتیکی تاک جەمسەری کە لەوێدا پێکهاتە یان گوتار باڵادەستە.

D

رادیکاڵیزم؛ بە واقیعکردنی ئاگایی؛ ئەمە واتای سەرەکی رادیکاڵیزمە. هەر بزاڤێک لە هەناوی خۆیدا چەشنێک رادیکاڵیزمی هەڵگرتووە و ئەمە بەو واتایە کە تەنانەت بزاڤی پاشڤەڕۆخوازانە کە ویستی لەمپەردانان و ڕێگرتن لە گۆڕانکاری و پێشڤەچوونە، خۆی لە خۆیدا رادیکاڵە؛ لە بەر ئەوەی کە دەیهەوێ ئاگایی گیرساو و فەناتێکی خۆی بکا بە واقیع واتە بەربەست بۆ پێشکەوتن دروست بکات. بەڵام ئەمە واتایەکی گشتی رادیکاڵیزمە و واتا تایبەتیەکی ئەو رەهەندە روون ئەکاتەوە کە سیستەمی داسەپاو و هەبووندار هەڵوەشێتەوە و وەلابنرێت. هەڕەشەی هەڵتەکانەوەی دۆخی سەپێندراو واتای تایبەتی رادیکاڵیزم پێناسە ئەکات. لێرەدایە کە هەر بزاڤێک بە واتای تایبەتی ناتوانێ رادیکاڵ بێت. کەوایە رادیکاڵیزم دوو رەهەندی گشتی و تایبەتی بە خۆوە ئەگرێت؛ یەکەم بە واقیعکردنی ئاگایی و دووهەم نەلێکردنی دۆخ و ڕێکداری سەپێندراو.

لایەنی یەکەم لایەنێکی هیگێلیە کە دواتر لە بەرهەمەکانی مارکۆزەدا رەنگ ئەداتەوە بەڵام لایەنی دووهەم سەرەڕای ئەوەی کە پێوەندیەکی بە میتۆدی دیالێکتیکی هیگێلیەوە هەیە، بە تەواوی میتودێکی مارکسیستیە. جیاوازی ئەم دوو لایەنە دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ئایدیالیستی بوون یان ماتریالیستی بوونی میتودەکان. لایەنی یەکەم زەین واتە سووژە دەکاتە پێگەی رەخنە و نەلێکردنی ئۆبژە واتە جیهانی واقیع. بەڵام لایەنی دووهەم دژوازی و ناتەباییەکانی جیهانی عەین بە سەرچاوکە و ئاخێزگەی رەخنە و نەلێکردن دادەنێت. لە گوتاری مارکسیستیدا هێزی بەرهەمهێنان و پێوەندیەکانی بەرهەمهێنان لە دژایەتییەکەی بەردەوامدان و ئەم دژایەتییە لە ئاستی دژوازیدا(تناقچ ) دەبێتە هۆی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە چەشنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کەوایە ئاگایی رەخنەگرانەی ئێمە ئاکامی ئەو دژوازیەیە لە نێوان هێز و پێوەندی بەرهەمهێناندا. ئاگایی بەرهەمی دژوازییەکانی جیهانی واقیعە و دواتر ئەم ئاگاییە هەوڵ بۆ بەواقیعکردنی خۆی ئەدات واتە نەلێکردنی پێوەندیەکانی داسەپاوی جیهانی واقیع بە پێی ئاگایی بەرهەمهاتوو لە دژوازیەکانی ئەو جیهانە.



سەرچاوە
Serchawe

E

«بزاڤی خوێندکاریی کوردی » بە پێی واتای گشتی رادیکاڵیزم دەتوانێ رادیکاڵ بێت، بەڵام بە پێی واتای تایبەت جێگای باس و تێڕوانینە، بزاڤی خوێندکاریی کوردی بەرهەمی دوو دژایەتی سەرەکیە؛

**یەکەم دژایەتی نێوان کۆمەڵگا و دەسەڵات،**
**دووهەم دژایەتی نەتەوەیی و ئەتنیکی.**

سەرەکیترین هۆکاری بەدیهاتنی بزاڤە خوێندکاریەکان، دژایەتی و ناکۆکی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگایە، بەڵام کێشەی نێوان کۆمەڵگا و دەسەڵات لە شوێن/کاتی جیاوازدا شێوازی جیاواز بەخۆ دەگرێت. لە سیستەمێکدا کە هەڵاواردنی ئابووری سەرەکیترین کێشەیە، بزاڤی خوێندکاری ئاراستەیەکی چینایەتی بە خۆوە دەگرێت و لەوێدا جەخت لە سەر خەباتی چینایەتی دەکرێت. بەڵام لە سیستەمێکدا کە هەڵاواردنی ئەتنیکی بەرچاوتر و بەهێزترە، بزاڤی خوێندکاری دەبێتە هەڵگری داخوازی ئەتنیکی و نابەرابەری قەومی بەرجەستە ئەکاتەوە، لێرەدایە کە پاشگری کوردی، تورکی، فارسی یان فەرەنسی بۆ بزاڤی خوێندکاری دێتە ئاراوە.

بزاڤی خوێندکاری وەکوو هەڵگری کێشەی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگا، بە تەواوەتی رادیکاڵە بەڵام وەکوو هەڵگری کێشەی ئەتنیکی تا قۆناغێکی دیاریکراو (پلەی دووهەم) دەتوانێ رادیکاڵ بێت. دوای تاوتۆی بوونی کێشەی ئەتنیکی مەترسی کەوتنە داوی پارێزگارخوازی و پشتیوانیکردنی دەسەڵات بۆ ئەو بزاڤە لە ئارادایە. ئالێرەدایە کە ئاستێکیتر بۆ پێناسەی رادیکاڵیزم دێتە کایەوە کە درێژەی دوو قۆناغی یەکەمە.

F

دوایین ئاستی پێناسەی رادیکاڵیزم دەبێتە رەخنەی مەنفی (نیگەتیڤ) لە دۆخ و رێکداری سەپێندراو. بزاڤی خوێندکاری لەم ئاستەدا سەرەڕای ئەوەی هەوڵ بۆ بەواقیعکردنی ئاگایی خۆی و لابردنی دۆخی داسەپاو ئەدات، هیچ ئەڵترناتیڤێک دیاری ناکات و بەو پێیە ناکەوێتە داوی بەرژەوەندی هیچ لایەن و دەسەڵاتێکەوە. لەم ئاستەدایە کە پێوانەیەکی کۆنکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی رادیکاڵبوون یان نارادیکاڵبوونی بزاڤی خوێندکاری دێتە کایەوە. رەخنەی پۆزەتیڤ هەرچەندە دۆخی سەپێندراو رەت ئەکاتەوە بەڵام دەکەوێتە داوی دۆخی ئەڵترناتیو، بەڵام رەخنەی نیگەتیڤ لە چوارچێوەی هیچ دۆخێکدا ناوەستێتەوە و لە هیچ رێکداری و سیستەمێکدا تووشی پارستەبوون(انقیاد) و گیرساوی نابێت، بەم پێیە سێهەم ئاستی

رادیکاڵیزم رەخنەی نیگەتیڤە کە لە ئەقڵی نیگەتیڤەوە سەرچاوە دەگرێت. بزاڤی خوێندکاریی کوردی تا ئەو ئاستەی کە دۆخی سەپێندراو رەت ئەکاتەوە رادیکاڵە بەڵام کاتێک بە شێوەیەکی ئەرێیانە دەکەوێتە داوی ئەڵترناتیوێکەوە، لەوێدا وزەی رادیکاڵیستی خۆی لە دەست ئەدات و دەبێت بە بەشێک لە پێکهاتەی سەپێندراو. بەهێزترین مۆتۆری هەڵسووڕێنەری بزاڤی خوێندکاریی کێشە و دژایەتی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگایە. لە شوێن/کات ێکی تایبەتدا ئەم هاندەرە بەهێزە فۆرمێکی تایبەت واتە کێشە و دژایەتی ئەتنیکی بە خۆوە دەگرێت و دەبێتە » بزاڤی خوێندکاریی کوردی ». بزاڤی خوێندکاری کوردی تا سەردەمێک کە تین و توانای خۆی لەم دژایەتییەوە دەگرێت رادیکاڵ و پێشڤەڕۆخوازە بەڵام کاتێک پێوەندی خۆی بەم دژایەتییەوە دەپچڕێنێ فۆرمێکی گیرساو و پارێزگارخواز دەگرێتە خۆ.

G

بزاڤی خوێندکاری (رەخنەی نیگەتیڤ) <-- بزاڤی خوێندکاریی کوردی (رەخنەی نیگەتیڤ و پۆزەتیڤ)

بزاڤی خوێنکاری:

بزاڤی خوێندکاریی رادیکاڵ (رەخنەی نیگەتیڤ)

بزاڤی خوێندکاریی کۆنسرڤاتیڤ (رەخنەی پۆزەتیڤ)

H

رادیکاڵبوونی بزاڤی خوێندکاریی کوردی بە پێی هەڵسووڕان و هەڵوێستگرتنی لە هەمبەر دۆخی سەپێندراودا دیاری ئەکرێت. ئەگەر بزاڤی خوێندکاریی کوردی لە سەرچاوەی خۆی کە دژایەتی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگایە داببڕێ و دواتر لە گەڵ دەسەڵاتی ئەڵترناتیودا بە تەواوی رێک بکەوێ، دیارە کە رەخنەکەی رەخنەیەکی پۆزەتیڤ و ئەرێیانە بووە و بڕست و توانای نەلێکردنی نیگەتیڤی نەماوە. ئالێرەدایە کە دژوازیە سەرەکییەکانی بزاڤی خوێندکاریی کوردی کە پێشتر لە A و B و C دا ئاماژەی پێدرا دەردەکەوێ و دەبێتە هۆی لاوازبوونی. وەکوو نمونە دەتوانین بە بزاڤە خوێندکاریەکانی باشووری کوردستان ئاماژە بدەین کە بە هۆی دابڕانیان لە کێشەی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگا تووشی ئیستحالە و دابەزاندن هاتن و وزە و هێزی رەخنە و چاکەسازییان لێ وەرگیرا.

بە پێی ئەم مودێلە بزاڤی خوێندکاریی کوردی پاشکۆی بزاڤێکی سەرەکیترە (بزاڤی خوێندکاری) و دواتر بە پێی میتودی رەخنەگرتنی ئاکامی رادیکاڵبوون یان کونسرڤاتیسمی بۆ دیاری ئەکرێت.

I

لۆژیکی سەرەکی بزاڤی خوێندکاریی بەرگری لە هەمبەر دەسەڵاتدایە، ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی شەبەکەییە کە خاوەنی یەک شێواز و یەک ئاراستە نیە بەڵکوو وەکوو تۆڕێکی فەزایی لە هەموو شوێنێکدا درێژ کراوەتەوە و دزەی کردوە. دەسەڵات شەبەکەیەکی بێ سنوورە بەڵام لە کاتی دەرکەوتن و بە ئەنجام گەیشتندا لە خاڵێکی دیاریکراو و سنووردا‌ردا خۆی ئەنوێنێ. کەوایە بەرگری لە هەمبەر دەسەڵات لە قەوارەی بێ فورم و بێ سنووردا، بەرگریەکی بێ فورم و بێ ئاقاری پێویستە. واتە ئەم بەرگرییە دەبێت هەر لە ژیانی هەررۆژەوە تا وەکوو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بگرێتەوە و تەنانەت خۆی لە لایەنی هەرە تاکەکەسی و هەروەها لایەنە قودسیەکانی مروڤ بئاڵێنێ.

لێرەدا بەرگری پێویستی بە ئیستراتژیەکی تایبەت، ڕێکخراو و دیسیپلیندار نیە بەڵکوو مرۆڤ دەتوانێ بە پێی هەست و ناسینی خۆی دژکردەوەیەک لە بەرانبەر کردەوەی داسەپێنراوی دەسەڵاتدا ببینێتەوە. بەڵام دەرکەوتەی دەسەڵات لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و بە کاپاسیتی و فۆرمێکی تایبەتەوە سەرهەڵئەدات، لێرەدایە کە بەرگری شێوازی تایبەتی، دیاریکراو، سنووردار و ئیستراتژێکی بەرهەستی پێویستە و دەبێت چەشنێکی تایبەتی بەرگری بە میکانیزمێکی تایبەتەوە دەسنیشان بکرێت. بزاڤی خوێندکاری خۆی بکەرێکی دیاریکراوە و پێویستە ئیستراتژیەکی بەرگرانەی دیاریکراوی لە هەمبەر دەسەڵاتدا هەبێت. ئیستراتژی بەرگرانەی بزاڤی خوێندکاری چیە؟ بەشێک لەم ئیستراتژیە خۆی لە ڕەوتی ڕەخنەی نیگەتیڤدا دەبینێتەوە کە لە لۆژیک و ئەقڵی نیگەتیڤ سەرچاوە ئەگرێت.

بەڵام بەشێک لەم لۆژیکە لە میکانیزمی خودی دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت. ((لە هەر شوێنێکدا دەسەڵات هەبێت، بەرگری هەیە)). کەوایە بەرگری وەکوو ئیستراتژێکی گشتی بزاڤی خوێندکاری هەڵقووڵاوی لۆژیکی خودی دەسەڵاتە. ئەم ئیستراتژە خۆی بە دەسەڵاتەوە ئاڵاوە و ناتوانێ لافی دەربازبوون لە دەسەڵات یان دابڕانی تەواو لە دەسەڵات بە واتای گشتی لێبدات. تەنیا دەسەڵات دەتوانێ بەرەنگاری دەسەڵات بوەستێتەوە و هیچ هێزێکی بەرگری نیە کە لە سەر خاڵی داماڵراو و داتاشراو لە دەسەڵات خۆی بگرێتەوە. (واتای گشتیی دەسەڵات)

J

ئیستراتژی تایبەتی بزاڤی خوێندکاری لە چوارچێوەی گوتارێکی دیاریکراودا، سیستەمی دەلالی خۆی بەرهەم دێنێ. واتە

لەم ئیستراتژەدا هەوڵ دەدرێ دالێک هەرچەند بە شێوەی ڕێژەیی و مێژوویی جێگیر بکرێت. سەقامگرتووکردنی دالێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی ئیستراتژیەکی تایبەتدا، پێناسەیەکی تایبەت لە دەسەڵات، چەشنی ڕووبەڕووبوونەوە، ئامانجەکان و هەروەها ویست و خواستەکان دێنێتە ئاراوە. بزاڤی خوێندکاری لە ئیستراتژی تایبەتی خۆیدا سنووردارکردنی خۆی لە هەمبەر دەسەڵات و لایەنەکانیتردا دێنێتە بەرهەم. لەم سنووردارکردنەدا هەوڵێک بۆ پێکهێنانی شوناس یان پاراستنی شوناس دەدرێت. هەروەها لە چوارچێوەی ئیستراتژی تایبەتی بزاڤی خوێندکاریدا هەوڵ بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، ڕێگەخۆشکردن بۆ بەشداری لە دەسەڵات و هەروەها پاراستنی ئازادی ڕادەربڕین و هەڵس وکەوتکردن لە بەرچاو دەگیرێت. بزاڤی خوێندکاریی کوردی بێ گومان خاوەنی ئیستراتژی گشتی و تایبەتیە بەڵام لە هەر دوو ئیستراتژەکەدا شێوازێکی تایبەتی هەڵبژاردووە کە جیاوازی لە ئیستراتژیەکانیتر دەردەکەوێ. لێرەدا ئیستراتژی گشتی لە پێناوی ئیستراتژی تایبەت دایە واتە بزاڤی خوێندکاریی کوردی ئەوەندە تاکلایەنە بۆ دەسەڵات ئەڕوانێ کە ناتوانێ وەکوو تۆڕێکی بێ سنوور چاوی لێبکات و ئیستراتژیەکی گشتی بێ فورم و بێ سنوور لە هەمبەریدا پێکبهێنێ. بزاڤی خوێندکاریی کوردی دەسەڵات لە خاڵێکی دیاریکراودا لە شێوازی بە ئەنجام گەیشتوو و هەڵهاتوو دەبینێ هەر بۆیە تەواوی واتای دەسەڵات لە قەبارەیەکی کورتدا تەسک ئەکاتەوە و پلانی ئیستراتژێکی بەم پێیە تەسککراو و بەرکورت ئەکاتەوە. لێرەدا ئیستراتژی گشتی دەبێتە قوربانی ئیستراتژیەکی تایبەت کە ئەو ئیستراتژەش ئەوەندە لاواز و یەک لایەنەیە کە ناتوانێ پرۆژەیەکی بەرگرانەی بەهێز لە هەمبەر دەسەڵاتدا ساز بکات. نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان ئیستراتژی گشتی و تایبەتیدا وای کردوە کە بزاڤی خوێندکاریی کوردی زۆرتر لە چوارچێوەی هوتاڤ و لافلێدانێکدا بمێنێتەوەو پتر لە کردەوە لە شێوازی نووسراوە و بابەتی زەینیدا بێتە ئاراوە. ئەوەندە کە قسە لە بزاڤی خوێندکاریی کوردی کراوە، کردار و دەرکەوتە و کاریگەری ئەم بزاڤە نەبینراوە، ئەوەندە کە کەسانێک خۆیان بە پێشەنگی ئەم بزاڤە ناساندووە خودی ئەم بزاڤە پێشەنگی خۆی نەخۆلقاندووە و هەروەها ئەوەندە کە جووڵانەوەو بزاڤیتر بە بزاڤی خوێندکاریی کوردی ناسێنراوە خودی ئەم بزاڤە ڕاستەوخۆ و سەربەخۆ لە بزاڤەکانیتر شوناس و هەبوونی خۆی ئاشکرا نەکردووە.

K

بزاڤی خوێندکاریی کوردی خاوەنی شوناسێکی لەپێشە، واتە ئەم شوناسە تەنیا ئاکامی ژیانی خوێندکاری و ئەزموونی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ پێکهاتەی بیروکراتیک و هەروەها دەسەڵاتی نادیموکراتیک نیە بەڵکوو ئەم شوناسە پێشتر لە جەستەی نەتەوەدا خۆی بینیوەتەوە کە دواتر لە چوارچێوەی ژیانی خوێندکاریدا ئاشکرا دەبێت. کەوایە بزاڤی خوێندکاریی کوردی نەیتوانیوە بەرهەمی ئەزموونی ژیانی خوێندکاری و ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات بێت، هەر بۆیە بەردەوام لە ژێر هێژمۆنی گوتاری بەرهەمهێنەریدا چکۆلە کراوەتەوە و گۆڕەپانی ململانێی بە جێهێشتووە. هۆکارە بەدیهێنەرەکانی بزاڤی

خوێندکاری کوردی داهاتوو و ڕەوتی دواتری ئەو بزاڤە دیاری دەکەن لێرەدایە کە بەرژەوەندییەکانی بزاڤی خوێندکاریی کوردی لە واقیعی خۆی دادەماڵرێ و بە بەرژەوەندیەکی دیاریکراو لە دەرەوەی بازنەی ئەزموونی خۆیەوە پەیوەست دەبێت. ((کێشەی ئێمە جیاوازە))؛ ئەمە تەنیا رستەیەک نیە بۆ خۆ دەربازکردن لە هەمبەر دەسەڵاتی بیروکراتیک و نادیموکراتیکدا بەڵکوو نیشانەیەکی سەرەکیە بۆ ئەوەی کە شوناسی بزاڤی خوێندکاریی کوردی بەرهەمی واقیعی ژیانی خوێندکاری نیە بەڵکوو بەرهەمی دۆخێکی لە پێشە کە لەوێدا هەندێ توخمی تایبەتی لە پێکهاتنی قەبارە و میکانیزمی ئیستراتژی بزاڤدا دەور دەگێڕن. هەڵویستی بزاڤی خوێندکاریی کوردی هەڵویستی ڕاستەقینەی خۆی وەکوو بزاڤێکی سەربەخۆ نەبووە چ ئەو کاتەی کە بەشداریکردووە و ڕەوایی سیستەمی سیاسی ساغکردوەتەوە و چ ئەو کاتەی خۆی ئیزۆلە کردوە و هەوڵیداوە بە دوورە پەرێزی ڕەوایی سیستەمی سیاسی تووشی تەنگژە و چەڵەمە بکات.

ل

بزاڤی خوێندکاریی کوردی هیچ گوتارێکی بێجگە گوتاری نەتەوەیی نیە، ئەمەش وایکردووە ئەم بزاڤە خاوەنی تیوری و ئیستراتژیەکی تایبەت و دیاریکراو نەبێت و بەردەوام وەکوو پاشکۆی تیور و ئیستراتژەکانیتر هەڵبسوڕێت و چالاکی بنوێنێ. لەم بزاڤەدا سەرەڕای قەیرانی تیوری و ئیستراتژی، قەیرانی ڕێکخستن زۆر لە بەرچاوە. کاتێک ئیستراتژێک پشت ئەستوور بە تیوریەکی تایبەت نەتوانێ بێتە ئاراوە، بێگومان ناتوانێ ڕێکخستن ساز بکات. واتە ڕێکخستن و کۆکردنەوە کاتێک دەتوانێ بەردەوام بێت و لە قەبارەی بزاڤێکدا چەقببەستێت کە چەمک و تیوریەکی تایبەت بتوانێ دالە خزەکانی خۆی سەقامگرتوو بکات و لانیکەم بە شێوەیەکی ڕێژەیی ئەم سەقامگرتووییە بپارێزێ.

بۆ نمونە بزاڤی خوێندکاری مانگی مەی ١٩٦٨ی فەرنسا پشت ئەستوور بە تیوری ڕزگاریبەخشی مارکۆزە توانی هەندێ دالی خزی خۆی وەکوو (خۆنواندن)، (ئەنتی بیروکراتیسم) و (حەزبردن) بۆ ماوەیەک سەقامگرتوو بکات و ڕەوتێکی کارناڤاڵی لە نێو بزاڤی خوێندکاریدا بهێنێتە ئاراوە. بزاڤی خوێندکاریی کوردی لە بەر ئەوەی کە خاوەنی چەمک و تیوری تایبەت نیە تەنیا لە دۆخە قەیراناوی و ڕووداوە وروژێنەرەکاندا ڕووی خۆی ئەنوێنێ و بە شێوەیەکی خۆکرد ڕێکخستنی ناهاوئاهەنگ و کاتی پێک دێنێ کە دوای تێپەڕبوونی دۆخەکە، بە تەواوی دادەمرکێ و ڕێکخستن و کۆبوونەوەکە لێک دادەپچڕێنێ. هەندێ جار ڕووداوەکان دەتوانن بۆشایی چەمک و تیوری پڕ بکەنەوە واتە ڕووداو دەتوانێ بزاڤ هەڵگیرسێن بێت بەڵام دوای ڕووداوەکە بزاڤەکە تووشی کێشەی ڕێکخستن، کۆکردنەوە، واتا بەخشین و ڕاڤە و شیکاری پێگەو دۆخی خۆی و دەورووبەری ئەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

## M

کارگێڕانی بزاڤی خوێندکاریی کوردی کێن ؟ کارگێڕانی بزاڤی خوێندکاری ئەو کەسانەن کە ئەزموونی سیاسی‌یان لە خوێندکاربوون هەبێت، واتە ئەو کەسانەی کە لە کەش و هەوای خوێندکاربووندا ئەزموونێکی سیاسی بهێننە کایەوە. کارگێڕانی بزاڤی خوێندکاریی کوردی بەدەر لە دۆخی خوێندکاری ئەزموونی سیاسی خۆیان بەڕێوە دەبەن و هاندەر و بزوێنەرەکانیان لە ئەزموونی خوێندکاریەوە هەڵناقووڵێ، هەر بۆیە ئەزموونێکی پتەو و وەبەرگر لە بزاڤی خوێندکاریی کوردیدا نەهاتووەتە گۆڕێ. زۆربەی ئەو خوێندکارانەی ئەزموونە سیاسیەکانیان لە دەرەوەی بازنەی خوێندکاریدایە، تەنانەت خۆیان تێکەڵی جووڵانەوە و هەوڵە خوێندکاریەکان ناکەن و تەنیا وەکوو چاولێگەرێک دەمێننەوە، ئەو تاقمە کە هەوڵی خوێندکاران بە ساکار و کورتە ئاست ئەبینن هیچ کات چالاکی لە شێوازێکی ئوبژکتیودا ئەزموون ناکەن و تەنیا لە خەون و خەیاڵدا خۆیان وەکوو چالاکڤانی سیاسی ئەبیننەوە. دەوری ئەم تاقمە تەنانەت لە دەوری بێ لایەنەکان زەرەرمەندترە لە بەر ئەوەی کە نە تەنیا خۆیان هیچ هەوڵێک ئاراستە ناکەن، هوڵسووڕێنەران و کارگێڕانی بزاڤی خوێندکاری لە شێوازی جۆراوجۆردا تاوانبار دەکەن.

## N

سەرقافڵەبوون و نوێنەرایەتی بزاڤی خوێندکاریی کوردی بەردەوام یەکێ لە کێشە گرنگەکانی ئەم بزاڤە بووە کە بانگەشە و لافلێدانی زۆری بۆ کراوە. سەرقافڵەبوون و ڕێبەرایەتی کردن لە سیستەمی ڕێکخراوی بزاڤە نوێکاندا زۆر جیاواز لە سەرچەشنی بزاڤە کلاسیکیەکانە کە لەوێدا کاریزمایەک دەیتوانی خۆی وەکوو نوێنەر و دەنگی راستەقینەی بزاڤێک بناسێنێ و لانیکەم بەدەر لە شێوازی کاریزمایی بە کەڵکوەرگرتن لە زنجیرەی پلەیی ڕێکخراوە، دەیتوانی ئەرک و دەوری ڕێبەرایەتی و سەرۆکایەتی بنوێنێ. بزاڤی شەبەکەیی تایبەت بە کۆمەڵگای پاش - پیشەسازی لە دەوری یەک چەق و ناوەند پێکناهێنرێ بەڵکوو لە بەرامبەر خاڵگەلێکی جیاواز و ناوەندگەلێکی وردی بەرگری پێکدەهینرێ کە هەر هەموویان ئەرکی سەرۆکایەتی و نوێنەرایەتی دەبینن. سیستەمی ئەستوونی ڕێکخراوە لێرەدا وەکوو سیستەمێکی ئاسۆییە کە هەم وەبەرگریی و پانتایی زۆرترە و هەمیش کاریگەری و توانستی بەهێزترە. کەوایە ئەوانەی خۆیان بە ئاوانگارد و سەرلقی بزاڤی خوێندکاریی کوردی ئەزانن تەنیا وردە کارگێڕانێکن کە لە نێو بزاڤێکی کۆمەڵایەتی وردکراوترو لە هەمبەر کێشەیەکی وردتردا هەڵوێست و چالاکی ئەنوێنن. بزاڤە کۆمەڵایەتییە نوێکان نە دەسپێکەریان هەیە و نە تەواوکەر، بەڵکوو تەنیا کارگێڕ و هەڵسووڕێنەریان هەیە، تەنانەت بە واتای باو و ناسراو، سەرۆک و نوێنەریان نیە، بەڵکوو لە چوارچێوەی ئەم بزاڤەدا هەر کەسێک نوێنەری خواست و ویستی خۆیەتی. ئاوانگارد تەنیا ئەو کەسەیە کە هەست بە دۆخی نوێ دەکات و بە

شێوەکی نوێ هوڵدەسووڕێ. توندڕەوی کوێرانە و دروشمی توندوتیژانە و ژێستی سەرۆکایەتی و نوێنەرایەتی هیچ کام بە پێوەری ئاوانگاردیسم ناژمێردرێن. لە چوارچێوەی بزاڤی خوێندکاریی کوردیدا کەسانێک دەبینرێن کەوا هەست دەکەن بە جیاکردنەوەی رووکەشیانەی دەنگ و رەنگی خۆیان دەتوانن جیاواز بن و مۆرکی رادیکاڵیسم، ئاوانگاردیسم یان ریپریزینتایشنیسم بە خۆیانەوە بلکێنن. بە پێی پێوەرەکانی رادیکاڵیسم، واتە رەخنەی نیگەتیڤ ئەم چەشنە لایەنانە ناتوانن رادیکاڵ بن، لە بەر ئەوەی لە پێناوی بەرزکردنەوە و پڕوپاگەندە بۆ لایەنێکی دیاریکراو رەخنە لە لایەنەکانیتر دەگرن و ئەمەش لە بازنەی رەخنەگرانەدا ناگونجێ.

سەرچاوە: زرێبار هەواڵ(ویبلاگی نووسەر) - ڕێکەوتی: ٢٤ی مارچی ٢٠٠٩

# بۆشایی پاڕادایمیک، کێشەی بزاڤی خوێندکاری

ئەمین سورخابی

لەم بابەتەدا هەوڵدەدرێت بەم پێنج پرسیارە وڵام بدرێتەوە.

- بزاڤە کۆمەڵایەتیەکان چین؟
- بزاڤی خویندکاری بەچی ئەلێن؟
- بزاڤی خوێندکاری کوردیمان هەیە یان ئەو بڕستە لەم جموجۆڵە کوردیەدا هەیە کە پێی بڵێن بزاڤ؟
- پێوەندی نێوان بزاڤی خوێندکارای ئێرانی و کوردی بەچ شێوازێکە؟
- بزاڤی خویندکاری کوردی چەند پارادایمی تێپەر کردووە؟

چەندین پێناسەی جوراوجور لە بزاڤە کۆمەڵایەتیەکان کراوە کە لێرەدا لە بەر ئەوەی نەوکەوینە بازنەی تیوریکەوە. پێم وابێ پێناسەکەی "باتامور" وەکوو پێناسەیەکە هەموو ئێلمانەکانی دەستنیشان کراو لە لایەن کۆمەڵناسە سیاسیەکانەوە لە خۆ بگرێت با تامور ئەڵێ: «بزاڤە کۆمەڵایەتیەکان هەوڵدانێکە بۆ بەرەوپێش بردن یان خود، خۆڕاگری لە بەرانبەر ئاڵ و گۆر لە کۆمەڵگایەکدا کە خۆیشی بەشێکە لەو کۆمەڵگا، کە بە نیسبت حیزبەوە کەمتر خاوەن ڕێکخستنەو هەروەها ئەندام بونیش تێیدا بەشێوازی ڕێک و پێک و خاوەن دیسیپلین نیە.»

لە کۆمەڵناسی سیاسیشدا بزاڤی خوێندکاری بەشێکە لە بزاڤە کۆمەڵایەتیەکان وەکوو دیاردەیەکی مودێڕن چاوی لێ دەکرێت لەسەر ئەو بنەمایە کەژینگەی خوێندکار واتە زانستگە دیاردەیەکی مۆدێڕنە.

چەن تایبەتمەندی بۆ بزاڤە کومەڵایەتیەکان، وەکوو هەبوونی تیوری، ڕێکخستن و بەردەوام بوون دەستنیشان کراوە، بەڵام دوای ١٩٦٨ لە فەڕانسەدا هەندێک لە کۆەمەڵناسە سیاسیەکان باسیان لە بزاڤی کومەڵایەتی نوێ کردوە کە چەند تایبەتمەندی هەیە:

١- ناکەرستەیی non-instrumental بوونیان، واتە نوێنەری بەرژەوەندی چینێکی تایبەت نین.

٢- زۆرتر رووی رەخنەیان لە کۆمەڵگایی مەدەنیە نەک دەوڵەت یانی بە شوێن گۆڕینی بیروڕای گشتیەوەن نەک گۆڕینی نەهادە حکومەتیەکان، هەروەها جەخت لەسەر کولتور، شیوازی ژیان بەشداری لە سیاستدا دەکەن نەک لەسەر دۆخی کومەلایەتی و ئابووری.

٣- لە زۆربەی کاتەکاندا لە هێراریشک خویان دەبارێزن

٤- زۆرتر لە ڕێگای ڕاگەیاندە گشتیەکانەوە داخوازیەکانیان دەخەنە روو.

ئەگەر سەرنج بدەینە سەر ئەو دوو جۆرە پێناسە لە بزاڤە کۆمەلایتیەکان و مێژووی بزاڤی خویندکاری ئێرانی و کوردیش بخەینە بەرچاو بەو ئاکامە دەگەین کە ئێمەناتوانین بە شیۆازی رەها و موتلەق بلێین بزاڤی خوێندکاری کوردی و ئێرانی لەکام بەشی کلاسیک و نوێدا خۆی ئەبینێتەوە یان بلێن ئەم جمووجۆڵە بەتەواوەتی کارەکتێرەکانی بزاڤی هەیە چۆنکە زۆر جار دەبینین کە بزاڤی خوێندکاری کوردی و تەنانەت ئیرانیش وەکوو سەردەمی پێش شورشی ٥٧ لە چوارچێوەی کلاسیکدا دەگونجێت چونکە خاوەن تیوری، رێکخستن و بەردەوامی بو بەلام هاوکات بەشێوازی هێماییین جەختیان کردوەتە سەربەشداری سیاسی و تەنیا کەرستەی خۆ دەربڕینیان ڕاگەیاندن و گۆڤارەکانیان بوە و هەروەها رەخنەیان لە کومەڵگایی مەدەنیش گرتوە کە تایبەتمەندی بزاڤی نوێی کومەلایەتین هەروەها بە پێچەوانە لەسەردەمی رێفورمخوازیدا تایبەتمەندی کلاسیک بەهێزتر بوە چونکە خاوەن رێکخستن و تیوری بوە و کەمتر لە کومەڵگایی مەدەنی رەخنەگیرا وە بەڵکو زۆرتر لە نەهادە حکومەتیەکان رەخنەیان گرتوە. ئەوبەڵگانەی سەرەوە ئەوەمان پێ دەسەلمێنێت کە بزاڤی خوێندکاری کوردی و ئێرانی بوونیان هەیە بە شێوەی رێژەیی و لە پەنای بزاڤی کومەلایەتیدا وەکوو کاتالیزۆرێک عەمەلی کردوە **بۆ پێوەندی نێوان بزاڤی خوێندکاری ئێرانی و کوردیدا دەتوانین لە دوو ئاستدا باسی لێوە بکەین:**

**یەکەم ئاستی پراتیک:** بێ گومان جیاواز لە شێوازی کارکردندا، لە بەستێنی پراتیکدا بزاڤی خوێندکاری کوردی و ئێرانی پێوەندیەکی زۆریان هەیە. هەرکاتێک کە بزاڤی خوێندکاری ئێرانی خۆی نواند بێت بزاڤی کوردیش خۆی نواندوە. بۆ نموونە پێش شۆڕشی ٥٧ بزاڤی خوێندکاری کوردی بو بە هۆی دروست بوونی ئەو رێکخراوە کە "مەلا ئاوارە" و "شەریفزادە"ی تێدا بەشدار بوون. هەروەها حیزبە چەپەکانی لێکەوتەوە. پاش ٥٧ تیش لە یادمانی حەلبچە بەم لاوە لە سالی ٦٨ و بەتایبەت لە سالانی ٧٦ بەم لاوە کە بزاڤی خوێندکاری کوردی دوبارە بەشێوازی ئۆبژێکتیوسەری هەڵداوە سەدان کۆڕ و کۆبونەوە، گۆڤار، لێکوڵینەوە و کەسایەتی و بگەر "NGO" ی لێ کەوتوەوە.

کە واتە هەرکات بوار بو دەرخستنی بزاڤی خوێندکاری ئێرانی رەخساوە بزاڤی خوێندکاری کوردیش کەوتوەتە جموجۆڵ و سەری هەڵداوە.



سەرچاوە
Serchawe

**بەڵام هەر لە پراتیکیشدا بزاڤی خوێندکاری کوردی و ئێرانی چەن جیاوازیان هەیە:**

**١- دوای شورشی ٥٧ دەسەڵات لە بزاڤی خوێندکاری ئێرانی کەڵکی ئەبزاری وەرگرتوە بۆ نموونە:** خوێندکارانی "خگ امام" وەکو بەشێک لە بزاڤی خوێندکاری هان دران بۆ گرتنی بالوێزخانەی ئەمریکا، هەروەها کەڵکیان لێ وەرگیرا بۆ بەرەوپێش بردنی پرۆژەی خەباتی کولتوری (انقلاب فرهنگی) بەڵام دوای سەقامگیر بوونی دەسەڵات، خوێندکارانی خگ امام کەوتنە پەراوێز و سیاسەتی حەزفی هەمان خوێندکاران کە کردەوەکانیان ببوبە هۆی ڕەوایی بەخشین بەدەسەڵات. ئەم نەریتە لە ٧٦ بەم لاوە کەخوێندکارانی خگ امامی وەکوو ڕێفۆرم خواز دەسەڵات کەوتە دەستیان درێژەی پێدرا بەو ڕەوتەی جاران ئەمجار خگ امامیهکان بوون کە لە بزاڤی خوێندکاری سەردەمی ریفۆرمخوازایاندا کەڵکی ئەبزاری یان لەو بزاڤە وەرئەگرت بۆ نموونە لەبەر ڕەوایی بەخشین بەدەسەڵاتی خۆیان خوێندکارانیان هاندەدات بۆ گرتنی میتینگ و خۆ پیشاندان، بەڵام لە دوایدا پشتیوانیان لە ئەوان نەدەکردوو خویانیان لێ گێل دەکردو تەنانەت دەکەوتنە بەر بۆغز و کینەی ڕێفۆرم خوازن و وەکو فاشیست لە قەڵەمیان دەدان.

بەڵام بزاڤی خوێندکاری کوردی نەکەوتوەتە بەر کەڵکی ئەبزاری دەسەڵاتەوە چۆنکە ئەم بزاڤە ئێلمانەکانی پتەوترە لەوەیە کە کەڵکی ئەبزاری لێ وەربگیردرێت لە هەمان کاتیشدا ئەم بزاڤە هێشتا لەحاڵی پراکسیس دایە و ئۆبژێکتیو نەبوەتەوە هەرکاتێکیش ئۆبژێکتیو بوبێتەوە خۆی بوە بەدەسەڵاتێکی عەیینی یان زێهنی وەکو پێکهاتنی ڕەوتە چەپەکان لەسەردەمی شورشی ٥٧دا.

دوای ٥٧ تیش هیچکاتێک نەبوە بەکەرستەی دەسەڵاتێک، بۆی هەیە لەگەڵ دەسەڵاتگەلێکی زەیینی هاوتا بێت بەڵام نەک بەشێوە ڕێکخستن و تەشکیلاتی بەو هۆیە نەبوە بەکەرستە.

٢- بە هۆی تێکەڵاو بوونی بزاڤی خوێندکاری ئیرانی لەگەڵ دەسەڵات ئەم بزاڤە لە پشتیوانی ماڵی، فیکری و ڕێکخستنێکی باش کەڵکی وەر گرتوە بەڵام بزاڤی خوێنداری کوردی لە ڕێکخستن و ئابوریدا لاواز بوە و ئەمەش زۆرجار بوە بە هۆی کیشە و دووبەرەکی لە نێوان خوێندکاران کورددا.

**بەستێنی تیوری:** لەم بەشەدا ئاماژە بە چەند پارادایم دەکرێت کە تا ئێستا بە سەر بزاڤی خوێندکاری کوردیدا زاڵ بوە. مەبەستیش لە پارادایم ئۆلگو، یان گوتاری زاڵە بەسەر گوتار گەل و تیوری سەردەم دا.

**١- پارادایمی سوسیالیزم:** پێش شۆرشی ٥٧ بزاڤی خوێندکاری کوردی لە پارادایمی سوسیالیزم پێڕەوی ئەکرد کە هاوکات بزاڤی خوێندکاری ئێرانیش هەر لەم پارادایمە پێرەوی ئەکرد. هەموو لایەنەکان پارادایمی سوسیالیزمیان بەرزگاریدەر (رهایی بخش) دەزانی لەو سەردەمەدا سوسیالیزم لە پێش و پاش نێوی هەموو گرووپ و لایەنە کوردستانیەکاندا خۆی چەسپاندبو بەو هۆیە کەهەمووان لەسەر ئەو ڕابوون کە سوسیالیزم تەنیا رێگەرزگاریدەرەو کێشەی نەتەوەیش چارەسەرنەکات. تەنانەت تیوریسیەنە ئیسلامیەکان وەکوو عەلی شەریعەتی نەی دەتوانی خۆی

**١- پارادایمی سوسیالیزم:** پێش شۆرشی ٥٧ بزاڤی خوێندکاری کوردی لە پارادایمی سوسیالیزم پێڕەوی ئەکرد کە هاوکات بزاڤی خوێندکاری ئێرانیش هەر لەم پارادایمە پێرەوی ئەکرد. هەموو لایەنەکان پارادایمی سوسیالیزمیان بەرزگاریدەر (رهایی بخش) دەزانی لەو سەردەمەدا سوسیالیزم لە پێش و پاش نێوی هەموو گرووپ و لایەنە کوردستانیەکاندا خۆی چەسپاندبو بەو هۆیە کەهەمووان لەسەر ئەو ڕابوون کە سوسیالیزم تەنیا رێگەرزگاریدەرەو کێشەی نەتەوەیش چارەسەرنەکات. تەنانەت تیوریسیەنە ئیسلامیەکان وەکوو عەلی شەریعەتی نەی دەتوانی خۆی لە سوسیالیزم لا بدات لە تیوریە رزگاریدەرەکەی دا لە هەموو هێما سوسیالیزمەکان کەڵکی وەرئەگرت. کەواتە سوسیالیزم نەک بۆ کورد بەڵکو بۆ هەمووان وەکو پاڕادایمی رزگاریدەر دەناسرا.

**٢- پاڕادایمی ئوتۆنومی خوازی و سوسیال دیموکراسی:** هەر چەن پشتگیری کردن لەم پارادایمە لە بواری پراتیکدا نەگونجاوە بەڵام بەهۆی درێژەی بزاڤ دوای ئەم خوڵە دەکرێت بەم پارادایمە قەناعت بکەین هەروەها لەم سەردەمەدا کە سالەکانی ٦٠ تا ٧٦ە لەباری سیاسیەوە رێگە بەهیچ بزاڤێک نەدەدرا سەر هەڵبدات و خوێندکاری کوردیش سەرەڕایی کەم بوونی دەکەوتە بەرچاودێری و گوشارێکی زۆرەوە بەڵام لە قسەوباس و هەندێک نوسراوەی ئەو سەردەمەدا وا دردەکەوێت ئەم پارادایمە زاڵ بوە ئەمەش لەکاتێکدایە کە پارادایمی زاڵ بەسەر خویندکاری ئێرانیدا بیری ئیسلامی و کولتوری شەرو جیهاد بوە.

**٣- پارادایمی کولتوری، کوردستانی گەورە:** ئەم پارادایمە هاوکات بو لەگەڵ چالاکیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە و هەروەها سالآنێک بو کە پێی دەڵێن رێفۆرم خوازی واتە ساڵی ٧٦ بەم لاوە تا ٨٤ کەفەزای سیاسی لەئێراندا رووی لەکراوە بوون دەکرد لەم سەردەمەدا بزاڤی خوێندکاری کوردی هەوڵی دەدا بۆ یەکخستنی چوار پارچەی کوردستان و باسیان لەچوار پارچەی کوردستان ئەکرد ئەمەش لە گوڤار و کۆبونەوەکانی ئەوکاتە دەردەکەوێت. ئەمە لەحاڵێکدا بو کە پارادایمی ئۆتۆنومەخوازی و سوسیال دیموکراسی کەوتبوە پەراوێزەوە هەرچەن ئەمە بەومەعنایە نیە کە بیری کوردستانی گەورە بۆ خوێندکاری کورد باسێکی تازە بێت بەڵام هیچ کاتێک وەکو ئەو سەردەمە لە بەستێنی پراتیکدا

لەپەلەی یەكەمدا نەبو، نەببو بە پارادایمێك بۆ رزگاریو ئەمە لە حالێكدا بو كە گوتاری زاڵ بە سەر بزاڤی خویندكاری ئێرانی رێفۆرم خوازی رەخنە لە دەسەڵاتی زاڵ بو.

٤- بۆ شایی پارادیمی: دوای سەقامگیر بوون و دەسەڵاتداریەتی كورد لە عێراق و هەروەها هەڵبژاردنی فیدڕالیسم وەكو پارادایمی رزگاری و دەرباز بوون، هەروەها پاشگەز بوونەوەی پارتی كرێكارانی كوردستانی توركیا لە دروشمی كوردستانی گەورە و هەڵبژاردنی دروشمی توركیەی دمكراتیك و كوردستانی ئازاد هەروەها هەڵبژاردنی دروشمی فیدرالیسم لەلایەن رەوتە تازە بو ژێندراوەكانی دەرەوە، پارادایمی كوردستانی گەورە كەوتوەتە پەراوێزەوە هەر چەند ئەوە بەو واتایە نیە كە لەلای خوێندكاری كورد كوردستانی گەورە برەوی نەماوە بەڵكو وەكوو پارادایمی رزگاریدەر چاوی لێ ناكرێت.

ئەمڕۆ بزاڤی خوێندكاری كوردی توشی بۆشایی پارادایمیک بووە لەو گوڤار و ماڵپەرو نوسراوانەدا كە ئەمڕۆ لەلایەن خوێندكارانی كوردەوە دەرئەچێت جۆرێك لە ئاڵۆزی و رنگەنەیی ستراتژیك دەبینرێت.

بزاڤی خویندكاری ئێرانیش تووشی ئەم ئاڵۆزیە بوە بو وێنە هەندێك دەیانەوێت لەگەڵ دەسەڵاتدا هاوكاری بكەن، هەندێكیتر دژایەتی دەكەن و بەرەیی دیموكراسی خوازی دادەمەرزێنن هەندێكیتریش باسی كایەی سیاسی لەگەڵ دەسەڵاتی رەهادا دەكەن بەڵام وا پێ دەچێت گوتاری مافی مرۆڤ بتوانێت لە بزاڤی خوێندكاری ئێرانیدا سەربكەوێت هەروەها بە لە بەرچاو گرتنی هەموو هۆكارو لایەنە كاریگەرەكان لەسەر بزاڤی خوێندكاری كوردی و تەحلیل موحتەوای نوسراوە و مالپەرە كوردیە خویندكاریەكان واپێ دەچێت پارادایمی فیدرالیسم ئەم بۆشاییە پڕ بكا.

ڕێكەوتی: ٢ی جوولای ٢٠٠٧

## ئاماژە:

بەشداریم لە بەڵگەفیلمێکی کوردکاناڵ سەبارەت بە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی، لەگەڵ بەڕێزان ئەحمەد نستانی، د. سمایل بازیار، ڕەحمان سەلیمی، پژمان قوبادی و زانیار حوسەینی. سپاس بۆ هاوڕێیانی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بەتایبەتی شەهێن خانم بایەزیدی، هەروەها سپاس بۆ هاوڕێیانی ماندوویی نەناسی کوردکاناڵ.

------------------------------------------------------------

جگە لەو خاڵانەی لەم بەڵگە فیلمەدا بەتەسەلی باسم کردووە، لەبەر نەبوونی کات بەشێک لە قسەکانم سەبارەت بە پاسیوبوونی بزووتنەوەی خوێندکاری سەراسەری و بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی مەجالی بڵاوبوونەوەی نەبوو بۆیە لێرە دایدەنێم:

ئەوەی ئەمڕۆ چ ڕووی داوە و بۆچی ئەم دوو بزووتنەوەیە تووشی قەیران و بنبەست بوون، بە باوەڕی من دەگەڕێتەوە سەر چەند هۆکارێک کە زۆر بە کورتی و بە تیژی بەسەریاندا تێدەپەڕم و ئاماژەیان پێدەکەم:

- یەکەم شت کە زۆر گرینگە و دەبێ ئاوڕی لێ بدەینەوە پرسی تاکە، واتە دەوری تاک لە جەریاناتی سیاسیدا. دیارە نەک بە واتای کاریزماییەکەی، بەڵکوو بە مانا ڕووناکبیرییەکەی. لەو سەردەمدا بزووتنەوەی خوێندکاری وامداری هێندێک سیمایە کە دواتر لە سەر هاوکێشە سیاسی و فەرهەنگی و تیۆریکییەکانی نێو ئەحزابی سیاسی شوێندانەر دەبن، یانی تا ئەو ئاستە ئەو شوێندانەرییە دەچێتە پێش کە لە سیماڕا یانی لە کەسایەتی، لە تاکڕا دێنە ئاستی ڕووناکبیری. بە چ مانا؟ بەو مانایەی کە دوو کارکردی داهێنەری و شوێندانەری لەو سیمایانەدا دەبیندرێ. یانی کەسایەتییەکی سیاسی، کەسایەتییەکی کە لە قالبی ڕێکخراوە و حیزبدا کار دەکا، ئەو ئاستە دەبڕێ بەرەو ئاستی ڕووناکبیری کە هەم داهێنەرە و هەم لە کۆمەڵگەدا شوێندانەرە.

ئەگەر بمەوێ ئاماژە بە ناوەکانی ئەو سەردەمە بکەم بۆ وێنە دەبێ ئاماژە بە مەسعوود ئەحمەدزادە، بیژەن جەزەنی، ئەمیرپەرویز پوویان، عەباس مێفتاحی و... بکرێ کە ئەوانە هەموویان بە تەئسیروەرگرتن لە بیر و باوەڕی چەپی ئەو سەردەمە بە تایبەتی «ڕۆژێ دۆبرۆی» کە بە قەولێک دەتوانین بڵێین مامۆستای تیۆریکی چێگواراش بوو، لەو سەردەمدا دێنن لە خەڵوەتی تاکەکەسی خۆیاندا پرۆسەی داهێنان وەک یەکەم ئەرکی ڕووناکبیری دێننە گۆڕێ.



سەرچاوە
Serchawe

بۆ وێنە مەسعوود ئەحمەدزادە کتێبی «مبارزە مسلحانە، هم استراتژی هم تاکتیک» دەنووسێ، بیژەنی جەزەنی «پێشەنگیی شۆڕش و ڕێبەریی گەل» دەنووسێ، ئەمیر پەرویزی پوویان «ضرورت مبارزە مسلحانە» و «تئوری رد بقا» دەنووسێ. ئەوانە هەموویان بە تەئسیروەرگرتن لە بیری چەپی ئەو سەردەم دێنە گۆڕێ، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە لە خەڵوەتی تاکەکەسیدا بە شێوەیەکی داهێنەرانە دێنن ئەو بەرهەمانە دەخوڵقێنن و دواجار قۆناغی دووهەمی پڕۆسەی ڕووناکبیری کە شوێندانەرییە لەسەر ڕێکخراوە و ئەحزابە سیاسییەکان و دواجار گیانیشیان لە سەر ئەو ڕێبازە دادەنێن و شوێندانەریی خویان لە سەر کۆمەڵگە تا هەنووکەش دادەنێن.

**بەڵام لەم سەردەمەدا ئێمە ئەو سیمایانەمان نییە، ئێمە ئەو ئاستی ڕووناکبیرییەمان نییە، چ لە سەتحی ئێراندا و چ لە ئاستی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردیدا.**

- هەموومان ئاگادارین کە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئەو سەردەمی لەگەڵ ئێستا جیاوازییەکەی یەکجار زۆرە. یانی ئەگەر تۆ ژینگەی سیاسی ئەو سەردەمی لەگەڵ ئێستا پێک بگری هەردووکیان سیستمێکی دیکتاتۆڕن بەڵام لانیکەمەکەی ئەوە بوو کە لە سیستمی ئەو سەردەمدا دادگایەک لە گۆڕێدا بوو، لانیکەم گوێبیستنێک لە گۆڕێدا بوو، بەڵام لەو سەردەمەدا بە پێی ئەوەی زەختەکان بۆ سەر خەڵک، بۆ سەر چینی خوێندکار ئەوەندە بەرز بۆتەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە جۆرێک پاشەکشە و پاشگەز بوونەوەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستان بە تایبەتی و بە گشتی لە سەراسەری ئێراندا بەدی بکەین.

- ئەگەر بزووتنەوە وەک گوتارێکی گشتی سەیر بکەین، دەتوانین بزووتنەوەی خوێندکاری وەک گوتارێکی تایبەت پێناسە بکەین و لە کۆتاجاردا دەتوانین لە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی وەک گوتارێکی تایبەتتر باسی لێوە بکەین، دەبینین کە لە هەرسێک لەو قۆناغانەدا بەرەبەرە بازنەی چالاکییەکان سنووردارتر و سنووردارتر دەبێ. واتە ئێمە لە بزووتنەوەی سەراسەریڕا دێینە سەر بزووتنەوەی خوێندکاری، لە بزووتنەوەی خوێندکاریڕا دێینە سەر بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی و ئەوە هەمان سنووردارتر کردنەوەی ڕادەی بەردەنگ یان با بڵێین گوتارە، لە گوتاری گشتیڕا دەڕۆین بەرەو گوتاری تایبەت و لە گوتاری تایبەتڕا دێین بەرەو گوتاری تایبەتیتر. کەوابوو لە نەفسی خۆیدا ئەو جۆرە بزووتنەوانە بە پێی ماهییەتەکەی خۆیان گوتارێکن بە بەردەنگی تایبەت بە خۆیانەوە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر جەوهەری خودی ئەو جۆرە بزووتنەوانە.

- هەرچەند بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی ئەو شانسەی هەبووە و هەیە کە پەیوەندییەکی ئەم ئەوێتی و ڕاستەوخۆی لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی هەبێ و بتوانێ هەم شوێندانەر و شوێنوەرگر بێ، بەڵام ئێستا بە پێی ئەو دۆخەی کە بزووتنەوەی نەتەوەییش تێیدا قەتیس ماوە و بەداخەوە ئەو جۆرەی کە دەبێ چالاک نییە لە ئاستی وڵات و لە ئاستی

کوردستاندا، کەوابوو ئەوەش بۆخۆی بووە بە هۆکارێک بۆ ئەوەی دووقات ئەوەندەی دیکە ئەم بزووتنەوەیە، بزووتنەوەیەک بێ کە گەیشتبێتە ئاستی قەیران.

**هێربێرت مارکووزە ڕستەیەکی جوانی هەیە دەڵێ:** بزووتنەوەی خوێندکاری زیاتر هۆکارێکە بۆ گەشەونەشەی بزووتنەوەی نەتەوەیی. جا من دەمەوێ لەم ڕوانگەیەوە سەیری ئەو ڕستەیە بکەین کە بە هەرحاڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی و بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی پەیوەندییەکی دوولایانەیان هەیە کە وەک باسم کرد بەداخەوە ئێستا ئەم پەیوەندییە هەم لە لایەن بزووتنەوەی نەتەوەیی و هەم لە لایەن بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی، دەکرێ بڵێین زۆر لە کزی و نزمی داوە.

- لە سەردەمێکدا زانکۆ زۆر کەم بوون لە ئێران، بۆیە زۆربەی هەرەزۆری خوێندکارەکان ڕوویان دەکردە تاران و تەورێز وەک دوو گەورەشار کە لە باری سیاسییەوە بەتایبەتی تاران زۆر ئاوانگارد بوو و لەم زانکۆیانە خوێندکارەکانی شارەکانی دیکە یەکتریان دەگرتەوە، مەبەستم ئەوەیە کە زانکۆ ببوو بە شوێنێک بۆ کۆبوونەوە و لەو شوێنەدا ئەوانە یەکتریان دەدیتەوە و لێرەدابوو کە بیروبۆچوونەکان ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات.

بۆ وێنە ئەوان سەردەمان خوێندکارێک کە لە شاری مەهابادەوە بەرەو تاران دەبێ وەک شەهید سمایلی شەریفزادە، وەک زۆر خوێندکاری دیکە کە دەچنە ئەم گەورەشارانە و ئەو دۆخە دەبینن ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. هەر وەک ئیشارەم پێکرد بە دەستەواژەکەی هانتینگتۆن واتە کەلێن، کاتێ کەلێنە جۆربەجۆرەکانیان دەدی، دواجار کە دەگەڕانەوە بەرەو وڵاتەکەی خۆیان هەوڵیان دەدا کە لە ڕوانگەی ئەو شکافەوە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، بە شێوەیەکی ئارمانخوازانە قەرەبووی ئەو کەلێنانە بکەنەوە.

بەڵام لەو سەردەمەی ئێستادا بە پێی ئەوە کە زانکۆ لە هەموو کوێرەدێیەکی ئێستای ئێران ئەویش بەبێ کارناسی دانراوە [ زانکۆی سەراسەری، زانکۆی ئازاد، زانکۆی پەیامی نوور، زانکۆی جامعی عیلمی کاربوردی و زۆر زانکۆی کەرتی تایبەتیش...] دەبینین کە خوێندکار لە چوارچێوەی جوغرافیای ژیانی شوێنی خۆی ناچێتە دەر، یانی خوێندکارێک کە قەرار وابوو لە تەمەنی ١٨ و ١٩دا هەستێ بڕوا بۆ شارێکی دیکە و لەوێ هەست بەم جیاوازییانە بکا، نایبینێ و لە سنوورێکی زۆر بەرتەسکی جوغرافیایی ژیانی خۆیدا قەتیس دەمێنێ و دواجار ئەو ئاڵوگۆڕەی کە دەبێ بەسەر بیروبۆچوونیدا بێ، ئەو دگردیسی سیاسییەی دەبێ پێکبێ، نایەتە دی.

- هەوڵێکی جیددی و بەبەرنامە هەیە بۆ دەستەمۆ کردنی خوێندکار. لەوەتی کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەر کار، بە تایبەتی لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا هەولێک هەیە بۆ سڕینەوەی چەمکی سیاسەت لە گشت کۆمەڵگا بە تایبەتی لە زانکۆکان.



سەرچاوە
Serchawe

ئێمە ئەگەر سەیری قسەکانی ڕێبەری ئەم وڵاتە دەکەین بەردەوام لە قسەکانیدا هەوڵی ئەوە دەدا کە زانکۆ نابێ ببێتە شوێنی مشتومڕی سیاسی، کەچی لە تەواوی دنیادا ئەوە زانکۆکانن کە دەبنە شوێنی مشتومڕی سیاسی و گۆڕینی بیروڕای جیاوازی سیاسی. شۆڕشی بە قەولی خۆیان فەرهەنگی لە زانکۆکان، سازکردنی هەندێ ڕێکخراوەی چاوەدێری خوێندکاران وەک ئەنجومەنی ئیسلامی لە سەرەتای شۆڕش و دواتر جامعەی ئیسلامی لە زانکۆکان هەموو ئەوانە بۆ ئەوەن کە کۆنترۆڵێکی بەردەوام و زیاتر بە سەر خوێندکاراندا هەبێ و لەم هێڵە سوورانەی بۆیان دیاری کردوون نەترازێن.

- ئەگەر لەبیرمان بێ لە ساڵانی ٦٧ و ٦٨ی زایینی، چینی گەنج و خوێندکاری کۆمەڵگای ئێمە وەک زۆر شوێنی دی کەوتبووە ژێر تەئسیری بیری چەپ و ئامانجی لابردنی ستەمی چینایەتی و نەتەوایەتی بوو. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەو بیرە شکڵی گرتبوو، بۆ وێنە لە جوغرافیای زۆر جیاواز، مەسەلەن لە تورکیە دێنیز گەزمیشمان هەبوو، لە کوردستان سمایل شەریفزادەمان هەبوو، لە باکووری ئێران مەسعوودی ئەحمەدزادەمان هەیە، هەمووی ئەوانە بە شوێنوەرگرتن لە بیرۆکەی چەپ لە حەولی ئەوەدان کە بە شێوەیەکی ئارمانخوازانە ستەمی چینایەتی بە تایبەتی و لە لایەن ئێمەوە وەک نەتەوەی کورد ستەمی نەتەوایەتیش لاببەن. ئەوان لە باری سیاسییەوە زیاتر کەوتبوونە ژێر تەئسیری بیر و بۆچوونەکانی کتێبی «شۆڕش لە شۆڕش»ی ڕۆژێ دۆبرۆ، بیردۆزی فەڕەنسی کە شاگردی لوویی ئاڵتۆسیری مارکسیست بوو و لە باری خەباتی چەکدارییەوە کەوتبوونە ژێر تەئسیری چێگوارەوە. ئەمڕۆ ئێمە، لەسەر ساحەی سیاسی کوردستان، نە لە بواری سیاسییەوە ڕۆژ دۆبرۆیەکمان هەیە کە کتێبێکی پیرۆزی وەک شۆڕش لە شۆڕشمان بۆ بنووسێ -قەیرانی فکری- و نە لە بواری خەباتی چەکدارییەوە چێگوارایەکمان هەیە - قەیرانی ڕێکخراوەیی- واتە لە هەموو ساحەکانی خەباتی چەکداری و خەباتی سیاسیدا ئێمە کەلێنمان هەیە.

- نەبوونی پاشخانێکی هزری و تیۆریک، بۆتە پاژنەی ئاشیلی ئەم بزووتنەوەیە، بۆیە هەندێ جار لەبری ئەم پاشخانە، هەندێ دەربڕینی ڕووکەشیانەی ئاوێتەی هەست و سۆز دەبینی کە بە هیچ کلۆجێک لە ئاستی بزووتنەوەدا نییە!

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بانەمەڕی ٢٧٢٥ی کوردی = مای ٢٠٢٥ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ هەموو نووسەران  بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، بابەت و دیمانەکان .

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe